352)Dersim 1937-1938 Yarım Yüzyıl Sonra», Nokta [dergisi], İstanbul, no 25 (28-6-1987), s 12-23
353)»Dersim'de Devlet Baskısı Pervasızlaşıyor, Halk Buna Karşı Direniyor», Yeni Demokrasi [dergisi], Ağustos 1989, s 32-33
354)Dersimî, Haydarê; «Di Deyîrê (Lawikê) Dersimî», Hêvî (kovara çandiya giştî), Paris, no 6 (Tebax 1987), r 116-118
355)Dervîşyan, "Elî Eşref; «Bey», Fariskî ra tadayox Malmîsanij, Hêvî (kovara çandiya giştî), Paris, no 6 (Tebax 1987), r 95-103356)
Dewran, Hasan; Tausend Winde-Ein Sturm, Berlin, Editions Orient, 1988
357)Dilêr, Azad; Ez Çizviz Nêzana, Bonn, Weşanên Enstîtuya Kurdî Şaxê Almanî, 1987
358)Dilêr, Azad; «Mi ra Qahrîyaya», Armanc, Stockholm, no 75 (Çileyê pêşî 1987), r 9
359)Dîneweri, Ebû Henîfe; Ensabu'l-Ekrad

360)Düzgün, Mustafa; « Dimilî kî Zonê Ma wo», Kurdistan Press, Stockholm, no 71 (27-04-1989), r 9
361)Dûzgûn, M.; «Torey ve Adetê Dersîmî», Berhem (kovara lêkolînên civakî û çandî), Stockholm, no 1 (Sibat 1988), r 34-40; no 2 (Gulan 1988), r 18-27; no 3 (Îlon 1988), r 48-50; no 4 (Sibat 1989), r 18-19; no 6 (Cotmeh 1989), r 33-35; no 8 (Gulan 1990), r 34-39
362)»Dûmûlî», «Donbolî», Ferhengê Cografyayê Îran, [Tehran ?], Êntişaratê Daîreyê Cografyayê Stadê Erteş, Çapxaneyê Erteş, 1330, cild 4 (Ostanê 3. û 4. Azerbaycan-Abadîha), s 219, 225
363)'Ebdurrezaq Begê Necef Qulî Xan [Meftûn], Riyazu'l-Cennet [Tarîxê Denabîle], [destnuşte, Kutubxaneyê Şahî yê Tehranî di]
364)Ehmed, Dr. Kemal Mezher; Mêjû, Kurtebasêkî Zanistî Mêjû w Kurd û Mêjû, Bexdad, 1983, r 131-132
365)'Elîşan, Mihê; «Di Fiqrey», Armanc, Stockholm, no 72 (Gulan 1987), r 5
366)'Elîşan, Mihê; «Mi Soz Daw Ombazo», Kurdistan Press, Stockholm, no 71 (27-04-1989), r 8
367)Ellinci Yılında Dersim Ayaklanması, TKSP Yayınları, 1987
368)Espar, J.; «Erol Sever'in Döktüğü İnciler üzerine», Kurdistan Press, Stockholm, no 62 (23-02-1989), r 11; no 63 (02-03-1989), r 11
369)»Ferhenga Zazakî-Tirkî», Roja Nû (kovara hunerî, çandî û edebî), Stockholm, no 18 [61], Îlon 1987, r 30
370)Firat, «Welat», Hêvî (kovara çandiya giştî), Paris, no 6 (Tebax 1987), r 119
371)Gaetano Solanelli; «Sull Armenia e sulle sue provincie appartenenti alla Turchia», in Bolletino consolare, vol. XVIII, fasc. III, 1882, Roma, Ministero degli Affari Esteri, pp. 56
372)Galetti, Mirella; Kurd û Kurdistan Le Nûsrawekanî Îtalî da (Le sedey 13.-19.'da), Wergêrranî Le Îtalîyewe Casim Tofîq, Piyaçûnewey Selah Rêbwar, Stockholm, 1987, r 82, 117
373)Gewranî, "Elî Seydo; el-Qamûs el-Hedîs/Ferhenga Kurdî Nûjen (Kurdî-"Erebî), "Emman (Urdun), 1985, s 652
374)Gökalp, Ziya; Kürt Aşiretleri Hakkında Sosyolojik İncelemeler, Ankara, Koma-lYayınları, 1975, s 48-52, 59
375)Gülensoy, Tuncer; Doğu Anadolu Osmanlıcası, Etimolojik Bir Sözlük Denemesi, Ankara, Türk Kültürünü Araştırma Enstitüsü Yayınları, 1986
376)»Gulê», Roja welat (rojnameya siyasî û çandî ya 15 rojî), no 2 (30 Çirîya pêşîn 1977), r 15
377)Hallı, Em. Kur. Alb. Reşat; «Şeyh Sait Ayaklanması ve Bastırılması», Berhem (kovara lêkolînên civakî û çandî), Stockholm, no 1 (Şubat 1988), s 6-18
378)Hallı, Em. Kur. Alb. Reşat; Türkiye Cumhuriyeti'nde Ayaklanmalar (19-04-1938), Genel Kurmay Harp Tarihi Başkanlığı Yayınları

379)»Jurnalcılık Güçsüzlüğün İfadesidir», İşçi Köylü Kurtuluşu, no 77 (Şubat 1987), s 6
380)Justi, ûber die Kurdischen Spiranten, s 21
381)Karabekir, Kazım; İstiklal Harbimiz, s 134
382)Karsov, A.; Zametki o Kurdax, Tiflis, 1896
383)Kaya, H.; «Şerê Ke Wertê Bra û Waû de Biqedenîme, Neqênî û û Zalim ra Dust Dest Pê Keme», Roja Welat (rojnameya siyasî û çandî ya 15 rojî), Ankara, no 11 (9 Çirîya paşîn 1978), r 7-6
384)Khorsid, Hama Fuad; Det Kurdiska Språket och dess dialekters geografiska spridning, s 23
385)»Kilmo», Roja Welat (rojnameya siyasî û çandî ya 15 rojî), Ankara, no 12 (15 Çeleyê pêşîn 1978), r 15
386)Kızıl Yol [dergisi], Bobign (Fransa), no 2 (1984), no 3 (1984), no 4 (1985), no 5 (1986)
387)»Kulturtidskriften Piya», Invandrartidningen På Lätt Svenska, Stockholm, no 23 (18-8-1988), r 3
388)»Lawka Usê Seydalî», Roja Welat (rojnameya siyasî û çandî ya 15 rojî), Ankara, no 2 (30 Çirîya pêşîn 977), r 15
389)Le Coq, A. V.; «Ebi Zazakî Hîkaya Dunya Guzelî», Kurmancî ra tadayox "Umerê "Elî, Hêvî (kovara çandiya giştî), Paris, no 6 (Tebax 1987), r 104-108
390)Lerch, Peter Îvanovîç, «Çend Tekstê Dimilkî (Zazakî)», Hêvî (kovara çandiya giştî), Paris, no 6 (Tebax 1987), r 69-79
391)Loockwood, W. B.; A Panaroma of Indo European Languages, London, Hutchinson University Library, first published, 1972, s 243-244
392)Mackenzie, David N.; «The Role of The Kurdish Language in Etnicity», in (Peter Alford Andrevs), Ethnic Groups in The Republic of Turkey, Wiesbaden, Dr. Ludwig Reichert Verlag, 1989, s 541-542
393)Malmîsanij, «Bazı Yörelerde Dımılı ve Kurmanci Lehçelerinin Köylere Göre Dağılımı», Berhem (kovara lêkolînên civakî û çandî), Stockholm, no 2 (Gulan 1988), r 8-17; no 3 (Îlon 1988), r 62-67; no 4 (Sibat 1989), r 53-56
394)Malmîsanij, «Çend Zewtî û Du'ayê Ma», Berhem (kovara lêkolînên civakî û çandî), Stockholm, no 7 (Çileyê pêşîn 1990), r 23-30
395)Malmîsanij, «Dımıli-Kürtçe Tartışması», İkibine Doğru (haftalık haber, yorum dergisi), İstanbul, no 45 (1-7 Kasım 1987), s 4
396)Malmîsanij, «Di Şaîrî», Hêvî (kovara çandiya giştî), Paris, no 6 (Tebax 1987), r 112-115
397)Malmîsanij, «Du Şaîrên Dunbulî», Armanc, Stockholm, no 72 (Gulan 1987), r 4
398)Malmîsanij, Herakleîtos, Uppsala, Weşanên Jîna Nû, 1988
399)Malmîsanij, «Herakleîtos», «Zera Mi», Kurdistan Press, Stockholm, no 77 (17-11-1989), r 10

400)Malmîsanij, «Pawitiş», «Peşmiriyayîş», «Herakleîtos»; Armanc, Stockholm, no 79 (Nîsan 1988), r 10
401)Malmîsanij, «Peşmiriyayîş», Kurdistan Press, Stockholm, no 71 (27-04-1989), r 9
402)Malmîsanij, «Vatey Verînan», Berhem (kovara lêkolînên civakî û çandî), Stockholm, no 8 (Gulann 1990), r 51-59
403)Malmîsanij, «Waşta», «Namê Mi Gune», «Herakleîtos»; Armanc, Stockholm, no 78 (Adar 1988), r 10
404)Malmîsanij, «Zaravên Me û Zimanê Nivisandî», Berbang, Stockholm, no 5 (1982), r 12-14
405)Malmisanlı, Mehmet; «Osmanlı Döneminde Kürtçe Eserler üzerine», Tarih ve Toplum (aylık ansiklopedik dergi), İstanbul, no 54 (Haziran 1988), s 59, 61; no 55 (Temmuz 1988), s 59
406)Mamekiz, «Hemedê», «Derê Laçî», Kurdistan Press, Stockholm, no 71 (27-04-1989), r 9
407)Mezher, Dr. Kemal [Dr. Kemal Mezher Ehmed]; Çend Lapereyek Le Mêjûy Gelî Kurd, beşî yekem, Bexdad, Çapxaney el-Edîbu'l Bexdadîyye, 1985, r 275
408)Minorski, Kurd, St. Petersbourg, 1915
409)Mîran, Reşad; «Etnografya w Çend Serincêk Derbarey Hendê Layenî Etnîkî Netewey Kurd», Peyv (govarêkî werzîy roşinbîrî giştî ye), salî duwem, no 5-6 (Oktoberî 1987), r 695-698
410)Muhemmed, Mesud; Lîsanu'l-Kurd, 1986, s 6, 29
411)Mustefa, Şukur; «Berkutê Le Ser Zarî Zazayî», Roşinbîrî Nwê (govarêkî werzî ye bo lêkolînewe) (Dezgay Roşinbîrî Bilawkirdnewey Kurdî derî dekat), Bexdad, no 115 (Eylûlî 1987), r 200-211
412)Mustefa, Şukur; «Ferhengî Dimilkî-Tirkî», Hawkarî (rojnameyekî heftane ye), Bexdad, no 902 (13-8-1987), r 6, 11
413)»Notices sur la littérature moeurs et coutumes Kurdes La Langue Kurde», Hawar (revue Kurde), Damascus (Şam), no 2 (1-6-1932), p. 9
-Hawar (kovara Kurdî), Stockholm, Weşanxana Hawar, 1987
414)Nûrî, Xalê; «Pêkenînek Bi Dimilî Sofî Lawo», Mîrkut (kovara her tiştî ye, ji bo herkesî ye), Uppsala, no 3 (1987), s 22
415)Okçuoğlu, Ahmet Zeki; «Zazaların Kökeni», İkibine Doğru (haftalık haber, yorum dergisi), İstanbul, no 36 (2-5 Eylül 1987), s 54
416)Papazyan, E. D.; «Serçaweyekî Nwê Derbarey Mêjûy Gelî Kurd», Govarî Korrî Zanyarî Ermenîstanî Sovyêt, jimare 8 (1967)
417)Parmaksızoğlu, İsmet; Tarih Boyunca Kürttürkleri ve Türkmenler, Ankara, Türk Kültürünü Araştırma Enstitüsü Yayınları, 1983, s 43, 44

418)Piran, M.; «Ebubekir Pamukçu'nun Ahlak Dersleri Dolayısıyla», Kurdistan Press, Stockholm, no 55 (05-01-1989), r 11
419)Piran, Mehmet; «Maskesi Düşen Ebubekir Pamukçu», Kurdistan Press, Stockholm, no 74 (27-06-1989)
420)Pîran, M.; «Na Xumxum a», Kurdistan Press, Stockholm, no 71 (27-04-1989), r 8
421)Qûrtî, Xwezan; «Tiştek Xemnak Bi Zimanê Dujmin», Kurdistan Press (rojnameya 15 rojîn), Stockolm, no 31 (17-02-1988), r 11
422)el-Razî [Zazî?], Emîn Ehmed; Heft İqlîm
423)»Roze Roza Dest Pêkerden a», Dengê Komkar, Frankfurt, no 24 (Çileyê pêşîn 1980), r 3
424)Rustem Xanê Ehmed Xanê Dunbulî, Îşaretu'l-Edyan (destnuşte, Kutubxaney Enstîtuyê Matînedaran ê Ermenîstanê Sovyetî di, qismê "Erebkî di, no 622)
425)Rustem Xanê Ehmed Xanê Dunbulî, Îşaretu'l-Mezahîb (destnuşte, Kutubxaney Enstîtuyê Matînedaran ê Ermenîstanê Sovyetî di, qismê "Erebkî di, no 622)
426)Sabelov (Cabolov), Ruslan Lazareviç; «Zamecanija o vokalizma zaza», Iranskoejazykoznanie Ejegodnik, Moskova, Nauka, 1981, pp. 65-70
427)Serhad, Zerwes; «üç Soru», Kürdistan Press, Stockolm, no 60 (09-02-1989), s 11
428)Sêwrekij, Laser; «Çi rê Kurdkî Nênusenê?», Armanc, Stockholm, no 78 (Adar 1988), r 10
429)Sêwrekij, Laser; «Destê Jû Kurdî çi rê Şikiya?», Armanc, Stockholm, no 79 (Nîsan 1988), r 10
430)Sêwrekij, Laser; «Heme Ca di Aysel», Armanc, Stockholm, no 77 (Sibat 1988), r 10
431)Sêwrekij, Laser; «Taktîko Newe», Armanc, Stockholm, no 77 (Sibat 1988), r 10
432)Sêwrekij, Laser; «Zûrkero Gird Kam o?», Armanc, Stockholm, no 76 (Çileyê Paşîn 1988), r 10
433)Skagermark, Pia; «Världens enda tidskrift på dimlî måste läggas ner», DN Runt Stan (Skärholmen), 16-12-1987, s 25
434)Smîrnova, Êreyîde Enatolîvna û Eyûbî, Kerîmî; «Derbarey Diyalêktekanî Zimanî Kurdî», Çend Witarêkî Kurdnasî, Enwer Qadir Mihemed Le Rûsîyewe kirdûye be Kurdî, Stockholm, Le Bilawkirawekanî Komelî Hunerî Kurdî Le Swêd, 1989, r 15-26
435)Svanberg, Ingvar; Invandrare från Turkiet etnisk och sociokulturell variaton, Uppsala, Centre For Multiethnic Research, Uppsala University, Faculty of Ars, 1985, s 30
436)Dr. Şıvan, Kürt Millet Hareketleri ve Irak'ta Kürdistan İhtilali, Stockholm, s 50-51, 89-100
437)Şoreş, Dêrsim; «Dedkêna», Dengê Komkar, Frankfurt, no 116 (15-05-1989), s 22
438)»Tidskrift på dimlî måste läggas ner», På Lätt Svenska (invandrartidningen), Stockholm, no 3 (28-01-1988), s 2

439)Tolstoy, L.; «Dendika Erûgi», Tadayox A. Diljen, Berbang, Stockholm, no 50 (11-05-1988), r 20
440)Türk İstiklal Harbi, cilt IV, Ankara, T. C. Genelkurmay Başkanlığı Yayınları, no 1, s 259-281 (Koçgiri Ayaklanması)
441)»Tunceli Göçe Zorlanıyor», İkibine Doğru (haftalık haber ve yorum dergisi), İstanbul, 15-21 Şubat 1987, s 8-16
442)Usxan, «Dersim ra», Armanc, Stockholm, no 78 (Adar 1988), r 10
443)Usxan, «Finik, Mor, Leyîrê Pisînge», Armanc, Stockolm, no 79 (Nîsan 1988), s 10
444)Usxan, «Zorunlu Bir Açıklama», Kürdistan Press, Stockolm, no 60 (09-02-1989), s 11
445)Uzun, Mehmed; «Çima Dimilî?», Kürdistan Press, Stockolm, no 71 (27-04-1989), s 8
446)Uzun, Mehmed; «Nivîskarên Kurd-5 Malmîsanij», Kurdistan Press, Stockholm, no 77 (17-11-1989), r 10
447)Uzun, Mehmed; «Nivîskarên Kurd-6 Koyo Berz», Kurdistan Press, Stockholm, no 77 (17-11-1989), r 11
448)Windfuhr, Gernot; «A Mini-Grammar of Zaza», 1976 (unpublished)
449)Xamoyan, M. U.; «K İstorîî İzûçenîya Zaza», Voprosî Frazeologîî, Stîlîstîkî î Grammatiçeskogo Stroya Vostaçnix Yazikov, Semerqend, 1972
450)»Yakala ve Пldür Emri», İkibine Doğru (haftalık haber ve yorum dergisi), İstanbul, no 47 (15-21 Kasım 1987), s 8-18
451)Yalçın, Hüseyin Cahit; Siyasal Anılar, İstanbul, Türkiye İş Bankası Kültür Yayınları, 1976, s 151
452)»Yew Deyîra Destnuşta Hesreta Wetenî», Hêvî (kovara çandiya giştî), Paris, no 6 (Tebax 1987), r 120
453)»Zazaca Dil Dergisi», İkibine Doğru (haftalık haber ve yorum dergisi), İstanbul, no 36 (2-5 Eylül 1987), s 52-53
454)Zılfi, Lawikê Pir Sultanj, Berlin 1988

EMIR CELADET BEDIR HAN
&
ROGER LESCOT

# KÜRTÇE GRAMERİ

(Kurmanci Lehçesi)

INSTITUT KURDE DE PARIS

—

1990

Celadet Bedir Han
Roger Lescot

KÜRTÇE GRAMERİ

INSTITUT KURDE DE PARIS

—

1990

EMIR DJELADET BEDIR KHAN
et
ROGER LESCOT

# GRAMMAIRE KURDE

(Dialecte kurmandji)

*Ouvrage honoré d'une subvention du Centre National de la Recherche Scientifique*

LIBRAIRIE D'AMÉRIQUE ET D'ORIENT
ADRIEN MAISONNEUVE
11, rue Saint-Sulpice, Paris (6e)

—

1970

www.arsivakurdi.org

Ereb Şemo

ŞIVANÊ KURD
LE BERGER KURDE

Di *Şivanê kurd* de Ereb Şemo, bi awayekî gelek xwezayî û sade, û ne bê şiir, bûyerên her roj, jiyana eşîrên kurdên koçer bi me dide nasîn. Mirov ewê nikaribe van nivîsaran bê heyecan û bê eleqe bixwîne, nemaze ji ber ku êdî îro ev orf û adetên sedsalan di piraniya Kurdistanê de li ber windabûnê ne.

Dans *le Berger kurde*, Ereb Chémo, avec beaucoup de naturel et de simplicité et non sans poésie, nous fait connaître, dans les détails de tous les jours, la vie au grand air des tribus nomades. On ne lira pas ces récits sans émotion ni non plus sans intérêt, d'autant plus que ces coutumes séculaires ont pratiquement disparu dans la majeure partie du Kurdistan.

INSTITUT KURDE DE PARIS

85 FF
ISBN 2-908416-01-8

Şivanê kurd le Berger kurde

EREB ŞEMO

INSTITUT KURDE DE PARIS

Ereb Şemo

ŞIVANÊ KURD
LE BERGER KURDE



kurdî-fransizî
kurde-français

INSTITUT KURDE DE PARIS
1989

www.arsivakurd.org

# چاپەمەنییە تازەکانی ئەنستیتو

**«شڤانێ کورد » (بە زمانی فەرەنسی و کوردی)**
"شڤانێ کورد" ناونیشانی رۆمانێکە لە نووسینی رۆمان نووسی کوردی سۆڤیەت [ئەرەب شەمۆ] کە لە کۆتایی ساڵی ۱۹۹۰ دا وێرای کورتە رۆمانێکی دیکەی هەمان نووسەر بەناونیشانی " کوردێن ئەلەگزێ" بە هەردوو زمانی کوردی و فەرەنسی، لە ۳۲۵ لاپەرەدا، لە یەک بەرگی رازاوەدا، لە لایەن ئەنستیتووی کوردەوە – لە پاریس چاپ و بلاو کراوەتەوە. ئەم دوو تێکستە لە لایەن کوردناسی فەرەنسی بازیل نیکیتین وەرگێردراوەتە سەر زمانی فەرەنسی، کـە ئەویش پشتی بە وەرگێرانە رووسییەکە بەستوە کە لە ساڵی ۱۹۳۵ لە شاری تفلیس بلاو کرابووە.

**«کوردستان : کۆلۆنی نێودەوڵەتان»**
ئەم کتێبە، یەکێکە لە کتێبە هەرە بایەخدارەکانی رووناکبیری تورک، سۆسیۆلۆگ "ئیسماییل بێشکچی" کە بە زمانی تورکی لەبارەی کێشەی کورد و داگیرکرانی کوردستان لە لایەن دەوڵەتانەوە نووسیویەتی. ئەم کتێبە لە ۳۵۵ لاپەرەی قەبارە گەورەدا، لە لایەن ئەنستیتووی کوردە ـ لە پاریس لە زستانی ساڵی ۱۹۹۰ چاپ و بلاو کراوەتەوە.

**«مـەم و زیـن» ی خانی.**
ئامادە کردن و پەراوێزنووسینی مامۆستا هەژار. ئەم کتێبە بریتییە لە تێکستی مەم و زین ، بە هەردوو شێوە کوردییەکە، واتە تێکستە کرمانجییەکەی ئەحمەدی خانی و موکریانییەکەی مامۆستا هەژار. مامۆستا هەژار پەراوێزی بۆ نووسیوە و بێشەکییەکی درێژی لەگەڵ بلاو کردۆتەوە. ئەم کتێبە لە ۳۷۰ لاپەرەی قەبارە گەورەدا لە ساڵی ۱۹۸۹ لەلایەن ئەنستیتووی کورد بلاو کراوەتەوە.

**«جاڕیی گەردوونیی مافی مرۆڤ»**. ئەم نامیلکەیە بە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، فەرەنسی، تورکی، عارەبی، لە ۹۷ لاپەرە، ئەمساڵ لە لایەن ئەنستیتووی کوردەوە بلاو کراوەتەوە. کاک کەنداڵ نەزان پێشەکییەکی بۆ ئەم نامیلکەیە نوسیوە.

گۆڤاری **«ستودیا کوردیکا»**، ژمارە ۱ – ۵. ئەم گۆڤارە بریتییە لە یازدە وتار و بابەتی جوراوجۆری بەنرخ ، بە زمانی فەرەنسی لەبارەی زمان و کولتوور و مێژوو ی کورد، لە ۱۹۳ لاپەرە پێکهاتووە.

**«زمانی کوردی: سووک و هاسان»**. مامۆستا کامەران بەدرخان ئەم کتێبەی، کە بریتییە لە چەند وانەیەکی رێزمانی کوردی، لە بنچینە دا لە ساڵی ۱۹٦۵ بۆ قوتابیانی فەرەنسی نوسیوە. ئەنستیتووی کورد ئەم کتێبەی لە ۲۰٦ لاپەرە دا چاپ و بلاو کردۆتەوە.

www.arsivakurd.org

# زەنگی گومان

فەرهاد شاکەلی

کە شێوەت، بەربەیانێ، لەم مەرزوبوومە هەڵدێ
ئەم بەردەلانە، وەک ئاوێنە، ڕۆژگارێ
دەست دەکاتە جریوە.
لە پەردەی پەنهانی دڵدارییەوە
گەوهەرێ دەترووسکێ،
خوێنی ساردەوەبووم دێنێتە سەما.
ئەمە چ ئەوینێکە وەکوو تیخ
دڵی وەرزە گریاوەکان دەپێکێ ؟!
ئەمە چ دڵدانەوەییێکە
کە ناوی وێرانەی دەروونم ناهێنێ ؟!

ئای لە سامی ئەم شەوەی نابڕێتەوە،
هەر زایەڵەی زەنگی گومانە
لە ئەشکەوتی بناری تەنهاییشدا
دەگاتە گوێم.

سۆلێنتوونا، ١٩٨٧/١٢/٢٤



www.arsivakurdi.org

هەر ئەبوایە لە ئاوی رەشت بدایە
یان ئەبوایە وەکوو بنچک گرمۆڵە بی
وەک ماری سەر پەپکە بخۆی
حیلەی ئەسپت
باپڕژنی مافری «خەج» ت
وەکوو سەرت
لە ناو قەڵای ئەژدەهاکدا بەند کردایە
ئەی چیت ئەکرد؟

* * *

لەبەر چاوت کەلەبچەیان کردە بازووی هەور و هەتاو
ئاویان خنکان
پەنجەی شنە بایان قرتان
لەبەر دەمتا گۆشاوگۆ شیعریان سەر بڕی
ریشی «مەولەوی» یان سووتان
من بۆ ئەوەی کۆت نەکرێتە پێی درەخت و، گوڵەگەنم
لە بار کێڵگە و زەوی نەچێ...
من بۆ ئەوەی جۆگە نەبێ بە کۆیلە و باران نەمرێ و
گیا پێ بگرێ
خۆم لەناو تۆدا توانەوە و گەیشتمە لات
ئەی ئەوینی شاخ و داخ و عەشقی فەرهاد
هەر ئەبوایە من بێمە لات!

ستۆکهۆڵم، مارتی ١٩٨٨

هەر ئەبووایە سەری ئەو عەشقە هەڵگری
تۆ ئەوسەرە هی خۆت نەبوو
هەر ئەبوایە بچیتەوە هەواری گوڵ و خۆڵەمێش
هەر ئەو هەوارە هی تۆ بوو.
هەر ئەبوایە بەو ژیلەمۆی عەشقەی خەزاڵ
داپلۆخایە پێستی ڕۆژگاری تەمەنت و، هەڵقرچایە
ئەوینی ناو دۆزخیساڵ
هەر ئەبوایە،
بۆ سێهەم جار،
کفنەکەت لەبەرکەیتەوە.
گلۆڵەی ژان لەسەر تەشی چیاکانت هەڵکەیتەوە.
وەکوو شەهید چاو ببڕیتە:
گزنگی خوێن
گورج بیتەوە
قیت بیتەوە
لاو بیتەوە،
کاژی هەرەس فڕێ دەیت و بەدەم لاوکی سەوزەوە
بڕۆیتەوە لای گاشە بەرد، لای بەردە قارەمانەکان،
لای « داس» ی دەس زەرد و ماهی دەربەندەکان
وا ئەبوایە وەکوو شەختە ئەوین ئەیبەست،
سترانەکانت لاڵ ئەبوون
کچی حەیران، سوارەی لاوک، بە ئێجگاری
دەست بەرداری ماڵی وشە و ژانت ئەبوون،
ئەی ئەوساکە تۆ چیت ئەکرد؟
لەبەر دەمتا و لە پاشکۆتا کێت هەڵ ئەگرت،
چیت هەڵ ئەگرت؟
چ هۆیەک ئەیانکردی بە میوانی
«سیامەند» و کام (خەج) چاوی نێرگزی خۆی
ئەدا لەبەرۆکی خەمت؟
لە گەڵ وشەی قوربانیتا چۆن ڕووبەڕوو ئەبوویتەوە؟
مەچەکی بڕاوی «خانی» ت بۆ کوێ ئەبرد؟
لەکام گۆڕستانی شیعرا ئەتشاردنەوە؟
هەر ئەبوایە بیی بە گڵە و بە گەرداو،
هەر ئەبوایە مۆتەکەی ترس دەستەمۆ کەیت

خۆشەویستیت دارستان بوو، تەماشات چڕ، ئازارەکانت دارەوان،
وەک سموورە بەسەر قەدی گرێ گرێی ، ڕەش و سپی،
شەو و ڕۆژتا هەڵ ئەگەڕان، ماندوو نەبوویت، خۆت ڕێگە بوویت،
نەخشە نەبوو بتگرێتە چوارچێوەی خۆی، تۆ خۆت نەخشەو،
خۆت چوارچێوە و، ئەودیو ئەودیوی چوار چێوە بوویت،

* * *

لەو دەمەدا
بالآت باڵەبانی خوا بوو
ناتی بە لێوی کێوەوە
بە فووی زریان و ڕەشەبا ، گڕ گرتیتی و بووی بە ئاواز
بووی بە لەنجە، بووی بە سەما
داربەڕۆکان پەنجەی خوا بوون
ڕەوەزەکان کەللەسەر و شانی خوا بوون
کە ئەیژەنیت:
دەمێ ئەبوویتە شەپۆل و باڵت ئەگرت
دەمێ ئەبوویتە باران و خوڕ دات ئەکرد،
دەمێکی تر ئەبووی بە زاری ئەشکەوت و وەک «هەزارمێرد»
لە دوێنێوە بەرەو ئێستە
بانگی هەزار هەزار ساڵت ئەکرد.
تۆ ئەو دەمە ئەسپی قەترانیی سەرکێش و جڵەوبەر بووی
(لاس)ی ویڵی دوای (خەزاڵ)ی مانگەشەو بووی.
خەزاڵ گیرخواردووی ناوتەمی قوڵڵەی قاف بوو
دێوی سپی و دێوی ڕەش و درنجەکان، ئەویان بەقەفی
سمێڵ و، کۆتی بسک و، قرژاڵی چنگ بەستبۆوە
یارەکەی تۆ
وەک با و بۆران
ئەیزریکان
وەکوو هەور
ئەیقریشکان
ئەو تاقگەی زیندانیی بوو، پرشنگی دیل،
هەوای کۆت و پێوەند کراو، قوربانی بوو.

* * *

# تاڤگەی زیندانی

شێرکۆ بێکەس

وەک چۆن ئەستێرە ئەکشێ: کەوانەیی، تاج پڕشنگدار،
چاو ئاگرین، گەردن زیوین، تیژ وەک عەشق،
کوت و پڕیش وەک مەرگەسات
تۆیش بەو جۆرە لەشەوێکی مانگ کوژراودا
لەشەوێکی بەژن وباڵا هەڵقرچاو دا
لە وڵاتی خۆڵەمێش ولەژێر قوببەی مێژوویەکی
بریندار و زەمینێکی کوت کراودا
ئاوا کشایت
زەرد، زەرد، کشایت
ئاڵ، ئاڵ، پژایت
وەکوو بەفراو لەکاوانی ئەوینەوە، بەرەو دامێن چۆڕایتەوە
ملی کەژ و هەردی بڕاو، مەچەکی بەرد، پلووسکت بوون
وردە وردە بویتە ڕووبار، وەکوو خوێنت سوورهەڵگەڕایت
کڵپە لەتۆی ئەخواردەوە، خۆشەویستیت ئەستێرکێکی بەخشندە بوو،
لێی ئەڕژا، خۆشەویستیت، گەڵا گەڵا، سەوز هەڵگەڕا،

بەڕێوەبەری ناوخۆیی، و کادر و کاربەدەستانی حزبەوە نوێنەرایەتی لێکرا، بەعسییەکان لە ڕێگای دەوڵەتەوە دەستەڵات و ئامرازی چەوسانەوەی خۆیان چەسپاند.

لە ڕاستیدا ئەم پرۆژانە، درێژەپێدانی هەمان پلان و بەرنامەی سیاسەتی چەوسانەوە بوون کە حزبی بەعس دووسال بەر لەهاتنە سەرحوکم دایڕشتبوون، واتە لە سالی ١٩٦١دا. سالی ١٩٦٢ دوای سەرنەگرتنی یەکیەتی سوریا و میسر، یەکەم هەنگاو بەرەو پێکهێنانی "پشتێنەی عەرەبی" نرا. ئەو پشتێنەی کە ناوچەیەکی پانوبەرینی دەگرتەوە بەدرێژایی ٣٢٠ کیلۆمەتر و بە پانایی ٣٠ کیلۆمەتر. ئامانجی سەرەکی پێکهێنانیشی لەناوبردنی هەموو چەشنە پەیوەندییەک لە نێوان کوردی سوریا و کوردی پارچەکانی تری کوردستان بوو. لە ئەنجامی بەجێهێنانی پرۆژەیەکی تر کە بە پلانی "سەرژمێری نائاسایی" ناسراوە و تەنها بۆ ناوچە کوردنشینەکان بوو، ١٥٠ هەزار کورد بە هاووڵاتی ناسوری، واتە بێگانە، لە قەڵەم دران. دەوڵەتی سوری لە سالەکانی حەفتادا لەژێر ناوی " گوندە نوێ سازەکان"دا پرۆژەیەکی تری داڕشت. مەبەستی ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لە گواستنەوەی چەند خێڵێکی کورد بۆ دەرەوەی ناوچە کورد نشینەکان و لە جێگایان خێڵە عەرەبەکانی باشوری وولات نیشتەجێ بکات.

بیری گشت ئەم پرۆژانە لە لێکۆڵینەوەیەک وەرگیرابوو کە لەلایەن عەقید محەمەد تالب هیلال، کە لە سالی ١٩٦٢ پۆلیسی سیاسی بوو لە ناوچە کوردنشینەکان، ئامادە کرابوو. ئەم لێکۆڵنەوەیە لەژێر ناوی *لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ناوچەی جزیرە لە ڕوانگەی نەتەوایەتی و کۆمەلایەتی و سیاسی*، لەلایەن چاپەمەنی حزبی بەعسەوە لەسالی ١٩٦٣دا چاپکرا. لەسایەی ئەم کتێبە، نووسەر، پاش ماوەیەکی کەم بوو بە وەزیری باربوو.

دوامین بەشی ئەم گوتارە تەرخان دەکەین بە ئاوڕدانەوەیەک لە هەڵوێستی دەوڵەتی بەعس بەرامبەر بە کورد لەم دە سالەی دواییدا. لە سالی هەشتاوە، باروبۆخی کوردەکانی سوریا گۆڕانێکی زۆری بەسەرداهات، کە تەنها پەیوەندی بە باروبۆخی ناوخۆی سوریا نەبوو بەڵکو لە هەمان کاتدا بە گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەو دەورەی کە سوریا لە ناوچەکەدا بینی.

چۆن دەتوانین لێکیبدەینەوە کە دەوڵەتی سوری لەکاتێکدا گشت مافێکی لە کوردەکانی خۆی داگیر کردووە، ببێتە بنکەی پەنابردن بۆ ڕێکخراوە کوردییەکانی عێراق و تورکیا؟

بێگومان "پارسەنگی ناودەوڵەتان" هۆیەکی سەرەکی ئەم دیاردەیە. شەڕی نێوان ئێران و عێراق، باروبۆخی پڕ مەترسی لوبنان، دژایەتی و بەربەرەکانی دوو دەوڵەتی بەعسی عیراق و سوری لەسەر بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لە ناوچەکەدا، هێمی ئەو ئالوگۆڕە پێکدێنن. هەڵبەت نابێ هۆکارە مێژووییەکانیش لە بیر بکرێن، هەروەک کێشەی سنووری نێوان سوریا و تورکیا کە لە سەردەمی حوکمی ئینتدابییەوە هەتا ئیمڕۆ لە ئارادایە.

## له دامەزراندنی دەوڵەتی سوریاوە تا کۆتایی ئینتدابی فەرەنسی

هاوپەیمانەکان بە چەند ڕێککەوتننامەیەک، ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان لەناو خۆدا دابەش کرد. بەپێی پەیمانی "سایکس - پیکۆ" و کۆنفرانسی "سان - ڕۆمۆ" سوریا دەکەوێتە ژێر ئینتدابی فەرەنسی و عێراق، فەلەستینیش ژێر ئینتدابی ئینگلیزی. دوابەدوای ئەم دابەش کردنانەیە کە کیشەی کورد لە سوریا خۆی دەنوێنێ. پێشتر کوردستانی سوریا بەشێک لە کوردستانی عوسمانی پێکدەهێنا. سوریا وڵاتێکە کە لە کەمایەتیی جۆراوجۆر پێکهاتووە و هەرگیز یەکیەتییەکی نەتەوەیی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە. ئەم کەمایەتیانەش یان مەزهەبین confessionnel (دروز، عەلەوی، چەرکەس و مەسیحی...) یاخۆد ئەتنیکین (کورد، ئەرمەن، عەرەب...)

لە سەردەمی ماندای فەرەنسی بوو کە سوریا ئاشنایی لەگەڵ بیری ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی پەیداکرد. ئەو دەوڵەتەی کە تێدا کەمایەتیەکان زیاتر هەست بە بەستنەوە بە کۆمەڵگەی communaute خۆیان دەکەن لەوەی بۆ نەتەوەیەکی سوری. دەسەڵاتی ئینتدابی زانی چۆن سوود لە باری بوونی کەمایەتی لە وڵات وەربگرێت، بۆ خۆچەسپاندن و پارچەکردنی هەموو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێک کە بۆی هەبێت لەبەر دەسەڵاتی بوەستێت. بەم جۆرە، سیاسەتی ناسراو بە «بەشکردن بۆمەبەستی حوکم کردن»یان گرتە دەست. هەر لەسەر ئەم بنەڕەتە سوریایان دابەش بە چوار یەکێتی سیاسی entites politiques کرد و چوار دەوڵەتیان تێدا دروست کرد: دەوڵەتی حەلەب (لەگەڵ ڕژێمێکی تایبەتی بۆ سەنجاق و ئەسکەندەرونە)، دەوڵەتی شام، دەوڵەتی دروز و دەوڵەتی عەلەوییەکان. لەم ناوەدا، تەنها کورد بوو کە بەهەمان شێوەی کۆمەڵگەکانی تر کەمایەتییەکی پێکدەهێنا، وێڕای ژمارەی دانیشتوانی و تایبەتمەندێتی سنووری و بناسی نەتەوایەتی، هیچ جۆرە قەوارەیەکی Status بۆ دیارنەکرا. ئایا کورد ئامادە نەبوو دەوڵەتێک وەکو کەمایەتییەکانی تر بۆخۆی پێکبهێنێت؟ پێویستە بەبیر بهێنرێتەوە کە لە ساڵی ١٩٣٧دا دانیشتوانی جزیرە ڕاپەڕینێکیان دژی دەسەڵاتی مەرکەزی دیمەشق سازکرد. داواکاری جزیرە ڕاپەڕیوەکان ئەوە بوون کە قەوارەیەک بۆ ناوچەکەیان لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە بەشێوەیەکی ڕەسمی، وەکو ئەمەی بە سنجاق و ئەسکەندەرونە بەخشرا، بێتە ناسین و مافی کەمایەتییان بۆجێبەجێبکرێت. شایانی باسە کە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە ئەم جووڵانەوەیان بە «شۆڕشی جزیرە» ناودەبرد.

لەساڵەکانی ١٩٣٠دا بوو کە هەستی نەتەوایەتی کوردی لە سوریادا دەست بە پتەوبوون دەکات و دەبێتە قۆناغێکی دیاریکراو و بنەڕەت بۆ بەرەوپێشەوەچوونی باری سیاسیی کوردەکانی سوریا. چەندین ڕێکخراوی سیاسی و کۆمیتە و دەستەی ڕۆشنبیری پێک هات و بڵاوکراوەی کوردی سەری هەڵهێنا، کە لەمیانیان گۆڤاری بەناوبانگ «هاوار» لەساڵی ١٩٣٢ەوە کەوتە دەست خوێنەری کورد و هەروەها بڵاوکراوەی تر کە تا کۆتایی دەسەڵاتی فەرەنسی لەساڵی ١٩٤٦دا هەر چاپ دەکران.

ساڵی ١٩٤٦، ئەو ساڵە بوو کە دەسەڵاتی ئینتدابی دەست لەبەر داواکارییەکانی

دانشتوانان دەهێنێتە خوارەوە، کە پێش هەموو شتێک رەخنەی بەجێهێنانی حوکمی ئینتدابی لێدەگیردرا. بەهۆی پراتیکەکانی ئەم حوکمە، هەستی نەتەوایەتی "سوری" لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە دروستکراوە، رۆژ بە رۆژ خۆی پتەوتر دەکرد. لە رۆژی ١٧ی نیسانی ١٩٤٦دا بە دەرچونی فەرەنسی لە سوریا، حوکمی ئینتدابی کۆتایی پێهات و قۆناغێکی تازە لە مێژووی ئەم وڵاتە دەستپێیکرد.

## قۆناغی رژێمی پارلەمانی : ١٩٤٦-١٩٦٣

دوای دەرچوونی فەرەنسییەکان، سوریا تووشی قەیرانێکی سیاسی بەردەوام بوو: نەریتییەکان و نوێخوازەکان بەرامبەر یەک کەوتنە بەربەرەکانی دژی یەکتر. نەریتییەکان خاوەن دەستەڵات بوون و ئامادە نەبوون بەهیچ شێوەیەک واز لە بەرژەوەندی خۆیان بهێنن. ئەم قەیرانە سیاسییەی کە سوریا تووشی دەبێت، ئاکامێکی میکانیزمی ئەو دیمۆکراسیە دەستکردە بوو کە لە حوکمی ئینتیدابییەوە بە میرات مابۆوە. ئەو دیمۆکراسییەی کە بە زەحمەت لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا جێگیردەبێ.

لەگەڵ ئەمەش، ئەم ماوەیە لە مێژووی سوریادا جێگای شایانە و پێویستی هەیە زیاتر لێیکۆڵدرێتەوە: لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٤٦ ـ ١٩٦٣ دا، رژێمێکی پەرلەمانی حوکمی سوریای گرتە دەست و سیستەمێکی هەڵبژاردن و دەنگدان لە سەر بناغەی نوێنەرایەتی کەمایەتییەکان دامەزرا. لە ساڵی ١٩٥٧دا، کۆمەڵێک رۆشنبیری کوردی سوریا و چەند سەرکردەیەکی کوردی کوردستانی تورکیا، کە پەناهەندەی سوریا بوون، حزبێکی نوێخوازی کوردییان دامەزراند.

لەگەڵ ئەمەشدا ناتەبایی و بەربەرەکانی نوێخوازەکان و نەریتیەکان هەتا ساڵی ١٩٦٣ هەر درێژەی هەبوو.

## قۆناغی رژێمی بەعسی : ١٩٦٣ تا ئیمرۆ

بەلام، کاتی لە ساڵی ١٩٦٣، پارتی بەعس، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە عەلەوییەکان پێکهاتبوو، هاتە سەر حوکم، رژێمێکی زۆردەستخوازی دامەزراند. بناغە سەرەکییەکانی ئەم رژێمە بریتی بوون لە هێزی سوپایی و دامودەزگاکانی راگەیاندن. بەعسیەکان بۆ مانەوە لەسەر حوکم چەند پرۆژەیەکی بەربلاویان بەمەبەستی گۆرینی بچمی کۆمەڵەی سوری گرتە دەست. بەئامانجی دروستکردنی بنکەی "گەلی" چەندین رێکخراوی جۆراوجۆری کۆمەلایەتی و پیشەییان، لەسەر بناغەی بنەماڵە دامەزراند، وەکو یەکیەتی ئافرەتان، لاوانی شۆرش... یا لەسەر بناغەی کۆرپۆراسیۆن کە هەموو کۆمەڵ تێیدا نوێنەرایەتی لێدەکرێت وەکو یەکیەتی جوتیاران، یەکیەتی سەندیکای کرێکاران، یەکیەتی قوتابییان، یەکیەتی نووسەران...

لەگەڵ دامەزراندنی سیستەمێکی ئیداری تازە، کە لەلایەن پارێزگار، وەکو

# دامەزراندنی دەوڵەتی سوری و کێشەی کورد لە سوریا

نووسینی: ڕێنـــاس

وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە: خانی شەرەفکەندی

مەبەستی سەرەکیمان لە بلاوکردنەوەی ئەم وتارە، بریتییە لە پێشکەشکردنی هێڵە گشتییەکانی لێکۆڵینەوەیەک کە ئێستا لە ئارادایە، دەربارەی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا لە چوارچێوەی مێژووی هەڵکشانی سیاسی ئەم دەوڵەتە. لەم ڕووەوە دەتوانین مێژووی سوریا بە سەر سێ قۆناغی سەرەکی دابەشبکەین: یەکەمیان لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە دەستپێدەکات تا کۆتایی ئینتیدابی فەرەنسی. دووەمیان، قۆناغی کۆماری پەرلەمانی دەگرێتەوە کە لەگەڵ دەرچوونی فەرەنسییەکان لە ساڵی ١٩٤٦ دەسپێدەکات تا بەدەستهێنانی دەسەلات لەلایەن پارتی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا، کە تا ئیمڕۆ دەستتیشانی قۆناغی سێهەم، لە مێژووی سیاسی سوریادا دەکات.

## بەبیرهێنانەوەیەکی مێژوویی

لەو کاتەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەن ڕۆژاواییەکان وەکو «پیاوە نەخۆشەکە» لە قەڵەم دەدرا، تێکشکانی ڕۆژ بە ڕۆژ ئاشکراتر دەبوو. ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجامی خواستی ئەو گەلانەی، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان پێکهێنابوو، بۆ ڕزگاربوون لەژێر دەسەلاتی مەرکەزی. ئەم ڕاستییە بیانوویەک بوو لە دەست هێزە ڕۆژاواییەکان بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی خۆیان لەم ناوچەیە و بەجێهێنانی سیاسەتی ناسراو بە «کاپیتولاسیۆن». هەر ئەمانیش بوون کە بێ ڕەچاوکردنی خواستی میللەتانی ناوچەکە، لەدوای تێکشکانی دەوڵەتی عوسمانیسنووری تازەیان دیاری کرد. بەم کارە، هێزە ڕۆژاواییەکان کێشەی ئاڵۆزی نوێیان خستە سەر کێشە کۆنەکان. بەم جۆرە، ئیمڕۆ گەلێکی وەکو گەلی عەرەب لەلایەن زیاتر لە بیست دەوڵەت نوێنەرایەتی لێدەکرێت، لەکاتێکدا گەلی کوردیش کە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە، لە مافی هەبوونی یەک دەوڵەتیش بێبەشکراوە.

پەشت دا باسی دووهەمین مانگی زستانێ دەکات و بە (بەهمەن) ناوی دەبا کە بە کوردی واتە مانگی زۆر بارینی بەفر و (رنوو - رنو) ی بەفر لە کوێستانان سازبوون سەبارەت بەم سێ مانگە، یا باشتر بڵێم مانگەکانی زستان، ئەزمەریکی ئەوتۆم نییە، بەڵام دیارە ئەگەر ناوەکان کوردی بان چاکتر دەبوو.

سەبارەت بەناوی مانگەکانی ئاڤێستا، ئەمن ناڵێم هەر دەبوو لەوان کەڵک وەرگرن و بەس ، نەخێر ئەوانیش زادەی سەردەم و کات و چاخێکی تایبەتین کە هەزاران ساڵیان بە سەرا چووە، بەڵام دەبێ دیاردە بۆ ئەم راستییە بکەم کە لەم سەدساڵەی دواییدا، فارسەکان لەئێمەی کورد مودریک تر و لەباری فەرهەنگی و ئەدەبیەوە لە پێشتر بوون و زۆربەی هەرە زۆری کەلتوور و فەرهەنگی کۆنی گەلانی ئێرانیان بە ناوی فەهلەوییات و پەهلەوییات و یان زەردوشتییات و چی و چی تر داوەتە پاڵ فەرهەنگی خۆیان و فەرهەنگ و کولتووری خۆیانیان پێ دەوڵەمەند کردووە و هیچ کاتیش وەرووی خۆیان ناهێنن کە کوردیش لەم فەرهەنگەدا بەشدارە و تەنانەت رەنگە خاوەنی سەرەکی بەشێکی هەرە زۆری فەرهەنگ و ئەدەبی پێش ئیسلام لە ئێراندا بێ. مەبەست ئەوەیە کەئێمەش لە ئاڤێستا و کتێبە کۆنەکان و شوێنەواری پێش ئیسلام وەک خاوەن ماڵێک کەڵک وەرگرین و بەشی خۆمان هەڵاوێرین، دەنا هەر ئەوەمان بەسەر دێ کە فیردەوسی بەسەر زۆربەی داستان و بەیتە کۆنەکانی کوردی هێناوە، یان وەک وەحیدی دەستگوردی چی بە سەر شێعر و هەڵبەستەکانی بابەتاهیر هێنا، کە هەمووی گۆڕین و وشەی کوردی لێ سڕینەوە. جابۆ ئێمەش لە کولتووری کۆنی پێش ئیسلامەمان کەڵک وەرنەگرین و لە ناوەکانی ئاڤێستایی ئیستیفادە نەکەین؟

کرماشان، ۱۲/٦/ ٦٦
۸۷/۹/۳

کەوانی تیر
تشتری رازاوەی
ئاوات لەسینگان
شاراوە
(تیر یەشت، هۆرەی ۲)

دەستەی پێکهێنەری ناوەکان ئەم ناوەی بۆ مانگی ئەوەڵی پایز داناوە:
(۲) - گەلاویژ، بەفارسی پێی دەڵێن (مرداد) لە ئاڤێستادا باسی هەیە، بەڵام یەشتی تایبەتی نییە، لە (۱۵) ی ئەم مانگەدا تەشقی عەرز و ئاسمان دەشکێ، لەسەر ئەم باوەڕەم کە ( گەلاویژ) تەنانەت لەناوی ئاڤێستایەکەشی جوانترە.
(۳) - شاریڤەر "SARIVER" کە بە فارسی بۆتە ( شهریور) لە ئاڤێستادا باسی هەیە، بەڵام یەشتی تایبەتی نییە.

سێ مانگی پایزی:
(۱) - مێهر کە بەفارسی پێی دەڵێن (مهر]. ئەمە ناوێکی زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆسەر دەمی رۆژپەرستی و میترایەتی کوردەکان و لە کوردستاندا چەند پەرستگە و میهر ئاوایی، مێهر هەیە، وەک مێهر ئاوایی کۆنی هاترادا (الحفر) لە نیزیک موسڵێ، میهر ئاوی بوغازکۆی لە کوردستانی تورکیە. ئەم وشەیە پاشان بۆتە مێحراب و هاتۆتە ناو زمان و فەرهەنگی عەرەبەوە .
کاتی خۆی زەردوشت کە دەستەڵات بەدەستەوە دەگرێ لە گەڵ میهرپەرستی بەربەرەکانی دەکا، بەڵام دەرەوەستی نایە و ناچار ستایشی دەکات و یەشتێکی تایبەتی بۆ ستایشی مێهر لە ئاڤێستادا هەیە:
ئەی مێهر
راپەڕە بنواڕە
گڕی بڵێسەی ئاوری گۆڕان
کە لە خۆڵە مێشی خۆی
دەبێتەوە
دەژێتەوە
(مێهر یەشت، گۆرانی ٥، هۆرەی ۱۷)

(۲) - ئاوان کە لەفارسیدا بۆتە ( آبان)، واتە مانگی بارانە و زۆربوونی ئاو و ژیانەوەی چۆم و رووبارەکان، لە ئاڤێستادا ناوی هەیە، بەڵام یەشتی ستایشی نییە.
(۳) - ئاتران - کەلەفارسیدا بۆتە (آذر) و بەمانای خۆش بوونی ئاگر و دەست پێکردنی دەستەڵاتدارییەتی سەرما و سۆڵە، لەئاڤێستادا ناوی هەیە بەڵام یەشتی تایبەتی بۆ پەسەند کردن نییە.

سێ مانگەی زستان:
سێ مانگەی زستان لەئاڤێستادا یەشتی تایبەتیان نییە، وەک بزانم لە خوردات

(فروردین) و بەمانای گەڕانەوەی فەرە و هەر و ڕوح و ڕەوانی پاکان ، سەرساڵ و ژیانەوەی ژینەوارە و لە ئاڤێستادا ستایشی ئەم مانگە کراوە و دەڵێ:

لە فەرە و هەر و ڕەوانی ئەوانەی کە بوون
ئەوانەی کە دەبن، دێن
یارمەتی دەخوازم
(فەروەرتین یەشت، گۆرانی ۲، هۆرەی ۱۱)

(۲) ـ ئەردی بەهەشت "ERDIBEEIST" کە لە فارسیدا بۆتە (اردیبهشت) و مانا کوردییەکەی: عەرز، زەوی و ئەرد، وەک بەهەشتی لێهاتووە، وڵات سەرسەوز و شین هەڵگەڕاوە ـ لە ئاڤێستا ستایشی کراوە :
ئەمن ئەوەم
ئەمن ئەردی بەهەشتی ڕووتم ، بەقەشەنگترین
پڕشەنگی فرشتەکانم ڕازاندوێتەوە
( ئەردی بەهەشت یەشت، گۆرانی ۱۸)

(۳) ـ خوردات "HURDAT" کەلەفارسی دا کردوویانەتە (خرداد) کەمانا کوردییەکەی خۆرنشین، بەتین و بەهێزبوونی تیشکی خۆرە، لەئاڤێستادا [هوردات] ە ئێستا لە کوردی هەورامی دا ئەگەر پیتی هەوەڵ لە وشەدا (خ) بێ دەبێتە (ه) وەک خوێن کەدەبێتە هوێن و ... لە ئاڤێستادا ئەم مانگەش پەسەند کراوە .

سێ مانگەی هاوین :
(۱) ـ تیر کە لەئاڤێستادا تشترە "TISTIRE" و دەستەی پێکهاتووش بە «تیرمە» یان پێشنیار کردووە، لە ئاڤێستا دا یەشتی تایبەتی بۆ ستایشی هەیە:

. ئەی ماڵۆی هێمنم
خانوو خۆشەکەم
ئەستێرەی تەشتەر
هێمنایی گەورە
ترووسکەهاوێژ
دەرمانی دەردی ڕۆژگار
بەترووسکان ڕاپەڕە
ڕابە سەر باڵان
بەروبەهەشتی ئەڤین و خۆشەویستی زۆرم
ئەی پڕشەنگی بێ سنوور
زار و پشک و تاسا
داڕێژە چەم بەسەر لێوی تینوم
فەڕەی کەیان

هەتا رادەیەکی زۆر مانای سەرەکی خۆیان لەدەست داوە. بۆ وێنە ئیتر بەدەگمەن هەڵدەکەوێ ریگاوبان لە کوردستاندا بەهۆی بارینی بەفرەوە ببەسترێ هەتا بە دووهەمین مانگی زستان بڵێین ڕێبەندان یان ناوەکانی وەک بانەمەڕ. جۆزەردان - پوشپەڕ. خەرمانان - رەزبەر. خەزەڵوەر.

هەرچەند ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی شارستانیەت و شارنشینی و پەیدابوونی شاری گەورە لەکوردستاندا، مانای سەرەکی خۆیان لەدەست داوە، لاو و گەنجی شاری کورد لەگەڵ ئەم ناوانە هەتا رادەیەک نائاشنان و لەوانەیە هەر نەشزانن ونەشیان دیبێ کە لە ئاخری مانگی هاوینێ دا چۆن خەرمان هەڵدەگرن، جۆکەنگێ زەرد دەبێ، پووش کەنگێ دەپەڕێ و هتد...

(٢) - ئەو ناو و لیستەی مانگەکانی کە کوردەکانی تورکیە و سوریە لە کاتی خۆی دایانهێنابوون و کەڵکیان لێ وەردەگرتن و هەتا رادەیەک ئێستاش کەڵکی لێ وەردەگرن زۆربەیان ناوی کوردی نین و فڕیان بەسەر کوردەوارییەوە نییە ولە ناوی مانگەکانی مەسیحی - رۆمی - عەرەبی - عیبری و سریانیان وەرگرتوون و بەهۆی بار و دۆخی تایبەتی کوردستان و نەبوونی بەرەی یەکگرتوو لە زانایانی کورد، لەم بارەوە کارێکی ئەوتۆ بکرێ بەلام کاتێ لە گۆڤاری تێکۆشەر «TEKOSER» ژمارە (٣٦)ی حەزیرانی ١٩٨٧ دا خوێندمەوە، بۆ دانانی ناوی یەکگرتووی مانگەکانی کوردی قۆڵیان هەڵماڵیوە و کۆبونەوەیەکیان بۆ ئەم کارە پێک هێناوە شاگەشکە بووم لەخۆشیان. بەلام کاتێ ناوی مانگە پێشنیارکراوەکانم هەر لەو گۆڤارەدا دی سارد بوومەوە، زۆرم پێ سەیر بوو کە کۆبونەوەکەیان نەیتوانیوە هەنگاوێکی ئەوتۆ باوێ ، چونکە لەم دوازدە ناوەی کە پێشنیاریان کردووە هەر تەنیا یەکدانەی – گولان – کوردی بوو، دەنا ئەوانی تر زۆربەیان عیبری، سریانی و عەرەبی بوون و فڕیان بەسەر کوردییەوە نییە، ئەو ناوانەش بریتین لە :

چلە - شبات - ئادار - نیسان - گولان - حوزیران - تیرمە - تەباخ - یلول - چری - تەشرین و کانون.

راستە ئەم ناوانە رەنگە لەناو خەڵکی کوردستانی تورکیە و سوریە و هەتا رادەیەک لە ئێراقدا باوبن و لەسەر زاران بن، بەلام بۆ کوردەکانی ئێران هەرنەناسراون و تەنانەت کۆمەلانی خوێندەواریش نایانزانن، چ بگا بەخەڵکی گوندی و رەمەکی، لەلایەکی ترەوە ئەوانە رەگ وریشە و بنەوانی کوردیان نییە، بە بڕوای من واباش بوو دەستەی پێکهاتوو سەرنجی دابایە سەرمێژووی کۆن و رابردووی کورد و لەناخی فەرهەنگ و مێژووی کۆنی کوردا ئەم ناوانەی دۆزیباوە. لەم بارەشەوە باشترین بەڵگە پێم وایە کتێبەکەی حەزرەتی مەهاباد دەساتیر و کتێبی زەردوشت واتە ئاڤێستایە. لە ئاڤێستای زەردوشت دا ناوی زۆربەی مانگەکان هەیە کە ماناکەیان ئێستاش بۆ کوردەکان لە نەتەوەکانی تری ئاریایی مەفهومترە و چاتری تێدەگەن، هێندێ لە مانگەکان لە ئاڤێستادا یەسنی تایبەتیان بۆ پەسەند و ستایش هەیە کە وا لەژێرەوە باسیان دەکەم.

سێ مانگەی بەهار:

(١) - فەروەرتین "FEREVERTEN" کە لە زمانی فارسی ئێستادا بۆتە

# ناوی مانگەکانی کوردی

ئەحمەد شەریفی

کێشەی ناوی مانگەکانی کوردی و شێوەی بەکارهێنانیان، کێشە و دۆزێکی تازە نییە و نزیکەی نیو سەدەیەکە لە ئارادایە. کاتی خۆی لە کوردستانی ئێراندا عەبدولڕەحمانی زەبیحی (بێژن)، مەلاقادری مودەڕیسی و دوکتۆر عوبێدوڵڵای ئەیوبیان، لەکوردستانی ئێراق دا بەشیرموشیر، گیوموکریانی و داماوموکریانی لە کوردستانی تورکیە وسوریەدا جەلادەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، دوکتوور بلەچ شێرکۆ و چەندکەسێکی تر هەریەکەی چەند ناو ورستەناویان بۆمانگەکانی کوردی داناوە کە بەرهەمی کاری ئەوان دەکرێ تێکرا بە دوو کەرت بەش بکەین:

(١) ـ ئەوانەی لەکوردستانی ئێران وئێراقدا، ناوی مانگەکانی کوردیان داناوە زۆرتر پڕژاونەتە سەرباری ئابووری و ئاژەڵداری و وەرزێڕی و سروشتی کوردستان و ئیلهامیان لەوبارانەوە وەرگرتووە و ناوی مانگەکانیان داڕشتووە، ئەوناوانە بەهێندێ جیاوازییەوە بەم جۆرەن :

- سێ مانگەی بەهار: خاکەلێوە ـ بانەمەڕ ـ جۆزەردان
- سێ مانگەی هاوین: پوشپەڕ ـ گەلاوێژ ـ خەرمانان
- سێ مانگەی پاییز: ڕەزبەر ـ خەزەڵوەر ـ سەرماوەز
- سێ مانگەی زستان: بەفرانبار ـ ڕێبەندان ـ ڕەشەمە

کەئەمانە تێکڕا نیشاندەری بارودۆخی ئاژەڵداری و وەرزێڕی و گۆڕانی فەسڵ و کەش لەکوردوستاندا نیشان دەدەن و یادگاری ئەودەوران و چاخەن کەدەتوانیین بڵێین هێندێکیان ئێستا بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستانەوە، ئیدی

www.alsivakurdi.org

وەردەگرت. وابوو دراوێکیشی بۆ خێڵی بارزان دەهێنا. دوای جێ بە جێ کردنی کارە کانی شەوێ لە لای ئێمە دەنووست و بۆ بەیانی هەر بەو ڕێگایەی دا کە هاتبوو دەگەڕاوە و لە بەفرەکان دا ون دەبوو، لە تەواوی ئەو ماوەیەی دا کە لە کوردستان بووین، سەعید غاڵبە لە گەڵ ئێمە بوو. بە تایبەتی دوای ئەوەی کە لە نێوان ئەرتەشی ئێران و بارزانییەکان شەڕ قەوما، بۆ هەمیشە لە نێو خێڵی بارزان دا مایەوە. تا سەر سنووری ئێراق لە گەڵ ئێمە بوو، لە سەر سنوور دوای مەئمووریيەتێکی کە مەلا پێی ئەسپارد چووە ئێراق، لەوێ گیرا و کەوتە بەندیخانەوە. تەجرەبەی و پێوەندی ئێمە لە گەڵ کوردە کان ئەو وێنەیەی لە زەینی ئێمەدا نەخشاند کە ڕووناکبیران لە نێو کوردە ئێراقییەکان زۆرترن و بە ئیمان ترن. ئەو سەروبەندی حیزبێکی پێشکەوتوویان هەبوو کە ڕێکخراوێکی ڕێکوپێکی هەبوو، ڕێکخراوەکەیان لە سەر بناوانی خێڵ و عەشیرە نەبوو، بەڵام حکوومەتی نیشتمانی کوردستانی ئێران لە ڕاستی دا ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەت بوون کە حکوومەتی ئازادی کوردستانیان خۆش دەویست و لە دەوری قازی محەممەد کۆببوونەوە و لەڕاستی دا حیزبێکی ڕێکوپێک و پێشکەوتوو کە ڕێکخراوێکی بە تەکووزی هەبێ تەنیا بە شێوەیەکی زۆر بچووک لە گۆڕێ دابوو. هێزی ئەساسی حکوومەتی کوردستان لە عەشیرەتەکانی: هەرکی، مامەش، مەنگوڕ، و ئی وەک ئەوانە سەرچاوەی دەسەند و قازی محەممەد زیاتر وەک پێشەوایەکی ڕووحانی دادەندرا کە جێی ڕێز و حورمەتی هەموو لایەک بوو. ئەمن بۆ خۆم لە نزیکەوە قازی محەممەدم نەدیتبوو، بەڵام حەمە حوسێن خانم دی کە فیئۆداڵێک بوو. حەمە حوسێن خان خزمی قازی محەممەد و وەزیری شەڕێ بوو. قازی محەممەد بۆ خۆی لەگەڵ هاواڵەکانی ئێمە قسەی کردبوو و لە قسەکانی دا بە ئەوانی گووتبوو: "پێشەوەری تەلەفوونی بۆ کردم و گوتی ئەمن ئەوە ڕۆیشتم، ئەتۆش دەسبەجێ خۆت سازکە و وەڕێ کەوە". بەڵام ئەمن ناتوانم وەک پێشەوەری نەتەوەکەم بە جێ بێڵم و بۆ پاراستنی گیانی خۆم نەتەوەکەم لە ئەمانی خودا نێم و لێدەم بڕۆم. ئەگەر پا بنێمە دەرەوەی مەهاباد میللەتەکەم دەگیانی یەکتر بەر دەبن، ئەمن بۆ پاراستنی ئەو نەتەوەیە مەجبوورم لە مەهاباد بمێنمەوە تا نەیرو بێ و نەزمی تازە دابنێ، ئەمن هەر لێرە دەمێنمەوە، ئەگەر ئێعدامیش بکرێم".

یەکێک لە برادەرە کانکمان گوتی:" ئێستا شەوی هەوەڵی مانگی بەفرانبارە. تەواو سێ مانگی ڕەبەق زستان و بەفرمان لە ڕێ دایە." لە شنۆ خانوویەکمان بە کرێ گرت. خاوەن ماڵەکە ژنێک بوو کە شیو و نانی نیوەڕۆشی بۆ لێدەناین. بەرنامەیەکمان بۆخۆمان دانا کە تەنیا بۆ دەرباز کردنی وەخت بوو، بەڵام بەرنامەی من لە بەر ئامادە کردنی تۆپەکان، هێندێک زیاتر بوو. هەر کە گەیشتینە شنۆ سەربازەکانی دیکەشم مورەخەس کرد و بیست کەس لە بارزانییەکانم هەڵبژارد و فێری دەکار کردنی تۆ پم دەکردن. شنۆ بە بەر چیایەکی بەرزەوەیە کە هەمیشە پڕ بوو لەفر. بەیانان زۆر زوو بۆ دەم و چاو شوتن و وەرزش دەچووینە دامێنی ئەو کێوە. نیو سەعاتێک وەرزیشمان دەکرد، بڕێک هەڵدەهاتین و دوایە دەگەڕاینەوە ماڵێ، بەر چاییە کی کەم مان دەخوارد و پاشماوەی ڕۆژەکەمان بە بێکاری ڕادەبوارد. شێخ ئەحمەد ماڵی لە خانوویەکی دوو ژوورە دابوو. لە ڕاستی دا یەکێک لەو ژوورانە کادێنێک بوو کە خاوێنیان کردبووە . لە یەکێک لەو ژوورانە دا ژن ومنداڵی شێخ ماڵیان دانابوو و لەژوورەکەی دیکەش دا بۆ خۆی لە سەر چار پایەیەک دادەنیشت. لە بەر دەمی هەمیشە لە قوتوویەک دا هێندێ تەلاش و چیلکە داندرابوو. ئەو خووی وابوو بە قەڵەم تراشی باریک و تیژ ئەوەندە ئەوانە دابتاشێ هەتا تەواو دەبن. ئەو کارە بۆ ئەو خۆ غافلاندن بوو بە لام دەست و پێوەندەکانی بە حیکمەتیان دادەنا و پێیان وابوو لەو کاتانە دا شێخ ئیلهامی بۆ دێ کە چ بڕیارێک دەبێ بۆ خێر و خۆشی خێڵەکەی بدا. شێخ ئەحمەد پیاوێکی باش بەلام عامی بوو، تێگەیشتنی سیاسیشی نەبوو. تەنیا ئاواتی ئەوە بوو کە خێڵەکەی بە سلامەت بگەیەنێتە بارزان. لە زۆربەی زۆری قسەکانی دا ئارەزووی گەڕانەوەی بارزان، بیرەوەری تری بارزان، نیسک و زەراعاتی بارزان و بە تایبەتی ئەو ئاگرانەی کە زستانان هەڵیان دە ئایساند بەدی دەکرا . ئاگری زستانانەی بارزان بۆ ئەوان هەمیشە دنەی بیرەوەری بوو. کاتێک ئاگرێکی گەورەیان دەکردەوە دەیان گوت: "دەڵێی ئاگری بارزانە". کەسێکی دیکەش کە بەسەر هاتی دەکرێ بۆ خوێنەر جێی سەرنج بێ ، لاوێک بوو بە ناوی سەعید. ئەو لاوە لە کوردە ئێراقییەکان بوو و هەر پازدە ڕۆژەی جارێک دە هاتە شنۆ. ئەو لە ڕاستی دا ئاڵقەی پێوەندی حیزبی ڕزگاری ئێراق و خێڵی بارزان بوو. مەلا مستەفا سەرۆکی ئیفتیخاری ( شەرەفی ) ئەو حیزبە بوو.

ڕۆژنامەی ڕزگاری بە زمانی کوردی بە دزی چاپ دەکرا و بلاو دەکراوە. ئەو ڕۆژنامەیە حەوتووانە بوو. سەعید هەر جارەی دەهاتە شنۆ، چەند کۆپی ئەو ڕۆژنامەیەی لە گەڵ خۆی دە هێنا. سەعید لاوێکی ئازاو بەجەرگ بوو، هەر پازدە ڕۆژەی جارێک سەر و سەکوتی پەیدا دەبوو. ئێمە دەمانزانی کەنگێ دێ.. سەعات چار یان پێنجی دوای نیوەڕۆ دەگەیشتە جێ. یەکێک لە ڕابووردنەکانی ئێمە تەماشای هاتنی ئەو بوو کە ڕنووە بەفری بەرزاییەکانی پشتی شنۆی دەدڕی و دەهاتە پێشەوە. دەمەو ئێواران ڕەشاییەکمان دەدی کە لە بەفر ڕۆ دەچێ و هەڵدەستێتەوە ، بە تاقی تەنیا و بە پێیان ، لە جەنگەی بەفر و سەرما دا تەنیا گۆچانێکی بە دەستەوە بوو و ئەو ڕێگایەی دەپێوا. ئەو دەهات و گیرفانی پڕ بوو لە ڕۆژنامە، دەستوورولعەمەل و پەیام بۆ مەلا مستەفا کە وڵام و بیر و ڕای لێ

هەرکە وەزع دەگۆڕێ ، قوڵی خانیش دەسبەجێ سەنگەر دەگۆڕێ، ئاڵای ئێران لە نەغەدە هەڵدەکا و بەڕێوەبردنی ناوچەی سندووس دەخاتە دەست خۆی، بە ناوی قەواموسەڵتەنە خۆی دەکاتە فەرماندار و بەشداریکیش بۆ نەغەدە دیاری دەکا، هەر ئەو سوارانەی کە هێشتا میداڵی بیست و یەکی ئازەر (سەرماوەز) یان بە سینگییەوە بوو، دەبنە مەئمووری پاراستنی هێمنی و دەست دەکەن بە گرتن و سەرکووت کردنی ئەوکەسانەی کە هێشتا بۆ فیرقە بە وەفا بوون. لەم ناوانە دا دەبیسین کە شەش ئەفسەری فیرقەیی لە چاپخانەیەک دا نووستوون. لەوان ڕۆژان دا، ئەو ئەفسەرانە بۆ ئەم بوونەوەرە هەڵپەرستانە کە دەیانەویست سووچی ڕابردووی خۆیان بشۆنەوە، پاروویەکی چەور بوون. گرتن وتەحویل دانەوەی ئەوان بە هێزە دەوڵەتییەکان دەیتوانی دەوسییەی "ڕەشی" کەسانێکی کە خزمەتیان بە فیرقە کردبوو پاک و خاوێن کاتەوە. هەر چۆنێ بێ، ئەوانە شەوێ دەڕژێنە ناو چاپخانەکە و هەر حەوت کەس ئەفسەرەکە: زەربەخت، ئیحسانی، تیوای، ئەرتیشیار، تەوەکولی، عەلی ئەسغەری و نیکەلا دەگرن و چەکیان دەکەن، هەر بەو شەوە لە مزگەوتێک دا زیندانییان دەکەن و بە بیانووی پشکنینیان ڕووتیان دەکەنەوە. بۆ بەیانی دەیانبەنە ئەو خانووەی کە ناویان نابوو بەشداری (جێی قایمقام). لە ڕێ، یە کێ لە کوردە بارزانییەکان بە ناوی کاکە ساڵح ئەو ئەفسەرانە دەبینی، لە سەر و بنی شتەکە سەر دەردێنێ و شێخ محەممەد سدیق ئاگادار دەکا. لە بەشداری، (خانووی قایمقام)، کاتێک دەستی ئەفسەرەکانیان بەستبوو و خەریک بوون بیان بەن بۆ پێشوازی ئەرتەش و بە ڕەواڵەت بیانکەنە قوچی قوربانی، کوڕی شێخ محەممەد سدیق بۆ خۆی و چەند بارزانی چەکدار دەگەنە جێ، ئەفسەرەکان ئازاد دەکەن ، قەرەپاغەکان چەک دەکەن و بەشداری دەشێوێنن. هەر ئەو قەرەوڵە تورە و تەوسن و دەوڵەتخوازانەی ماوەیەک لەمەو پێش، دەبنە فیدایی و موریدی ئەفسەرە کان، دەسبەجێ کەل و پەلە تاڵان کراوەکانیان بە داوای لێ بووردنەوە دەدەنەوە و هەر کامێکیان هەوڵ دەدا خۆی بە وەفاتر و بەئەمەگ تر لە حاست فیرقەی دیموکرات بنوێنێ، دەلیلیشیان ئەو میداڵەی ٢١ی ئازەر (سەرماوەز)ە یە، کە هێشتا بە سینگیانەوەیە! کاتێک ئەمن گەیشتمە نەغەدە دوو ڕۆژ بوو ئەو ئەفسەرانە ئازاد کرابوون و لە خەتەرێکی بێ سێ و دوو ڕزگاریان ببوو. ئەمن و سەربازەکانم بە ئاڕایشی ڕێکوپێکی نیزامی هاتینە نێو نەغەدە . ئێمە ئێستا خۆمان هێزێکی تەواو بووین: دە ئەفسەر ، ٢ توپ و نزیکەی سەت و سی ـ چل سەرباز. هەر بۆیەش شوێنێکی جیاوازمان بۆ خۆمان دیتەوە و دامەزراین. چەند ڕۆژێک چاوەڕوان بووین . سەربازەکان بەرە بەرە سەبر و سیکەدانەیان تەواو دەبوو. ع ئامانجێکیان لە ڕوانگەی خۆ دا نەدەدی. لە ڕاستی دا سەربازەکان هەستیان دەکرد کە خەریکن لەبەر من بێگاری دەکەن. ئەمن لە ئازەربایجان را هێندێکم دراو لە گەڵ خۆ هێنا بوو. هەر یەکەی بڕێکم دراو دانێ، کە بتوانن بگەنەوە ماڵ و حاڵی خۆیان ، تفەنگەکانم لێ وەرگرتن و مورە خەسم کردن، تەنیا چەند کەسی زۆر کارامە نەبێ کە هەڵبەت لە سەر دڵی خۆیان بۆ پاراستنی تۆپەکان گلم دانەوە. پاش ماوەیەکی کورت لە گەڵ ڕێنوێنێک یان بە قسەی بارزانییەکان " شارەزا" یەک چووینە شنۆ. وەبیرم دێ کاتێک گەیشتینە شنۆ وبۆ ئەوەی ڕۆژمان لێبێتەوە، چووینە چاپخانەیەک.

قۆڵی چاکەتەکەی کردەوە ویردییە بەردەمی، و شێخیش تفو بەڵغەمی سینگی لەوێ کرد. لەگەڵ ئەو ڕێزنان و متمانەیەش دا، مەلامستەفا قسەی دڵی خۆی و بیروڕای خۆی سەبارەت بە شێخ ئەحمەد بە ئێمە دەگوت .

پێشتر گوتم کە مەلامستەفا نیوەی دووهەمی مانگی بەفرانبار بوو کە لەتاران ڕا گەڕاوە. تامانگێک دوای گەڕانەوەی لە تاران، نێوانی خێڵی بارزان و دەوڵەتی ئێران چاک بوو، تەنانەت ئەرتەشی ئێران جارێکیش لۆرییەکی بۆ ناردن، بەڵام مەلامستەفا بە بیانووی سەرما و ڕاوێژ لەگەڵ شێخەکانی بارزان لە دانەوەی چەک وچوڵ و ناردنی چەند خێزانی بارزانی بۆ هەمەدان دەستی گێڕاوە.

دوای مانگێک بوو کەئەرتەشی ئێران بەرەبەرە لەخۆ بە دەستەوەدانی بارزانییەکان ناهومێد بوو ودەستی کرد بە دامەزراندن و هێز کۆ کردنەوە لە دەوروبەری ناوچەی بارزانییەکان و خۆی بۆ پەلاماردان بۆ سەر بارزانییەکان ئامادە کرد، بارزانییەکانیش خۆیان کۆ دەکردەوە و ئامادەی دەست کردنەوە بوون. بارزانی یەکان ئەو دەمی لە نەغەدە، شنۆ و دەشتەبێڵی مەرگەوەڕ دامەزرابوون. بەرلەوەی بێمە سەر باسی چۆنیەتی خۆ ئامادە کردنی هەردوو لا و دەست پێکردنی شەڕ، باسی چارە نووسی خۆمان و ئەوەی کە لەو سەروبەندی دا لە چ وەزعێک دابووین دەگێڕمەوە.

ئەمن و ڕەئیس دانا دوای ئەوەی لە مەهاباد تووشی بارزانییەکان هاتین و بریارمان دا لە گەڵیان کەوین، بە ژمارەیەک سەربازی خومان و ئەفرادی بارزانی دا تۆپەکانمان بەڕێ کرد و بۆ خۆمان بەرەو نەغەدە ڕێمان گرت. شەش ئەفسەری دیکە کە گوردانەکەیان لە بۆکان بڵاوەی پێکرابوو، دوای گەیشتنە مەهاباد و پێوەندی گرتن لە گەڵ قازی محەممەد، بەرەو ڕەزائییە دەڕۆن. بەو هومێدەی کە بەوێ دا بەرەو شووڕەوی بچن، بەڵام لە نیزیک ڕەزائییە خەبەریان پێدەگا کە ئەو شارە لە دەست موخالیفەکانی فیرقەی دیموکرات دایە، جا بۆیە لە نیوەی ڕێ ڕا دەگەڕێنەوە و بەرەولای نەغەدە دەچن . سەعات ٨ی شەوێ دەگەنە نەغەدە و لە چایخانەیەک لادەدەن. لەو دەمێ دا هێزی بارزانییەکانیش گەیشتبوە نەغەدە و لە لایەن شێخ محەممەد سدیق (یەکێک لە براکانی شێخ ئەحمەد) ڕا حکوومەتی نیزامی ڕادە گەیندرێ. جارچی بە نێو ئەو شارۆچکە دا وەڕێ دەکەون و هاوار دەکەن: "حوکم، حوکمی شێخ محەممەد سدیقی بارزانییە. لە سەعات ٩ی شەو ڕا هاتوچۆ یاساغە.» برادەرە ئەفسەرەکانی ئێمە، دوای نان خواردن لە چایخانەکە، لە بەر بێ ئەزموونی ومتمانەی خۆڕایی لە چایخانەکە دا لێی دەنوون و خەبەریان لەوە نابێ کە ئەو دەمی نەغەدە لە ژێر دەسەڵاتی دوولایەنە: بارزانییەکان و قەرەپاپاغەکان. قەرەپاپاغ، عەشیرەتێکی ترک زمانە کەوەک دوڕگەیەک لە ناوچەی کوردستان لە نێوان مەهاباد و ڕەزائییە دا، نیشتەجێ کراوە. ئەو ناوچەی ئەوانی لێ دەبن بەناوی سننووس مەشهوورە و ناوەندەکەی نەغەدەیە. ئەو دەمی سەرۆکی عەشیرەتی قەرەپاپاغ کەسێک بوو بەناوی قوڵی خانی بورجالو ( بوزچەلوو دروستە، نووسەر بەهەڵەی ناوبردووە- تێ بینی وەرگێر) کە لەلایەن فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان را دەرەجەی سەرهەنگی درابوویە و هەر لەو ئاخرییانەش دا بە خۆی و بە هەزار سواری قەرەپاپاغ بۆ شەڕی دژی حکوومەتی ناوەندی ئامادە ببوو.



www.arsivakurd.org

دەبێ بترسێ. بەڵام ئەوان لەو هەموو چەکانە ناترسن ، ئەوان تفەنگیان هەیە و پارویەک نان و لەسەر شاخان دەژین.» مەلا مستەفا درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی: ڕەزمارا دەیهەویست ئەو هەموو چەکانە بەمن نیشان دا و بمترسێنێ، ئەمنیش ئاوام وەڵام داوە... لە ناوەڕاستی مانگی بەفرانباردا بوو کە مەلا لە تاران ڕا گەڕاوە.
پێوەندی نێوانی مەلا مستەفا لەگەڵ ئێمە کەچەند ئەفسەر بووین زۆر خۆش بوو، وای هەست دەکرد کە باشتر لەخەڵکی دیکە لە قسەکانی دەگەین. هەڵبەت مەلا خۆی وەک گوێ لەمست و فەرمانبەری شێخ ئەحمەد نیشان دەدا بەڵام لەوەش نەدەپرینگایەوە بەئێمە بڵێ شێخ ئەحمەد فیئۆداڵیکە و پێی خۆشە سەرۆکایەتی فیئۆداڵی و ئایینی بەسەر خێڵەکەی دا بکا.
سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد و شێخەکانی دیکەی بارزان ، سەرۆکایەتی فیئوداڵیکی توورە و تۆسن و بە تەماع نەبوو، خێڵی بارزان لە دڵەوە بڕوای ئایینی پێ هەبوو، ئەوی بە پێشەوای ئایینی، خەڵیفە ونوێنەری شێخی بارزان دادەنا. شێخی بارزان لەڕاستی دا نیشانە و ڕەمزی بیروباوەڕی دینی خێڵی بارزان بوو. مەلا مستەفا دەیگوت :« شێخ ئەحمەد بەئاواتەوەیە هەر چی زووتر بگەڕێتەوە بۆ بارزان لە ئێراق، لەوێ لە سەرکورسییەکی دانیشێ و خەریکی دارخۆش کردن بێ . (ئەوە خوو و خدەی شێخ ئەحمەد بوو) دەست وپێوەندیکانی لە دیارییەوە دانیشن و هەر بانگی کەن : ئەز بەنی ، ئەز بەنی. ژیانێکی ئارام ، ئاسوودە و بێ گێرە وکێشەی هەبێ » . بەڵام شێخ ئەحمەد ناتوانێ لەوە تێ بگا کە گەڕانەوە بۆ بارزان مانای لە کیس دانی تفەنگە، و ئێمە ئەگەر تفەنگ و چەکەکانمان لەکیس بدەین دەبینە جەماعەتێکی بێچارە و لەڕ و لاواز کە خەڵکی دی دەبێ سەبارەت بە ئێمە بڕیار بدەن، بنێشتە خۆشکەی سەر زاری مەلامستەفا هەمیشە ئەوە بوو دەیگوت: ئینسان تائەو کاتەی چەکی بە دەستەوەیە، جڵەو و ئیختیاری بە دەست خۆیەوەتی، بەڵام هەر کە چەکەکەی لە کیس دا، خەڵکی دی بڕیاری بۆ دەدەن ، پیاو مەجبوورە ، هەر چەندیش ناخۆش بێ، مل بۆ ئەم بڕیارە ڕاکێشێ. لەناو خێڵی بارزاندا زۆر کەس هەن کە نایانەوێ چەکەکەیان لە کیس بدەن، بە تایبەتی سەدو بیست کەس لەجەماعەتی ئێمە لە ئێراق حوکمی ئێعدام یان لەسەرە. » مەلا مستەفا شورەوی بە تەنیا شوێنی پەسیو بۆ خۆی دەزانی کە بۆ ماوەیەکی کاتی بچنە ئەوێ و لە دەرفەتێکی لەباردا بۆ کاری حکومەتی کوردستان بگەڕێتەوە ئێراق».
مەلا دەیگوت: ئەمن کۆمۆنیست نیم، هیچ حەزیش لە کۆمۆنیزم ناکەم، ئەمن دیمۆکراتم و پێم خۆشە لە ئاشتی و سەفا و وەکوویەکی لەگەڵ ئۆمەتەکەم بژیم و بتوانم ڕۆژێک ئاڵای کوردستان هەڵکەم، جا فەرق ناکا ئەو شوێنە هەر کوێیەک دەبێ با ببێ، چ ئێراق ، چ ئێران یان تورکیە.
مەلا مستەفا ئێمەی بەمەحرەمی خۆی دەزانی و داوای لێدەکردین شێخ ئەحمەد بە شێوەیەک ڕازی کەین کەفکری چوونەوەی بارزان لە مێشک دەرباوێژێ. ئەو لەگەڵ ئەوەشدا ئاوای باسی شێخ ئەحمەد دەکرد. هەر وەک لەپێشتر گوتم، بەتەواوی خۆی بەگوێ لەمست و پێڕەوی وی دەزانی، و تەنانەت خۆشی بەو کارەوە ڕادەنا. زۆر چاکم لەبیرە، ڕۆژێک مەلا لە خزمەتی شێخ دا لەسەر حەسیرێک دانیشتبوو ، شێخ سینگی پاک دەکردەوە و خەریک بوو تف ڕۆکا، مەلا مستەفا دەسبەجێ دوگمەی سەر

دەیانگوت: بێدەنگ، بێدەنگ» و دەرگایان نیشانی من دەدا. پێم گوتن چما زمانتان نییە، بۆ خۆتان لاڵ کردووە و هەر بێدەنگ بێدەنگتانە، بۆ قسە ناکەن، چی دەتانەوێ بیڵێن. دیسان بەچاووبرۆ ئیشارەیان کرد، دەمزانی مەبەستیان چییە، بەڵام دەمەویست قر و قەپ نەمێنن و قسە بکەن، هەر چێکی بێ شاش بەنی ئادەمە. دوایە دەرگایان کردەوە و دیتم ئەعلاحەزرەت لەوێ دانیشتووە، چوومە پێشی سڵاوم لێکرد، جێیەکی نیشان دام و فەرمووی لەگەڵ کردم، لەسەر کورسییەک دانیشتم. هەرکە دانیشتم گوتم : ئەی ئەعلاحەزرەت!

زشیر شتر خوردن و سوسمار — عرب را بەجایی رسیده است کار
که تـاج کیانی کنـــد آرزو — تفو برتو ای چـرخ گردون، تـفو!
«عەرەبی شیری ووشتر خۆر و مارمێلکە خۆر – کـاری گەیشـتۆتە جـێیەکی ئەوتۆ
بە تەمای تـاجـــی کیانییـە — دەک بەتف و لەعنەت بی، چەرخی گەردوون!

ئێمە ڕەعیەتی تۆین، تاقی کەسرا لە بەغدایە، ئێمە ڕەعیەتی تۆین، وەرە ڕەعیەتەکانی خۆت ئازاد کە.. مەلا مستەفا درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: دوو سەعاتم قسە بۆ شایەکەتان کرد. شا ئەمنی زۆر کەوتە بەر دڵی، دوای دوو سەعات ویستم هەستم، گوتی دانیشە، گوتم ئیتر هەڵناستم مەگەر دەستوور بدەی، دیسان قسەم بۆ کرد. ئەو سەبارەت بەدامەزرانی ئێمە لە ناوچەیەکی ئێراندا قسەی کرد. وەڵامم داوە دیارە ئەعلاحەزرەت ئێوە زۆر سەخی و بەخشەندەن، ئەمن گشت پێشنیارەکانی ئێوە قەبووڵ دەکەم، بەڵام دەبێ شێخ ئەحمەد بڕیار بدا. ئەو سەرۆکی خێڵە. لەسەر ئێوەی ئەفسەریش قسەی لەگەڵ کردم و گوتی تەحویل تان بدەمەوە ، پێم گوت : ئەزبەنی! ئێمە ئەوەمان نەگرتووە کە تەحویلیان بدەینەوە، ئەوانە شەش گەنجن (لەناو ئێمەدا کە دە نەفەر بووین، شەش کەسمان ئەفسەری ڕەسمی ئەرتەشی ئێران بووین)، تەمەنی هەموویان بەسەریەکەوە ناگاتە سەد ساڵ، لە باتی ئەو شەش گەنجە، ئەمن هەژدە گەنج و لاوتان دەدەمێ، بنەماڵی من و شێخ ئەحمەد و براکانی دیکەم هەژدە لاومان هەیە، هەمووی لاوی پێگەیشتوون و لەباتی ئەو شەش لاوانە، ئەو کوڕانەی خۆمانت دەدەمێ، بەڵام نابێ ئێوەش بە وە ڕازی بن و ئەو شانازییانەی کە تاکوو ئێستا شێخی بارزان بۆی بە میرات بەجێ هێشتووین، لەناو بەرین و تف و لەعنەتی بەرەی پاشەڕۆژی بارزان نەسیبی خۆمان کەین.». بە کورتی لە تاران پێشنیاریان بە مەلامستەفا کردبوو، گوتبووی: ئەگەر شێخ ئەحمەد ڕازی بێ ، دوای ئەوەی سەرمای شکاند گواستنەوە بۆئەوەی دەست پێ بکا و وایان قەرار دانا بوو لەبەرەی لۆرێکی گەنم چەند خێزانی بارزانی دوای دانانی چەکەکانیان، بەرە بەرە بگوێزرێنەوە شوێنی تازەی نیشتەجێ بوونیان.

مەلا مستەفا بۆ بەحەق دانانی ئەو ڕێکەوتنە دەیگوت: ئەگەر ئەو پێشنیارەم نەسەلماندبایە لە کۆڵم نەدەبوونەوە. «لەتاران مەلا مستەفایان برد بوو بۆ دیتنی کارخانەکانی چەک دروست کردن، قۆرخانە، سەڵتەنەت ئاوا، هێزی هەوایی و زانکۆی ئەفسەری. بۆ خۆی دەیگێڕاوە دەیگوت: ڕۆژێک بردیانمە زانکۆی ئەفسەری، بە ڕەزمارام گوت: «ئەگەر ڕاستت بوێ جەنابی ژنراڵ، ئەمن لەو هەموو چەک و جبەخانەیە و لەو ئەرتەشە بەهێزە ترسام، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، خێڵی بارزانی

www.arsivakurd.org

# پاشە كشەی بارزانییەكان لە كوردستانی ئێران

## (پاشماوەی ژمارەی رابردوو)

ئەبو حەسەنی تەفرەشیان

وەرگێرانی : حەسەنی سەیف

مەلامستەفا باسی سەفەرەكەی خۆی بۆ دەكردین، دەی گوت ئێمەیان بردە لەشكری دووی قەسر و لەوێ میوانداریيان لێكردین، لەو ماوەیەدا چاوم بە قەواموسەڵتەنە ورەزمارا كەوت. رەزمارا ئینسانێكی زۆر زیرەكە وقەواموسەڵتەنەش پیاوێكی خۆڵەكن زۆر و هێز لەكن خۆشە. لەگەڵ شاش قسەم كرد، مەلامستەفا بە راوێژی تایبەتی خۆی بەزمانی فارسی بۆی دەگێڕاینەوە :

«ڕۆژێک لەگەنێكیان لەسەر نام، مل پێچێكیان لەمل هاڵاندم، پاڵتۆیەكیشیان لە دووكانی پیرایش بۆ كڕیم، ئەرتەش پارەی دابوو جلم بۆ بكڕن، بەڵام سەرهەنگ غەففاری زۆڵ دەیەویست پارەكە بخوا و كۆنە لیباسی خۆی دەبەرمن كا. بۆ من پاڵتۆی نوێ و كۆن وەك یەك وابوو، بەڵام ویستم لێی حاڵی كەم كە ڕاستە ئێمە خەڵكی شاخ و كێوین بەڵام لە هەمووشت حاڵی دەبین. بە غەففاریم گوت: كاك سەرهەنگ، بۆ دەوڵەتێک وەكوو ئێران بەو هەموو مێژووەوە شەرمە جل وبەرگی كۆن دەبەر میوانێ كا، ئەو دەسبەجێ بردمیە دووكانی پیرایش و گوتی: هەرچێكی دەتەوێ هەڵگرە. هەر ئەو پاڵتۆیەی ئێستا لەبەرم دایە لەپیرایشمان كڕی. دوایە منیان بردە كۆشكی شا.

لە ژووری چاوەڕوانی شادا هەمووان بە چاووبرۆ قسەیان دەكرد و پەیتا پەیتا



هـ .س. ئـویـبـەری

www.arsivakurdi.org

٣- لەو سەردەمەدا و تا ئێستاش شتێک بەناوی وەزارەتی مەعاریف لە سلێمانی نەبووە و نییە، بێگوما نووسەر مەبەستی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی ئەو کاتە بووە.

٤- گۆرانییەکی میللی ناوچەی ڤێرملاند ( گەرمیانی)ی سوێدە.

٥- (پارتی دیموکراتی کورد)ی مەلامستەفای بارزانی ئەوکاتە سازنەکراوە، بەڵکوو لە ساڵی ١٩٤٦، هەبووە، بەڵام لەو دەمەدا مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا دراوە.

٦- لە گوڤارەکەدا وشەکە وانووسراوە، بەڵام نێوێکی ئاوا، کەسانی شارەزای ئەوێش، نایناسن. ئێ پێمان وایە خاتوو سیگرید وشەی (کامپەکە)ی بەرگوێ کەوتووە و وای نووسیوە.

٧- ستیگ ڤیکاندەر: ساڵی ١٩٠٨لە دایک بووە. پاش ئەوەی لە زانستگەکانی ئوپسالا و کۆپنهاگن پاریس خوێندوویەتی، لە ساڵی ١٩٣٨دا لە زانستگەی ئوپسالا دکتۆرای وەرگرتووە و لەساڵی ١٩٤١ پلەی دۆسێنتی دراوەتێ لە زانستگەی لووند و لەساڵی١٩٥٢دا لە زانستگەی ئوپسالا بووە بە پرۆفیسۆر لەبوواری سانسکریت و توێژینەوەی بەراورد لە زمانە هیندوئەورووپاییەکاندا کاری کردووە. بۆ لێکۆڵینەوە توێژینەوە لە لوبنان و سووریا ژیاوە لەساڵی ١٩٥٣دا و لە ١٩٥٩ و ١٩٦٢-١٩٦٣ لە تورکیا ژیاوە، پاییزی ١٩٥٨دا لە ئەکادیمیای ئۆبوو و توروون ئیلیزپیستو لە فینلاندە دەرسی گوتۆتەوە. جگە لە لێکۆڵینە و توێژینەوەی زمانەوانی و مێژووی ئایین، ستیگ ڤیکاندەر نووسینی لە سەر چیرۆکی شیعریی هیندی ئەفسانەی هیندی بلاوکردۆتەوە. کۆمەڵێ تێکستی کوردی کۆکردۆتەوە و لە کتێبێکدا بە نێوی Recueil des textes Kourmandji لە ساڵی ١٩٥٩ لە زانستگەی ئوپسالا بلاوی کردۆتە وە. ساڵی ١٩٨٦ کۆچ دوایی کردووە.

دەستی کردەوە بە خوێندنی دەرسە کوردیکانی . کاتێک کە باوکم سەفەری کرد و گەڕایەوە بۆ سوید، ئێمە، تا ئەو دەمەی کە هەل ودەرفەت هەبوو، بەردەوام هەر ھاموشۆی کوردانمان دەکرد. دوائێوارەش پێش ئەوەی عێراق بەجێ بێلێن لە مارسی ۱۹٦۱دا، سەرکردەیەکی کوردمان لە گەڵ سەرکەردەیەکی ناسیۆنالیستی عەرەبدا بانگێشتن کردبوونە ماڵ، بەلام دواتر وای لێ هات کە کارێکی وا بە هیچ جۆرێک نەکرێت.

بارودۆخ و رەوشی کوردەکان لە عێراقدا بە شێوەیەکی توند و خراپ گۆڕا و جەنگی خوێناوی براکوژی هەڵگیرسا. باوکم لە پشتگری و خۆشویستنی کورددا چەند بۆی کرا لە ماڵ لە ئوپسالا خەریک و بەردەوام بوو و منیش پێوەندییەکی چڕ و خەستم لە گەڵ کۆمەڵەی جیهانی کوردستاندا هەبوو کە پێگەکەی لە رۆتردام بوو. لە رێگەی ئەو کۆمەڵەیەوە هەموو زانیاری و ئاگادارییەکم سەبارەت بە کورد لە هەر کاتێکدا دەست دەکەوت و پێدەگەیی ، ئەو دەمە خەڵکی سوید بە دەگمەن دەیانزانی کە کورد هەیە.ئەمڕۆ گەلێک کوردمان لە نێواندایە، چ وەکوو هاووڵاتی سویدی یان میوانی بێگانە. با لەم وڵاتەدا وادەست بکەن کە لە ماڵی خۆیاندان و شتێک بە فەرهەنگی ئێمە پێشکێش بکەن و جارێکیش لە جاران وەکوو دیارییەک ئاوڕێک لە دوو دۆستی گەورەی کورد لەنێو توێژەرە سویدیکاندا بدەنەوە و بیرێکیان لێ بکەنەوە: پرۆفیسۆر ستیک ڤیکاندەر(۷) کە بەم تازەیە کۆچی دوایی کرد، هەروەها باوکم پرۆفیسۆر ه.س نوبیەری کە تا ساڵی ۱۹۷٤ لە ژیاندا بوو. ئەوان هەر دووکیان بە گەرمی هاوبەشی چارە نووسی کوردیان کردو بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زمان و مێژوویانەوە خەریک بوون و لە گەڵیشیاندا هاودەرد بوون.

## پەراوێزی وەرگێڕ :

۱- ئەم گوتارە یەکەم جار لە گۆڤاری (Svensk-Kurdisk Journal) ی ژمارە ۱-۲ی ساڵی ۱۹۸٦دا، کە لەلایەن "کۆمەڵەی فەرهەنگی سوید – کوردستانەوە" لە سوید دەردەچێ، بلاوکراوەتەوە.

۲- هـ .س.نوبیەری: هەنریک سامۆێل نوبیەری، لە ۱۸۸۹/۱۲/۲۸ لە «سویدەربیرکە» لە سوید لە دایک بووە و ساڵی ۱۹۷٤ کۆچی دوایی کردووە. ساڵی ۱۹۰۸ بۆ خوێندنی رۆژهەلاتناسی و زمان چۆتە زانستگەی ئوپسالا و بووە بەشاگردی مامۆستای بەناوبانگی زمانانی سامی K. V. ZETTERSTEEN و پاشانیش بووە بە جێگری لە هەمان زانستگەدا. ساڵانی ۱۹۲٤-۱۹۲۵ لە میسر خوێندوویەتی. لە ۱۹۳۱-۱۹۵٦ پرۆفیسۆری زمانانی سامی بووە و پاشانیش بووە بە پرۆفیسۆری زمانانی ئێرانی و لە بواری ئێراناسیدا لە مەڕ ئایین و مێژوو و زمانەوە بەتایبەت زمانی پەهلەوی کاری زۆری کردووە. بواری سەرەکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو، زمانانی سامی، بەتایبەت زمانی عەرەبی بووە. لەساڵی ۱۹٤۸وە ئەندامی ئەکادیمیای سویدی بووە. ئەندامی دەستەی نووسەرانی «ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی» بووە. ساڵی ۱۹۵۷ لەلایەن کۆنگرەی جیهانی رۆژهەلاتناسانەوە مەدالیای زێڕینی Lidzbarski وەرگرتووە. هەرچەندە لە بواری زمان و ئایین و ئێراناسیدا زۆر خەریک بووە و کاری کردووە، بەلام لە تەمەنی ۷۰ ساڵیدا و لە ساڵی ۱۹٦۰دا بۆ یەکەم جار سەردانی ئێرانی کردووە و ساڵی ۱۹٦۳ یش بۆ جاری دووەم سەریداوەتەوە. مامۆستا و زانا و زمانەوان و توێژەرێکی دیار و ناسراو بووە.

کارەساتاویتر دەبوو و نەرمە بەردی سەیریش دەبوونە هۆی وریا کردنەوەی مرۆڤ ، بەرەو ژوور بە نێو تونێلێکی درێژی تەواو نەکراودا، کە فرەنساوییەکان لە کاتی شۆڕشدا بە جێیان هێشتبوو، تاوەکوو دەزگە و زنج و کۆڵیت و خێوەتمان لەو بەرەوە وەدی کرد و دەنگی زەنگی بڵند و ترسناکمان ژنەفت. بەستەکە لەسەر چەمی سیروان لە لایەن سێ کۆنتراکتەر (مقاول)ی ئەمەریکایی و دەزگەیەکی ئەڵمانییەوە دادەمەزرێ لە گەڵ کۆمەڵێک ئەندازیار کە سەر بە وڵات و نەتەوەی جیاوازن و بۆ ئەوەی ئەلەکتریک (کارەبا) باکووری عێراق بگرێتەوە. لە نێو ئەو هەموو نەتەوە و خەڵکی وڵاتە جیاوازانە دا یۆگۆسلاڤییەک وەدەرکەوت کە بەنێو خێوەتگە ( ئۆردووگا) کە دا لە کامەلا (٦) گێڕاینی. خێوەتگەکە لە کۆمەڵێک زنج و کۆڵیتی خنجیلانەی سپی ژمارەدار پێکهاتبوو، بە دەوری مەلەوانگەیەکدا بوو کە پیادەڕێ [شۆستە) و داری بە دەورابوو و دەرگەیەکی هەبوو لە تاقی سەرکەوتن دەچوو! هەرزنج و کۆڵیتێ دوو ئاشپەزخانە و دووگەرماوی هەبوو.

فرۆکەوانە ئەڵمانییەکان و دوو ئەڵمانی دیکە و «کرێگەر» و ئێمە ڕۆیشتین بۆ کۆشکی جێگری سەرۆکی ئەندازیاران کە بەستەکەی پیشاندایین. ئەگەر مرۆڤ هیچ شتێک دەربارەی بەست نەزانێ فریو دەدرێ بەوەی کە لە شێوەیەکی خەیاڵی و تەلیسماویدا بیانبینێ، تا رادەیەک وەکوو ئەوەی کە کارکەرە کوردەکان بە گاڵتەوە دەیڵێن وایە کە لاندرۆڤەرێکی بچووک کوڕی لاندرۆڤەرێکی گەورەیە. ئەمە ئەندازیارێکی ئەڵمانی گێڕایەوە بۆ سەلماندنی، نەک ئارەزووی گاڵتە و شۆخی لای کوردەکان بەڵکوو «دواکەوتوویی و بەجێ ماوییان لە بارەی تەکنۆلۆژیاوە»!!!

## لەژێر ئاسمانی پڕ ئەستێرەی کوردەواریدا:

گوتوبێژ و دەمەتەقێی کاتی شیو خواردن لە نێو زنجەکەدا کە بانگێشتن کرابووین بۆ ئەوەی تێیدا بنوین، شێوەیەکی جیاوازی وەرگرت لەوەی بارەگای خەبات لە سەرەوە. لە بارەی خەڵاتی نۆبێلەوە کە پاسترناک وەریگرتبوو و لەبارەی ئەدەبی یۆگۆسلاڤی و لە مەڕ تفاق و ناوماڵە رێکخستن و لەبارەی فۆلفگانگ لە بیۆنهاردی کۆمۆنیستی وازهێنا و سەبارەت بە مانگ و لەبارەی ماتماتیک و لەمەڕ هۆز و تیرەیەکی ئەمەریکاییەوە کە باوەڕیان وایە کە زەوی تەختە و لەبارەی بابەتگەلی گەپاوی ونیوگەپاوی ترەوە، دووایین. لە مەڕ کوردیش پەیڤین لە کاتێکدا کە حەوتەوانە بەسەر سەرمانەوە وەستابوو وئاسمانیش بە ئەستێرەکانییەوە لە هەموو جارێکی بەغدا روونتر دەدرەوشایەوە. سۆزیی داهاتوو بەرەو بەغدا شۆڕبووینەوە بە فرۆکەیەکی VWی چکۆڵە ، بە بەرزی ٦٠٠ میتر ولەگەڵ کاپتن ڤایس» دافڕین. بە سەر کوردستاندا بە رێگە شاخاوییەکانییەوە و بە نشێو و دۆڵ و چەم و رووبار و ئاوەڕێیەوە، بەسەر کێڵگەی چوار گۆشەی پێدەشتەکاندا و بەرەوخوار بۆ بێئاوانەکان، فڕین. فرۆکەوانەکە گوتی: «هیچ خۆش نییە مرۆڤ رۆژێ دووجار بەم رێگەیەدا بفڕێت، بڕوێت و بێیتەوە».

کە گەڕاینەوە بۆ ماڵ پاکیزە ڕاوی کە بە حیلمی بە نێو بانگە لە گەڵ خوشکەکەیدا دانیشتبوو. پاکیزە خەریکە «ئاڤێستا» وەردەگێڕێتە کوردی. باوکم

لیم دزرا..) و منیان لە گەڵ خۆیاندا برد بۆ بانگیشتنێکی چای و لە وێ فێری هەڵپەرکێیەک بووم کە لە گەڵ چوار کچدا کردم، بەرانبەر بەوە گۆرانی «ئاخ گەرمێن تۆی جوان» م بۆ گوتن (٤). ئەوجا کاتی ڕۆژاوابوون چووینە سەرچنار، کە چیاکانی دەتگوت پشکۆن. پاشان باوکم و من لای خانوویەکی بەردین گل دراینەوە، لەوێ تابلۆیەکی نیۆنی هەڵواسرابوو، لێی نووسرابوو: *خەبات*.

## بارەگای بارزانی

ئێمە وامان زانی ئەمە قاوەخانەیەکە یان جێگەی کۆبوونەوەی لاوانە. کورد لە هەموو جۆرە تەمەنێک لە سەر پلیکانەکان دانیشتبوون. کوردێکی درێژ هات و بە توندی دەستمی گوشی و بە ئینگلیزی گوتی: «شەوباش Good night» منیش بە گاڵتەوە گوتم: «دەتانەوێ هەرلە ئێستاوە بڕۆن؟»، ئەوە تەنێ سڵاو و بەخێرهاتن بوو. لەژوورە درێژ و باریکەکەدا ئەم وێنانە هەڵواسرابوون : لە نێوەڕاستدا ژنێکی کورد کە بە پیر و لاوی کورد دەورەدرا بوو، بۆمان دەرکەوت کە ئەوانە شەهیدن و لە ڕێی خەباتدا دژ بە ئیمپریالیزم و بۆ مافی کورد شەهید بوون. وێنەکەی ئەو لاوە هی ماوتسی تۆنگ (کەلو سەردەمەدا وانێو دەبرا) و لینین بوو. ئێمە لەنێو بارەگای «پارتی دیموکراتی کورد» ی تازە سازکراوی (٥) مەلا مستەفای بارزانیدا بووین. تووشی لێپرسینەوەیەکی ڕاستی بووین سەبارەت بە سوێد:

– ئێوە ئەندامن لە هیچ پەیمانێکی سەربازیدا؟
– نە.
– ئایا چ وەبەرهێنانێکی سەرمایەداری بێگانە لە وڵاتی ئێوەدا دەکرێ؟
– نە.
– ئێوە چەند پارتیتان هەیە؟
– پێنج. هەموویانمان ژمارد.
– چەند کۆمۆنیستتان هەیە؟
– تا ڕادەیەک کەم.
– بۆ چی؟
– لە بەر ئەوەی ئەم دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتییە باشتر بۆ ئێمە دەگونجێ لە شێوە و فۆرمێکی دی کە ئێمە لەو بڕوایەداین دەمانکاتە پاشکۆی هێزێکی دی. ئێمە دەمانەوێ سەر بە خۆ و ئازادبین و لە ئاشتیدا بژین.
– دەی خۆ ئێوە دەوڵەمەندن؟
– بەڵێ بەڵام تا پێش سەد ساڵێک ئێمەش تا ڕادەیەک وڵاتێکی پاشکەوتوو بووین. کەس ئەم باسەی گوێ لێ نەبوو بوو و هەموو دڵنەوایی خۆیان دەکرد و دڵ پڕ لە هیوا بوون و پێیان وابوو کە شتێکی سەیرە.

وەکوو کۆتایی هێنانێک بە مانەوە کەمە تایبەتییەکەمان لە سلێمانیدا تاکسییەکمان گرت و چووین بۆ لای بەستەکەی دەربەندیخان. دەشت و وشکاییەکە

سەرپێییەکانی لە پێ داکەند و دای بەمن. منی گەوج و دەبەنگیش هەروا ڕەشۆکی سەرگوناکانیم ماچ کرد، ئەوەش بوو بە هۆی تیز و گاڵتەی هەمووان و کچەکانیش دەستیان بەهاوار و چەپڵەلێدان کرد و کچەکەش ماچەکانمی گێڕایەوە و ماچی کردم . ئەوجا براین بۆ ژووری پۆلێکی دی و ه.س. نوێبەری لە نێوان کچانی منداڵتردا کەلە نێوان ١٢و ١٦ساڵاندا بوون خۆی بینییەوە و دەورە درابوو.

پێشتریش لە بیرۆی بەڕێوەبەر لەگەڵ سێ مامۆستای شۆخ و جواندا دانیشتبووین کە بانگهێشتنی قاوە و چای ترشیان کردین. ئەوان پرسییان: «دەتانەوێ گوێ لە چ وانەیەک بگرن؟» ه.س. نوێبەری گوتی: «بەتەواوی ئارەزووەوە، مێژوو».

## وانەیەک لە مەڕ مێژووی کورد

چووینە دیوی پۆلێکەوە کە مامۆستاکە لەوکاتە دا خەریک بوو دیکتە( ئیملا)ی شتێکی دەکرد. زۆر دیکتەکردن و لەبەرفێرکردن، نەبوونی کتێبی خوێندن لە وڵاتێکی وەکوو عێراقدا دەگەیەنێ و پێشان دەدات. هەموو دەفتەرەکان بە خێرایی خرانە نێو تەختەکانەوە و وانەیەکی ئاساییشێوە بەعەرەبی دەستی پێکرد. مامۆستاکە گوتی:

«تەنێ لە پۆلە پلە نزمەکاندا بە کوردی وانە دەگوترێتەوە، بۆ پۆلی پلەی بەرز هیچ کتێبی خوێندن بە کوردی نییە».

مامۆستا کۆمەڵێک پرسیاری سەبارەت بە ئاشوورییەکان و بابلییەکان و ئەکەدییەکان و سۆمەرییەکان کرد و دەستی کچان بە کۆمەڵ بەرزەوە بوو و وەرامەکانیش گورج وخێرا و بەڕوونی دەدرایەوە. مخابن کە بۆمان ڕێکنەکەوت لێدوان و بۆچوونی مامۆستاکە خۆی لە بارەی مێژووی نوێوە ببیسین. تەنێ یەک خوێندنگەی دی گەڕاین ، ئەوجا پێمان وابوو تەواوی خوێندنگەکانی سلێمانیمان دیوە، کە سەرجەم ٤٠ دانە بوون. لەو خوێندنگەیەی دی کە چووین، کچەکان بە پێشکۆشی سپییەوە و بەڕێکوپێکی بە دەوری مێزێکدا وەستا بوون کە سێ دەفری لە سەر بوو و لە نێو دەفرەکانیشدا: ١- بسکویت. ٢- هێلکەو ڕۆن. ٣- کێکێکی بەشەکر هەبوون. ئەو کارەیان بە بۆنەی کۆتایی تاقیکردنەوەوە کردبوو. لە هەریەکە شتێکمان خوارد. لە دواییدا و لە ژووری نیگار کێشان هەمدیس تووشمان بوو بە تووشی شەوقی گۆناسێوینەوە، کە تکای دەکرد و دەیگوت: «دەمەوێ بخوێنم، دەرس بخوێنم». پاشان باوکم بە نائومێدییەوە پرسیاری کرد: «دەتوانم بچمە کتێب فرۆشییەک؟» کۆمەڵە هاوەڵە ڕووخۆشەکان کە لە تەکماندا بوون ئەو داخوازییەیان بە جێ هێنا و چووینە ئەوێ و وەستاین و دەستمان کرد بە پەڕهەڵدانەوە و تێڕوانینی کتێبی کوردی لە تاکە گەنجینەی کتێب کە لەو شارەدا بوو، ئەنجامیشمان زۆر لاواز و بێفەڕ هاتە بەرچاو. زۆربەی کتێبەکان چ کتێبی شیعر و چ کتێبی سیاسی، کۆمۆنیستانەبوون . لەبەری ئەوە کڵاوی کوردیمان کڕی، کە یەکێکە لە نموونە هەرە جوانەکانی کاری دەستیی کوردی. سەعات چوار کاتێک گەڕاینەوە بۆ میوانخانەکە، دوو مامۆستای کچ و کچێکی دی کە ناوی جەمیلە بوو لەوێ وەستابوون و جەمیلە دەسێ جلی کوردی لە باوەشدا بوو و جلەکان بە*دیاری دران بەمن* (بەداخەوە پاشتر لە ئەڵمانیا



www.arsivakurdi.org

حەزیان دەکرد و دەیانویست هەموو شتێک دەربارەی کچانی سوێد بزانن، بەڵام باوکم کێشرایە نێو بازنەیەک لە مامۆستا کچە لاوە شۆخەکان کە جلی مۆدێرنیان لەبەردابوو. ئەوان نەخش و نیگاری کوردییان پیشان دابن کە خۆیان کردبوویان. پاش قاوە خواردنەوە لەگەڵ کێکدا کە خۆیان دروستیان کردبوو بانگ کراینە نێو هۆڵێکی گچکەوە و لەوێ پەنجا کچێکی گەنج بە پاڵتۆی ئەستوورەوە خزابوونە ژوورەوە. خۆیان ئارایش نەکردبوو و پێستیان زیپکاوی و هەرزەکارانەبوو و چاوانیشیان رەش و جوان و رەنگی رووەتیشیان زۆر گەش و لەشساغ و بێ خەوش بوون. پێنج کچی بالابەرز و کەڵەگەت لە بۆ ریزی ئێمە و لەبەر دڵی ئێمە جلی کوردییان لەبەرکردبوو منیش وەکوو پێویست ریک دەستێ جلی وەکوو ئەوانم لەبەرکرد. جلەکان لەمانە پێکهاتبوون : دەرپێی کیسە ئاسا کەلە نیوەی بەرەو خوار بۆلای دەرقاچەکەی و چەپ و راست زەردبوو، کراسێکی نیوە درێژی تەنک کە ئەو دیوی لێوە دەبینرا و قۆڵەکانی زۆر درێژ بوون و لە پشتەوە پێکەوە گرێ دەدران و نیوەی درێژیی قۆڵەکان دەکەوتنە سەرشان و لە ژێر ئەو کراسە شیفۆن یان نایلۆنانەوە ژێر کراسێکی مۆدێرنی نایلۆنین کە داوێنەکانیان بە نەخش و نیگار رازێنرابووە دەبینرا، لەسەرەوەش سوخمەیەکی نایابی نەخشێنراو کە هەریەکەیان جۆرێک بوو، ئەوەی من کۆتری ئاشتی چکۆڵە وجوانی پێوە دوورابوو. قەراخی سوخمەکەش گۆبەرۆکی زێرو زیوی پێوە بوو کە دەبریسکایەوە، بە سەر هەموو جلە کانیشەوە چەند بلێی خشڵ هەڵگیرابوو.

پێلاوگەلێکیش کە لە پێی کچەکاندا بوو نەخشێنراوبوون ، هێندێ جار بە پاژنەی پلاستیکی. پێنج کچەکە - سەریشیان نەبەستبووەوە - چەند شێوەی جیاواز هەڵپەرکێیان کرد. ئەمان لە کاتی هەڵپەرکێکردندا دەستی یەکیان دەگرت. ئەم دەستگرتنە لای کچانی هیندی ، بۆ نموونە، هەرگیز نابینرێ. شێوەی پێ دانان و هەنگاوەنانی سەماکە تا رادەیەک یەک جۆرە بەڵام رێکوپێک و لەسەر ئاوازە . ئەو کچانەی کە وەستابوون و تەماشایان دەکرد دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان و هەڵپەرکێکەرانیان بەدەنگی بەرز و هات و هاوار و غەلبەغەڵب گەرم کرد. جار بە جاریش سەیرێکی باوکمیان دەکرد بۆ ئەوەی بزانن هەڵوێستی چییە، بێگومان پێیان باش بوو.

لە ناکاو کچێکی بەدەو راوەستا و گۆرانییەکی خەباتگێری سیاسی چڕی و ئەوانی دیکەش بۆیان سەندەوە و بوون بە کۆرس بۆی و ناو بەناویش گۆرانییەکەیان دەبڕی بۆ ئەوەی بابژییەکی عەبدولکەریم قاسم بکەن و پاشان بۆ ئاشتی و یەکێتی گەل وجارێکی دی بۆ قاسم و ئەوجا بۆ ئاشتی و پاشان بۆ کۆمار و بۆ برایەتی کورد و عەرەب و لە دوایشدا دیسان بۆ ئاشتی بابژی دەکرا. ئێستا ئیدی کاتی ئەوەبوو کە باوکم شتێک بڵێت. ئەو وای پێ باش بوو کە هێندێک گۆران پێویستە بۆیە وشەی ئازادی نێو برد. ئەوجا دەنگ و هاواری کیژان بێسنوور و بێکۆتایی بوو. باوکم گوتی : «کە گەرامەوە بۆماڵ باسی بەسەر هات و بینینەکانم لە کوردستان بۆ لاوانی سوێدی دەگێڕمەوە». بە دوایدا شەپۆلی دەنگی بەرز و قاڵە و هاوار بەرز بووەوە و ئەگەر کچەکان بیانتوانییا باوکم هەڵگرن و بەرزکەنەوە بۆ ئاسمان بێگومان دەیانکرد. نەسرین، کچێک بوو کە لەو نزیکانە وەستابوو،

www.arsivakurdi.org

کۆنیەک دەڕۆیشتین دەنگی «عەرەب وکورد برایە» دەهات و ئەوەش کە ئەوەی دەگوت هەردوو پەنجەی شایەتمانی پێکەوە دەگرت و بەوە وێنەی برایەتی پیشاندەدا. لە میوانخانەکە چاوەڕوانی سەر نووسەرێکی کورد بووین کە نێوی نووسرابوو دێتە دیدەنیمان و هەرگیزیش نەهات. لەباتی ئەو فوئاد رەشید سەرۆکی دەزگەی فەرهەنگی لە گەڵ مووسایەکدا هات کە بەڕێوەبەری بیرۆ بوو. ئەو شەوە کە ساردترین شەوی سلێمانی بوو، هێندە سەرمامان بوو کە ناچار بانگمان کردنە دیوەکەی باوکم و لەوێ خۆمان بە پەتوی ئەستوور و پۆشەن پێچایەوە و دانیشتین. پاش ئەوەی کە بە درێژا لەمەڕ کوردستان و ئەو سەرکەوتنەی کە وەدەس هاتبوو بە پشتگریکردنی فەرهەنگی کوردی، پەیڤین، دەستمان کرد بە دووان لە بارەی سویدەوە. ئەوان هەردووکیان زۆر زۆر ستایشیان دەکرد و لایان پەسەندبوو، بە پێچەوانەشەوە هەموو شتێکی کوردستانیشیان لا خراپ بوو. من دڵیانم بەوە دایەوە کە باسی هەموو شتێکی خراپی لای خۆمان ، لە سوید ، بکەم. بەڵام باوکم ئەوەی هیچ پێ خۆش نەبوو. لە راستیدا پاشان پێکهاتین و ئەوجا باوکم گوتی: «بۆچی تۆ بەو شێوەیە وڵاتی خۆت رەش دەکەیت ودەشکێنیتەوە؟! Right or wrong, my country,! ››. بەڵام من لەبەر ئەوەم بوو تائەوان بەرانبەر بە پێشکەوتنی ئێمە هەست بە کەم و کووڕی و ناتەواوی نەکەن.

پێنجشەممە ٢٨ی ژانیوەری چووینە وەزارەتی زانیاری ( معارف) سلێمانی(٣) لە لایەن مووسا و کوردیکی چکۆلەی ئینگلیزی زان کە نێوی مەجید سەعید بوو وەمامۆستایەکی ردێن نەتاشراو کە نێوی مەحموود ئەحمەد و هەروەها مامۆستایەکی نەخش ونیگار کە شەوقی نێو بوو و سەرۆکی «نێوەندی بیستن و بینین» بوو، پێشوازی کراین و ئەمان بوونە هاوەڵی هەمیشەیی و بەردەوامەمان بە درێژایی ئەو رۆژە گرنگە. شەوقی داوای بۆرسی ( ستێپیندیوم ـ منحة دراسية) خوێندنی لێکردین لە سوید یان لە «ئەڵمانیای دیموکراتی». بۆ هەر کۆنیەک دەڕۆیشتین شەوقی گۆناسێوین بەقژە رەشە لوولەکەیەوە و دەسە جلە شیکەکەیەوە لەبەر دەممانا وەستابوو و بڕوانامەی ( گەواهی نامە) کانیشی بە دەستەوە بوو. مخابن ئێمە دەمانزانی کە هەموو داوا کردنێک دەبێ لە رێگەی حکوومەتی عێراقەوە بێت و لەبەر ئەوەش بە هیچ شێوەیەک هیچ نەدەکرابۆ تاکە کەسێک ، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە لە بوواری هونەریدا کار بکات.

ئەم شەوقی یە گۆناسێوینە فیلمێکی رەنگداری ١٦ ملیمی لە بارەی جەژنی شۆڕشەوە لە ساڵی ١٩٥٩ دا لە سلێمانی پێشان داین. نە زرنێوش و نە فڕۆکەی جێتی لێبوو، وەکوو خۆنواندنەکەی بەغدا، بەڵکو تەنێ کچانی شۆخ و شەنگی سەماکەری کورد و گوندییەکان کە بەپیادەیی دەڕۆیشتن.

## سەمایەکـی کوردی

من گوتم : حەز دەکەم سەمایەکی کوردی ببینم . لەبەر ئەوەی کوردستان ناوچەیەکە کە خۆزگە و داخوازی میوانی تێدا دەسبەجێ دەهێنرێتە دی، ئێمەیان بردە خوێندنگەیەکی کچان و لەوێ بە کچانی کونجکۆڵ و فرەپرسیار حاتە درام کە

کردمان ئەوە بوو کە سەردانێکی قازیی شارمان کرد، موحەممەدی خاڵ. خاڵ خەریکی تەواوکردنی فەرهەنگێک بوو لەسەر ئەو زمانە کوردییەی کە لێرە پێی دەپەیڤن ، سۆرانی.
قازی لووتێکی درێژ و دوو چاوی نزیکبین و تیژ و چکۆلە و دەمێکی نووقاوی هەبوو. فێسە سوورە بە باندازی سپی پێچراوەکەی کە هەموو قازییەکان لە سەری دەکەن هاتبووە نێو چاوانی وتوند چەسپی سەری بوو بوو.

## گوتوبێژێکی بەسوود

گوتوبێژێکی بەسوود لەنێوان باوکم وقازیدا بە عارەبییەکی کلاسیکی کرا. من ئەوە تێگەیشتم کە چاپکردنی فەرهەنگێک بەجوانی ، لەم ناوە کارێکی سەختە. ئەوەش فێربووم کە زمانی کوردی، زمانێکی فرە دیالێکتە و ئەو دیالێکتەش کە ئێستا بۆ نووسین بەکار دەهێنرێت دیالێکتی سلێمانییە و کوردەکان لە تورکیا دیالێکتی جیاوازیان هەیە.
خاڵ گوتی کە کوردەکانی عێراق ریالیستن ( واقعی) و بڕوایان بەوەش نییە کە کوردستانێکی سەربەخۆ کەهەموو کوردی ئەو وڵاتانە بگرێتەوە چێ دەبێ و ساز دەبێ، مەگەر لەوانەبێ پاش جەنگێکی جیهانی دی و دابەشکردنێکی نوێی جیهان. پاشان بۆمان دەرکەوت کە زۆربەی ئەوکوردانەی سەرەوە کۆمۆنیستن و پێیان وایە کە تەنێ یەکێتی سۆڤیەت دەتوانێ ئازادی بۆ کوردستان بهێنێ! جێی سەر سوورمان نییە کاتێ کە پارتی کۆمۆنیستی عێراق خەریک بوو داوای مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای دەکرد، دروشمی «کوردو عەرەب برایە» ی هەڵگرتبوو و لە پرۆگرامەکەشیدا گەلێک خاڵ سەبارەت بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد هەبوون - باوکم گوتی: «من هاودەردییەکی گەورەم لە دڵدایە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردان. کورد یەکێکە لەو گەلە زۆرانەی سەر زەوی کە هەمیشە و ئێستاش چەوسێنراونەتەوە و بە پاشکەوتوویی هێڵراونەتەوە. تاکە تاکە کورد لە مێژووی وڵاتانی خۆیاندا هەڵکەوتوون. ئەو سەلاحەددینە مەزنە کە هەموومان دەچینە زیارەتی گۆڕەکەی لە دیمەشق، کوردبوو. یەکێک لە کەسێتییە (شخصیە) فەرهەنگییە هەرە زیرەک و شارەزاکانی میسر، ئەحمەد تەیموور پاشا، لە خێزانێکی کوردی سووریا بوو. کوردەکان دەرفەت و بواری مەزنیان هەیە کاتێک کە دێنە نێو هەل و مەرجی دیکەوە. شتێکی سروشتییە کە ئەوانەی سەرکەوتوون و بۆیان رەخساوە وەهەڵکەوتووە کەبەهرە و زیرەکیی خۆیان وەپێش بخەن، خۆزگە و ئاواتێکی گڕگرتوویان بۆ ئازادی و سەربەستکردنی گەلەکەیان لە دڵدایە». لەقاوەخانەیەکی سلێمانیدا دانیشتین و دەمەتەقێ و گوتوبێژمان کرد و بە گشتمانەوە دەمانگوت کە باشترین هەلێک کە کورد لە عێراقدا هەیەتی ئەوەیە کە دەست بداتە ئەو دەستەی کە حکوومەت لە بەغداوە درێژی دەکات. ئێمە باوەڕمان نەدەکرد کە پان - عارەبیزم کە لەنێو هێندێ دەستە و تاقمدا بڵاو بووبۆوە، چارەسەربێت، چونکە نیوەی عێراق کەمینەی نەتەوایەتی بوو و لەهەموویشیان گەورەتر کوردبوو. هێڵی قاسم ئاوەهابوو:
عێراقێکی عێراقی بۆ عەرەب و کورد و ئەرمەنی و ئاسووری و...هتد. بۆ هەر



www.arsivakurd.org

زەردباوەکاندا، کە خێرا بوون بە چیای لەت و پارچەکراو، بردینی. وردە بەردی زۆر و زەبەندە و رەقەن و وشکانی ئاسمانێکی بەهارەی شینی درەوشاوە بەسەر زەوییە رووتەکەدا کەوانەی دابوو. جگە لە دەنگی ئۆتۆمۆبیلەکە هیچ دەنگێکی دی نەدەبیسرا. لە زارکی (ژوورگەی ـ مدخل) هەر گوندێکدا پسوولە کاغەزە بە نرخەکەی وەزارەتی بەرگری : « پرۆفیسۆر نوییەری و کچەکەی...» مان دەردەهێنا و پیشانمان دەدا. لە نێوان گوندەکاندا تەنێ مێگەل وشوانمان دەبینی. لەپڕ، بێ ئەوەی مرۆ بەبیریدا بێت لە پاش هەورازێک، زنجیرە شاخێکی بە بەفر داپۆشراو لەبەردەممانا قوت دەبێتەوە. چیای زاگرۆس لەو دوورە، لە ئێران! باوکم دەڵێ: دەبێ گەچ یان بەردی قسلْ بێت. من دەڵێم: دەبێ ئەوە بەفر بێت. قسەی هیچمان دەرناچێ، بەلام من هەر بەردەوامم لە خەون بینین بە شاخەبەرزە بەهەشتییەکانی لای ئاسۆوە.

ئەو دۆڵەی کە سلێمانی تێدایە بەرین و پان و تەختایی و دەشتە و زنجیرەکەژەکەی تارادەیەک نزمە. بەلام لەکاتی خۆراوادا ئەوچیا وشکەبۆرـ قاوەییانە دەبنە ئاگرێکی گڕو بڵێسەدار.

ئەم دۆڵە لەو دۆڵانە نییە کە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەرانە ( شیرو هەنگوین) ی پێدا بڕوات. مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن دۆڵێکی ئاوا بژیوی سەرتاپای شارێک، کە پێتەختی کوردانە، دابین دەکات. کۆمەڵە شاخی چڕ و مەزنی پیرە مەگروون بۆ خۆی بە تەنیا لەو تەختاییەدا قوت بۆتەوە. دەسبەجێ گەشتەکانی خۆمم وەبیر دێتەوە لە بەشە شاخاوییە باشوورییەکانی تری ئاسیادا، لە ئازەربایجانەوە لە رۆژاوا تاوەکوو نیپالْ و ولاتانی هیمەلایا لە رۆژهەلات. تەنانەت شتێکی هاوبەشیش لە نێوان دانیشتوانی ئەم جۆرە ناوچە رووتەن و وشکانەدا هەیە و وەدی دەکرێ ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز تفەنگیان لێ دوور ناکەوێتەوە وململانێیان لەگەڵ ژیاندا سەختە. ئەفغانەکان و پەتانەکان وکوردەکان – مەبەستم بەراوردکردنی هەموو شتێک نییە – خوو نەریتی فەرهەنگیی خۆیانیان پاراستووە.

ئەو کوردانەی کە ئێمە لە نێو جادەدا دەیانبینین سەروڕووی جوان و ڕێک وپڕیان هەیە و بالابەرز و بە هێز و زەلامن. هەرکە دەچینە نێو دایەرەیەکەوە و لەگەڵ کارمەندێکدا چای یان قاوەیەک دەخۆینەوە، هەر ئەو خەڵک و مرۆڤە نەرم و شل و بڕێکیش هەویراساییانەی پشت مێزی نووسین دەبینین کە لە هەموو دایەرەکانی جیهاندا دەبینرێن. شێوەی جل لەبەر کردنی خەڵکمان زۆر پێ جوانە، رانکی کەوە (شینی تۆخ) یان بۆر و کراسی دوو قۆپچە و مێزەری ریشوودار و پشتێنێکی زلی رەنگاوڕەنگ. ژنەکان کراسی درێژی رەنگاوڕەنگ وپشتێنی پان و کلاوی رەشی تا هەنیە داچۆڕاو و عەبایان هەیە.

چارشێویش تەنێ ژنانی چینی نێوەندی شارەکان دەیپۆشن. لە زارکی (ژوورگەی) سلێمانیدا بایەکی سارد و ناخۆش دای بەروومانداـ بایەکە بە نێو دیوارەکاندا خۆی دەگەیاندە میوانخانەکەی کە لێی بووین و شەوێ هەریەکە بە خواردنیشەوە ٢٤/٨٠ کرۆنمان دەدا. ژوورەکان سادە وساکار بوون بەلام هەم ئاوی گەرم و هەم مێزی نووسین و چرای خوێندنەوەشی تێدا بوو. باوکم مەکینەی ردێن تاشینەکەی لە بیر کردبوو، ئەمنیش پیجامەکەم! پاشان کردمان بە خوو و لەو ژوورە ساردانەدا هەرچی جلێکی گەرم کە هەمانبوو لەبەرمان دەکرد– یەکەم شتێک کە





www.arsivakurd.org

## پشوویەکی نائاسایی

ئەمن بۆ خۆم هەر یەکسەر پاش شۆڕشی ١٩٥٨ لە گەڵ کچە چکۆلە یەک ساڵانەکەمدا چووبوومە کوردستان. چۆن ڕێککەوت؟ جێگەی پرسیارە. هیچ بێگانەیەک نەیدەتوانی بە نێو عێراقدا بگەڕێ و بسووڕێتەوە. من بڕیارم دابوو بەهەر شێوەیەک بێت بە زووترین کات دوای گەیشتنم بە عێراق کوردستان ببینم و لە وەزارەتی نێو خۆ داوای ڕێدانم کرد و ئیزنم خواست. وەکوو هۆیەکیش بۆ گەشتەکەم سووک وهاسان نووسیم «پشوودان»! دیپلۆماتەکان لە بەغدا بڕوایان بە گوێی خۆیان نەدەکرد کاتێک بیستیان کە ئەمن ڕێگەی گەشتکردن دراوم. خۆم و منداڵەکە بە شەمەندەفەر چووین بۆ مووسڵ، لەوێ لە ماڵی خێزانێکی عەرەبی دۆست مابینەوە، کە بەم تازانە بە هۆی یاخیبوونەکەی شەوافەوە، ماڵەکەیان تاڵان کرابوو. تا ئەوکاتەش مرۆڤ تا ڕادەیەک بۆنی خوێنی ئەو هەموو مردووەی سەرجادانەی دەهاتە لووت .

ئێمە سواری پاسێکی ئاسایی ڕێگەی دەرەوە بووین و بەرەو سەرەوە بۆ هۆتێلی مەزنی تۆریستی لە سەرسەنگ وەڕێ کەوتین، لە سەرسەنگ شافەیسەڵ و عەبدولئیلاهـ، کەبەو تازەیە لە شۆڕشەکەدا کوژرابوون، کۆشکی هاوینەی ئاساییان هەبوو(من وام بۆ هەڵکەوت ئەو کۆشکە لە ناوەوە ببینم). ئەو هوتێلە مەزنە ڤالا بوو. لە لایەن هەزاران مێش و کچە چکۆڵەکەم و من خۆمەوە ئاوەدان کرابووەوە. بە چوار دەوری ئەستێلە چیومەکەدا هەموو بەیانییەک کۆمەڵێک کورد دادەنیشتن و دەیانڕوانییە «ئیمە» و من کە چۆن خۆمان دەخستە ئەستێلەکەوە. ئێواران دەچووینە سەرەوە بەرەو باخێکی گچکە کە کوردەکان کردبوویان بە خوو و هەموو ئێوارەیەک لەوێ خڕدەبوونەوە و دەیانکرد بە گۆرانی و شایی. ئێمەش لە گەڵیاندا دەبووین و چەپڵەمان لێدەدا. تەنێ پیاوان دەهاتن. هەر زوو لە گەڵیاندا بووین بە دۆستی چاک و ئەوانیش لە ئاگاداری و چاودێری کردنی ئێمە دا باوکانە بوون و بەرانبەرمان دۆستانە بوون. پاش چەند ڕۆژێک ئەفسەرێکی عێراقی هات و بە توندی و توورەییەوە پێی گوتم ئایا من تێناگەم کە بۆ ژنێکی تەنیا و منداڵێکی بچووک زۆر دژوارە کە هەر دوو مانگ دوای شۆڕشی تەمموز لەم هوتێلەدا بن لە نێوەندی ئەم کوردستانە کێوییەدا. من پێکەنیم.

ئەم جاریش دەبوو باوکم و من جارێکی دی بگەڕێینەوە بۆ کوردستان ، من بە دەربڕین وشەی دڵڕفێن و پەسەند و دڵگیر باسی جوانییە بێبەر و وشکەکەی کوردستانم لای باوکم کردبوو. ئەمجارەیان بە فڕۆکە ڕۆیشتین و دوای سەعات و چارەکێک لە کەرکووک بووین. کەرکووک بە ئەمبار و گەنجینە مەزنە نەوتییە زۆرەکانییەوە خۆشگوزەرانیی عێراق پیشان دەدات، لێرە ١١٣ کەس زیندەبەچاڵ کران کاتی ئاژاوە و فەرتەنەکەی پاش شۆڕش، زۆربەیان تورکمان بوون، ئەمڕۆ، ٢٦ی ژانیوەری ١٩٦٠، واپێدەچوو کە هێمن و ئارام بێت. هیچ خانووی سووتاوی لێنەبوو وەکوو مووسڵ. بە خۆمان و ئیزننامەکانمانەوە چووینە کن پۆلیس و بەپەلە بەرەو دەشت و دێهاتە کوردییەکان وەڕێ کەوتین .

ڕێگەیەکی قیرتاوی ڕاست و ساف و لووس بە نێو تەپۆڵکە و گردە قاوەییە

# هـ . س نویبەری لە کوردستان (٢.١)

نووسینی : سیگریدنوییەری کاڵە
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ئەمجەد شاکەلی

کاتێک کە پرۆفیسۆر هـ.س نویبەریی باوکم، هات بۆ ئەوەی جەژنی لە دایکبوونی ٧٠ ساڵەی خۆی لای ئێمە بکات لەبەغدا، ئێمە وەکوو دیپلۆمات لە بەغدابووین. یەکێک لە ئاواتەکانی باوکم ئەوەبوو کە کورد ببینێ.

لە سەردەمی ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسمدا لە ساڵانی ١٩٥٩–١٩٦٠ دا بوو کە کوردەکانی عێراق بۆ ماوەیەکی کورت وکەم ئۆتۆنۆمییەکی فەرهەنگییان هەبوو وبە ئازادی دەژیان. باوکم دەشیەویست بە زووترین کات دەرسی کوردی بخوێنێ. ئێمە توانیمان پاکیزە حیلمی بدۆزینەوە، کەلەگەڵ هێندێ کوردی بەناوبانگی سلێمانیدا بانگێشتنی چای کردین. خاتوو پاکیزە حیلمی مامۆستایەکی کوردی بۆ باوکم پەیدا کرد، کە هەموو بەیانییەک لە نێو باخچە جوانکیلەکەماندا لە کەنار دیجلە بەرانبەر بەدۆرە لەگەڵیدا دادەنیشت.

٢٤ی فێبریوەری ١٩٦٠. باوکم سەمینارێکی لەمەڕ «گەشەکردنی زمانی فارسی و سەرنجێکی تایبەتی لە زمانی کوردی» بەئینگلیزی بۆ خوێندکارانی کورد لە زانستگەی بەغدا گرت. ئەوە دەبێ تا ڕادەیەک شتێکی گرنگ و سەیر بووبێت بۆ ئەو خوێندکارە لاوانە کە بۆ جاری یەکەم ببیسن ئەورووپاییەکی زمانەوان بە شێوەیەکی زانستییانە لە مەڕ زمانی ئەوان دەدوێ. پاشان ئەوان پرسیاری ئەوەیان کردکە: «کام زمان کۆنترە، کوردی یان فارسی؟» یان «ئێوە زۆرتر حەز بەکام زمان دەکەن، فارسی یان عەرەبی؟». باوکم کە بریسکە و درەوشاوەیی لە چاودا بوو، زیرەکانە و دادگەرانە گوتی: «کوردی».

٦٤- بڕوانە: La reedition de Kurt Tarihi d'I. NURI, Istanbul, 1976, Yontem y., p.11-12

٦٥- "ئاخۆ دەیانەوێت سالانی سەرکەوتن و سەربەستی و ئازادی نەتەوەیەک نمونەی بەجەرگی و جەنگاوەری لە دۆستان و دژمنان بشارنەوە، نەتەوەیەک کە بە بریسکەی شمشێرەکانی تاریکی مێژووی جێهێشت و ڕووکردە ڕووناکی و دوژمنانی چەندان سەدە بە ئازایەتی و پالەوانی، هێنایە لەرزین" N. DERSIMI, Kurdistan Tarihinde Dersim, Halep, 1952, p. 336-330.

٦٦- بڕوانە: B. CHIRGUH (Celadet BEDIRKHAN), La Question kurde , Le Caire

٦٧- بڕوانە: M. SENCER, Dinin Turk Toplumuna Etkileri, Ist., 1974, May y., p. 325.

٦٨- بڕوانە ئەو وێنانەی کە لە بلاوکراوەی کوردە ئەورپاییەکاندا بلاو کراونەتەوە: Ronahi et Roji Nu و هەردووکیان لە سەردەمی شەری جیهانی دووەمدا لە بێروت چاپ دەکران.

٦٩- "پێویستە لەسەرمان کە بەزووی فێری پیتە نوێکانی تورکی ببین. هاوولاتیان فێر بکەین ، بە ژن و بە پیاو و بەدارا و نەدار و ئەم ئەرکە بە ئەرکێکی نیشتمانی و ناسیۆنالیست سەیر بکەن" گوتەی ئەتاتورک. بڕوانە O.ERGIN, Turk Maarif Tarihi, vol . 5, Istanbul, 1978, (1ere ed. 1954), Cagri y., p. 1764.

٧٠- ئۆرگانی خۆیبی بوون، هاوار لە سالی ١٩٣٠ەوە بە پیتی لاتینی بلاو دەکرایەوە. دەربارەی ئەو کۆمیتەیە بڕوانە دیپلۆمەکەم: Le probleme national kurde، لاپەرە ١٠٨-١١٣

٧١- بڕوانە: s. JAVAD, Iraq and the Kurdish Question, London, 1981, p. 11.

٧٢- ئەمانە بریتیبوون لە: دوکتۆر فواد بەرخۆ؛ شاعر جبران؛ کۆلۆنێل یوسف زیا، پارێزەرو کۆنەئەندامی پەرلەمان حسن حەیری، کەمال فەوزی، تۆفیق، حۆکە ئیشکەری، سەعید محەمەد، ئیحسان نوری و چەند کۆلۆنێل و ئەفسەری دی کورد. بڕوانە: F. IBRAHIM , Die Kurdische Nationalbewegung im Iraq, Berlin , 1983, p.223, M. S. FIRAT, Dogu Illeri ve Varto Tarihi, op. cit., p.123 ; B. CHIRGUH, La Question Kurde, op. cit., p.20 ; et I. PARMAKSIZOGLU, Tarih Boyunca Kurt turkleri ve Turkemenler, Ankara, 1982, TKAE y., p.84.

٧٣- بڕوانە: Daily News, 02.03.1925, (no 178), FO E 1394/1091/44.

٧٤- بڕوانە: S. BEDERKHAN, The Case of Kurdistan against Turkey, Philadelphia, 1928, p.69.

٧٥- بۆئەوەی کە هیچ تەمیک لەسەر بەکارهێنانی زاراوەی Volkislam دروست نەبێت، پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئێمە وامان بەکار هێناوە وەک ئامرازێکی تەکنیک کە هەندیک هەلسوکەوتی سیاسی و کۆمەلایەتی تایبەتی پێ ڕوون بکەینەوە، نەک بۆ نیشاندانی دیاردەیەکی نوێ، چ لەلایەنی کۆمەلایەتیەوە و چ لەلایەنی ئایینیەوە کە واتای دژ بە ئیسلام یان جیا لە ئیسلام بێت.

www.arsivakurd.org

٤٤- بڕوانە: , Tunceli Vilayetinin Idaresi Hakkinda Kanun, loi no 2884 du 25.12.1935
Publiee in Kavanin, 1936.

٤٥- بڕوانە: Bulletin periodique de la presse turque, no. 120, 1936, p. 8 ; N. DERSIMI,
Dersim Tarihi, op. cit. p. 181-184 ; 220.

٤٦- بڕوانە:, H. KIVILCIMLI, Ihtiyat Kuvvet : Milliyet, Istanbul, 1979 (redaction 1934 )
p.47 ; et M.M. Van BRUINESSEN, op. cit. p.261.

ڕۆژنامەکانی تورکیای ئەو دەمە بە دڵگرانییەوە دەڕواننە ئەوەی کە چۆن کوردان "چەتەیی وەکو ناپاکییەک دژی نیشتمان نابینن":

٤٧- بڕوانە: A. YUCEKOK, Turkiye de Din Egitim Orgutlerinin Illere Gor
Dagilim in Siyasal Bilgiler Fakultesi Dergisi, v. XXV, 1970, p : 140 -141.

٤٨- بۆ ئەو هۆکارانە بڕوانە دیپلۆمەکەم. لاپەڕە ٢٤٣-٢٥٦ کە لەمەوبەر لێی دواین.

٤٩- کەمال دەربارەی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید دەڵێت:

"ئەم شەڕە وەک شەڕێکی ئایدیال دەناسرێت. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی تورکدا سە ریازەکانمان جەنگاون بۆ ئایدیاکانیان و بۆ ئامانجێکی پیرۆز". بۆ ئەمە بڕوانە: T. Z. TUNAYA, Turkiye de Siyasi Partiler, Istanbul, 1952,
p : 169.

٥٠- بۆ ژمارەیەک لەو نوسینانەی کە لە بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەوە وەرگیراوە بۆ دەربڕینی ڕەوانگەیی "مارکسیانە" دەربارەی ئەو هاوکارییەی نێوان ئاغا کوردەکان و کەمالیسم بڕوانە: H. KIVILCIMLI, Ihtiyat kuvvet ...,
op.cit., p. 81-99.

٥١- دەربارەی ناسیۆنالیسم بڕوانە : E . KEDOURIE, Nationalism, Hutchinson Univ. Lib. , London, 1979, (1ere ed. 1960) ; et E. GELLNER, Nation and Nationalism, Oxford, 1983.

٥٢- بڕوانە: C.A.O. von NIEUWEHUIJZE, Sociology of the Middle East, A Sociological
Stocktaging and Interpretation, Brill, Leiden, 1971, p : 346

٥٣- بڕوانە: E. KEDOURIE, Nationalism, op. cit., p. 102

٥٤- دەربارەی بڵاوکراوەی کوردو تورکی لە بڕوانە: C.O. TUTENGIL, Yeni Osmanlilardan Bu Yana Ingiltere'de Turk Gazeteciligi, (1867-1969) , Istanbul, 1969, p. 92-93 .

٥٥- دەربارەی کارتێکردنی جەودەت لە کەمالیسم بڕوانە: T. CAVDAR, Turkiye'de Burjuva Demokratik
Duzene Yonelik ilk Hareketler, Yeni Ulke (Ankara), no 4, 1978, p.243.

٥٦- دەربارەی ژیانی و بەرهەمەکانی بڕوانە: S. HANIOGLU, Bir Siyasal Dusunur Olarak Doktor
Abdullah Cevdet ve Donemi, Istanbul, 1982, et H.Z. ULKEN, Turkiye'de cagdas Dusunus Tarihi, 1stanbul, 1979, Ulker y., p. 240-251.

٥٧- بڕوانە: W.N. Jr. HOWELL, The Soviet Union and the Kurds, these soutenue a
l'Univ. de Virginia, 1965, p. 216.

٥٨- بڕوانە:. H. IBRAHIM, Bir Hasbihal , Jin (Istanbul) , no 1, 7.11.

٥٩- بڕوانە: M. SELIMBEGI, Kurtlukte Terakki Cereyanlari , Jin, 26.04.1919

٦٠- بڕوانە:, Ibid. , art. cit.

٦١- بڕوانە: TEWFIK, Kurtlerde Vahdi Zeka , Jin , 25.02.1919

گۆڤاری ژین لە نێوان ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٨ لە لایەن محەمەد ئەمین بوزەرسلان، لە پێنج بەرگدا، لە ئۆپسالا چاکراوەتەوە.

٦٢- دەربارەی گەشەکردنی باوەڕەکانی شەریف پاشا و پەڕینەوەی لە عوسمانیسمەوە بۆ کوردایەتی بڕوانە هەردوو دیپلۆمەکانم
L'opposition liberale dans l'Empire ottoman (1908-1914) (preparee sous la direction de
F. Furet, Paris, juin 1987 .

وە: Le Probleme national kurde en Turquie, deja cite.
کە لەمەوبەر باسمان کردون.

٦٣- "وەچەکانی هەر نەتەوەیەک ئەگەر بە شانازییەوە پیاهەڵدانی کارە پیرۆزو مەزنەکانی باپیرانیان نەکەن، کە لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەیان پڕ کردوەتەوە، لە ژیاندا بە هیچ ناگەن جگە لە نزمی و سەرشۆڕی" بڕوانە: K.Bitlisi, Kurdler Irani
Degilmidir ? , Jin, no. 18, 08.05.1919

Hakkında Meclis Görüşmeleri, Ankara, (ed. Univ. d Ankara), 1957

٢٦- بڕوانە: Bagdad Times, 7.4.1925.

٢٧- بڕوانە: E. LINDSAY and A. CHAMBERLAIN, Constantinopole, Feb., 24.1925. (n.154) , FO E 424 / 262.

٢٨- بڕوانە: C. MADANOGLU, Anilar, op. cit., p : 223.

٢٩- دەربارەی ئیسلام لە ناوچەی کوردانا. بڕوانە:
A. BUTRUS, " The Nakchibendiyya - Majaddidye in the Ottoman Lands" Die welt des Islams, vol xx11, 1982,
هەروەها: M.M Van Bruinessen, Agha, Sheikh and the State, Utrecht, 1978.

٣٠- بڕوانە: R. W. OLSON- W.F. TUCKER, " The Sheikh Said Rebellion in Turkey", Die Welt des Islams, vol. XV111, op. cit., p : 261.

٣١- بڕوانە: M.M Van Bruinessen, Agha, Sheikh and State, op. cit., p : 261.

٣٢- بڕوانە: Ibed, لاپەرە ٢٤٨ هەروەها B. CEMAL, Şeyh Said İsyanı, İstanbul, 1955, لاپەرە ٢٠.

٣٣- بڕوانە: Notes sur l'insurrection du Kurdistan de fevrier a avril 1925 in, M. LINDSAY, Constantinople, 02.06.1925, (no 429), FOE 3340/1091/44.

٣٤- ئەم نامەیەی شێخ سەعید لەلایەن ( ڕۆژی نوێ ) وە لە سلێمانی لە ١٩٦٠ دا بلاو کرایەوە. لاپەرە ٣٦-٣٨. هەروەها بڕوانە ئەو بەڵگەنامانەی کە بلاو کراونەتەوە لەلایەن:
M.S.FERAT, Doğu İlleri ve Varto Tarihi, İstanbul, 1961, M.E. b.y., p: 130.

٣٥- بۆ چۆنیەتی بەرپابوونی ڕاپەڕینەکە بڕوانە:
M.M.Van BRUINESSEN, " Popular Islam, Kurdistan Nationalism and Rural Revolt", in J.M.Bak, G.Beneche, (eds), Religion and Rural Revolt, Manchester, 1984 هەروەها بڕوانامەکەم، لاپەرە ٢١٢ - ٢٢٨.

٣٦- بۆ بەشێکی ئەو خێڵانە بڕوانە:
M. GÖLOĞLU, Türkiye Cumhuriyeti, Ankara, 1971. لاپەرە ١٠٧، هەروەها بڕوانە:
M.S.FIRAT, Dogu Illeri ve Varto Tarihi, op. cit. لاپەرە ١٢٥.

٣٧- بڕوانە: L.DILLEMAN, Les Francais en Haute Djezirah, (archives de CHEAM, , n : 50. 538), P: 50.

٣٨- دەربارەی حاجۆ بڕوانە: DILLEMAN, op. cit. p : 52-53 ; Bruinessen, op. cit., p : 115 ; J. MALIA, M. Kemal ou la Renovation de la Turquie, Paris, 1929, p ; 233 ; A. GIBERT - M. FEVERT, Le Djezirah et son reveil economique , Revue de Geographique de Lyon, 28(1953), p : 10-11.
بۆ وەرگێڕانی نامەکەی حاجۆ بۆ بڕوانە: aussi la traduction de lettre de Hadjo a Naif, in colonial Office, London, 23.04.1926 (n : C.8105. 126) FO E 2583/ 228/65.
هەروەها بڕوانە: Nota by M. JARDINE, Concerning the Kurdish Revolt under Hadjo London, 23.06.1926, Colonial Office, (n : C. 12231/26), FO E 3910/228/65.

٣٩- دەربارەی هەندێک لە نامەکانی سەرکردە کوردەکان بڕوانە: La lettre de certins chefs kurdes a Amin and other kurdes traduite par Colonial Office, 10.08.1926 (C 15217/26) FO 4698/228/65.

٤٠- بڕوانە: Milliyet, 01.05.1930, et note de M. JARDINE, cite suppra, note : 38.

٤١- دەربارەی یەکێک لەو ڕاپەڕینانە (ئەوەی Sassoun) بڕوانە: Les memoires de MADANOGLU, Anilar, op. cit.,

٤٢- دەربارەی کوردانی دەرسیم بڕوانە: P. J. BUMKE Kizilbas - kurden in dersim (Tunceli, Turkei) Marginalitat und Huresie in Anthropos, 1979, n. 74.

٤٣- بڕوانە: N. DERSIMI, Dersim Tarihi, İstenbul, 1979, (1er ed. Halep, 1952), p. 162, H. ÖZTÜRK, Tarihimizde Tunceli ve Ermeni Mezalimi, Ankara, TKAE y., 1984, P.39.

www.arsivakurd.org

١٤- بڕوانە: notamment N. ULUG, Tunceli Medeniyete Açiliyor, op.cit., et A.KEMALI, Erzincan Tarihi, İstambul, 1930 ; Milliyet, 12.07.1930, 13.08.1930 et Akbaba, 15.07.1930.

هەروەها چەند کاریکاتێرێک کە لە ڕۆژنامەی Milliyet, دا بلاو کراوەتەوە بەتایبەتی ئەوانەی ١٢- ٧- ١٩٣٠. و ١٣- ٨- ١٩٣٠. ئەوەی Akbaba ١٥- ١٧- ١٩٣٠.

١٥- بۆ یەکەمین ڕۆژی کردنەوە ژمارەیەک لە Halkevleri (ماڵی گەل) بڕوانە:

دەربارەی قوتابخانەکان Halkevleri, İstanbul, 1969, CHP İstanbul Gençlik kolu., p. 13 - 14.

بڕوانە دیپلۆمەکەم، لاپەرە ٥٨ – ٥٦.

١٦- ئامانجی ئاشکرای ئەو یاسایانەی کە دەرفەتی ڕاگوێزانی لادێکان دەدەن بەم جۆرەیە:"ئەرکەکانی دەوڵەت بۆ چەسپاندنی فەرهەنگی تورک بەسەر ئەو کەسانەدا کە هەمیشە دوورەپەرێز بوون لەو فەرهەنگە، بە ڕوونی پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە لە (یاساکاندا). ئیدی کۆماری تورک ڕازی نابێت بە هەبوونی کەسانێک کە بە پێ ی یاسا سوود لە پێناسەی ئەم وڵاتە وەردەگرن و ئاڵای تورکیان خۆشئەویست... بۆ ئاسانکردنەوەی تواندنەوەی ئەو کەسانەی کە فەرهەنگی تورکیان هەیەو بەڵام بە زمانێکی تری جگە لە زمانی تورک دەدوێن، دەگوێزرێنەوە لەو جێگایانەدا کە دەوڵەت بۆخۆی ئارەزووی لێ یە جێنیشینیان دەکات. بڕوانە:- İ. BEŞİKÇİ - Kürtlerin Mecburi İskanı, Ankara, Komay y., 1976, p.161 و ١٦٥

دەربارەی جێنشینکردنیشی بڕوانە: Journal officiel, no 2773, du 21.06.1934, traduite en francais, in: CHEAM, 1934, Archives du CHEAM, no 60.

هەروەها بڕوانە: یاسای ژمارە 2848 du 18.09.1938 in Kavanin, vol. 16, 1936.

١٧- بۆ ژمارەیەک لە تێبینیەکان بڕوانە: M. K. ATATÜRK, Nutuk, İstanbul, 1972, (p.1103, 1ere ed. 1927) ; K. KARABEKIR, İstiklal Harbimiz, İstanbul, 1960, Türkiye y., pp. 1103 - 1113, etc..

١٨- بڕوانە: شەرەفنامەی شەرەفخان:
Şerefname, İstanbul, 1971, Ant y. et M. KUNT, The Sultan Servants, Princeton univ. Press. 1978.

١٩- دەربارەی زیادبوونی دەستەلاتی خێلایەتی، بڕوانە کتێبەکەی S. LONGRINGG: Iraq 1900 to 1950, A Political, Social and Economic History, Oxford, 1953.

٢٠- بڕوانە: St. DUGUID, " The Polhci of Unity : Hamidan Policy in Eastern Anatolia", Middle Eastern Studies, vol. IX, n: 2, 1973 .

هەروەها بڕوانە: B. KODAMAN, "Hamdiye Hafif Suvari Alaylari : 11. Abdulhamid ve Doğu Anadolu Aşiretleri", IUEF Tarih Dergisi, Istanbul,n:2,1979

٢١- بڕوانە: S. ZARCEKI, " La Question kurde - armenienne", Revue de Paris, Mars - Avril ١٩١٤,

٢٢- بڕوانە بڕوانامی P. RONDOT: Notes sur les Mirans, s.d. Renee., (archives de CHEAM, n:19), p. 9 - 13,

هەروەها گوزاریشەکانی: S.D.N., Question of Fronther betweeri Turkey and Irak, Geneve, 1942, p.29. Mandats, Rapport de la Commission chargee par le Conseil de l'Etude de la Frontiere entre la Syrie et l'Irak, 1932, p.: 36 - 37.

٢٣- بڕوانە: İskan Kanununun Bazı maddelerinin Değiştirilmesine Dair Kanun, , Loi no 2848 du 18.09.1938, Kavanin, vol 16, 1936.

٢٤- بڕوانە: C. MADANOĞLU, Anılar (1911-1938), İstanbul, 1982, Cagdas y., p. 160 e. s. , A. N. SOZER, Diyarbakir Havzası, Ankara, 1969, (ed. de l Univ. d'Ankara ), p. 65, 110.

٢٥- بڕوانە لێدوانەکانی پەرلەمان بۆ چەسپاندنی یاساکان ١٩٢٤: A.S. GÖZÜBÜYÜK, 1924 Anayasası

١٩١٣ وە تا ١٩٢٢ درێژەی کێشا زیاتر بوو. جگە لەوەش هەل و مەرجی ژیۆپۆلیتیک وابوو کە ناوچەی کوردان تەواو ئاوەلا بێت بۆ کارتێکردنی رووداوەکانی ئەو دیوی سنوور ( بێگومان بەسەر ئەودیو سنووریش). بەلام لە شارەکانی رۆژئاوادا ئەوە نەبوو. نەبوونی سیستەمی خێلەکی (هەروەها نەبونی هاوکاریش)، مل کەچی ئایینی بۆ دەولەت، بریتی بوو لە نارەزاییەکی کۆمەلایەتی. ئەمەش نەریتێکی حەنەفی بوو کە زۆر لەپێش کۆماریشدا هۆکاری لەناوبردنی بوو. تەنیا ئەوە ماوەتەوە کە لێکۆلینەوە لەبارەی (Volkislam) (٧١) و هەموو جۆرەکانی دیکەی دەربڕینی نارەزایی قوول بکرێتەوە وەک: چەتەیی، مانگرتن، کێشە لەگەل ژاندارم و کارگێران وتاد... لێرەوە جێی دەهێلین بۆ تۆژەرەوەکان کە دەتوانن شتی زۆر سەرنج راکێشەر و گرینگی لێ بەدەست بێنن.

## تێبینی و سەرچاوەکان:

١- بڕوانە: W .S.EDMONDS , " Notes on a Tour to Diarbekir, Bitlis and Much, Constantinople, May 21, 1930, (n: 68), Foreign Office Fo. E 2678/1279/44.

٢- بڕوانە:ئانالیزی Gellner لەسەر "Rulers in a Moses situation",
E. GELLNER, Legitimation of Belief, Londres, Cambridge Univ. Press, Londres, ١٩٧٤,

٣- بڕوانە: K. NACİ, "Türk Devletinde Halkçılık", "ÜLKÜ", Ankara, 3.4.1933

٤- بڕوانە: M. E... BOZKURT, Atatürk İnkilabı, İstanbul, Atıny., 1967, (1ere edition , 1940) ,p. 137, 155 - 156.

٥- ئەم فۆرموله لوت بەرزە هی ئایدیۆلۆگی کەمالیستەکان P.SAFA ە. بڕوانە:
P. SAFA, Türk İnkilabına Bakışlar, (Cumhuriyetin 15. Yili Munasebetiyle), İstambul, Kanaat kitabevi, 1938, p. 19

٦- بۆ هەموو تێکستەکانی تیۆری و کۆنگرەکان لەو بارەیەوە بڕوانە: İ.BEŞİKÇİ, Türk Tarih Tezi ve Kürt Sorunu, Ankara, Komal y., 1977.

٧- بڕوانە ژمارەکانی گۆڤاری کەمالیستەکان: Kadro و هەروەها:
S.S. AYDEMİR, İnkilap ve Kadro, Ankara, Bilgi y., 1967, (1ere ed. 1932).

٨- بڕوانە: A. Engin Sosyalist Geçinenlere Karşı Atatürkçülük Savaşı, İstanbul, s.d. S. SİNANOĞLU, Türk Hümanizmi, Ankara, 1982, TTK y.

٩- بڕوانە: F. RIFKI (ATAY) , Moskova -Roma, İstanbul, 1936.

١٠- ئەمە لە A.US, 1930-1950 Haıra Notları, İstanbul, 1966. دا لە لاپەرە ٢٩ دا بلاو کراوەتەوە. بەلام وەزیری دادپەروەری ئەتاتورک M.E.BOZKURT, دەلێت:
باوەڕی من بەو جۆرەیە... ئەوانەی کە تورکی ڕاستەقینە نین لە نیشتمانی تورکدا تەنها یەک مافیان هەیە: مافی بوون بە نۆکەری تورکان، مافی بوون بە بەندەی تورکان". بڕوانە: ڕۆژنامەی Milliyet, 19.9.1930

١١- بڕوانە: in C. KUTAY, Celal Bayar, İstanbul, 1938, vol. 3, p.1354

١٢- سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شێخ سەعید پێویستی بە پەنجا ملیۆن لیرەی تورک بوو. ئەم پارەیەش سێ یەکی بودجەی سالانە بوو. بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ئاراڕات شەست و شەش هەزار سەرباز و زیاتر لە سەد فڕۆکە بەشداریان کرد. بۆئەوەی دەرسیم پێویستی بە زیاتر لە پەنجاهەزار سەرباز بوو. بە پێی ئەفسەرێکی تورک خەرجی سالانە بۆ هێشتنەوەی سوپا لە ناوچەکەدا، دە ملیۆن لیرەی تورک بوو. بۆ ئەمانە بڕوانە دیپلۆمەکەی من لەژێر ناونیشانی:

١٣ - بڕوانە: یاسای ژمارە: ١١٦٤ی ٢٦-٦- ١٩٢٧ دەربارەی:

ئەورووپایی کاری زۆر تێکردبوو هەموو شتێکی تری جگە لە ناسیۆنالیستی بە ناڕەوا دەزانی (٧٦). مەڵبەندی لە نیویۆرک، پاریس، دیمشق، تاران، بە غدا و لە بەیروتیش هەبوو و توانی لەشکرێکی سوپایی بەهێز ڕێکبخات و لەژێر سەرکردایەتی ئیحسان نوری پاشادا (کە کۆلۆنێلێکی عوسمانی و کۆنە ئەندامی ئازادی بوو و "خۆیی بوون" کردی بە ژەنێراڵ) توانی دەوڵەتێکی کاتی دابمەزرێنێت. بەڵام ئەم کۆمیتەیەش نەیدەتوانی کارتێکردنێکی وای هەبێت، ئەگەر سەرکردە ئایینی و خێڵەکیەکانی کورد لە تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق بەپشتگیری کردنی سوپایی و ئایینی ڕازی نەبوونایە، بێگومان نەبەشی زۆری کۆدەکردنەوە و نە بانگەوازی ڕێکخستنەکەش لەگەڵ باوەڕی ڕۆشنبیراندا دەگونجا. ڕاپەرینی دەرسیمیش کە وابزانم لەو زنجیرەیەدا لە هەموویان خوێناوی تر بوو، سەرەڕای نەبوونی کۆمیتەیەکی ڕێکخراو لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە، سەرەڕای بەشداری کردنێکی زیاتر سەمبۆلی "خۆییبوون"، تەنها کاری ڕۆشنبیرانی ناسیۆنالیست و شێخانی عەلەوی بوو.ڕاپەرینە بچوکەکان بەهۆی نەبوونی پەیوەندیەوە، نەیانتوانی یارمەتی لەڕۆشنبیرانەوە وەربگرن. بۆیە بەگشتی کەمیان خایاند.

کەواتە ئەم هاوکاریە، هاوکاریەکی هەندێک نامۆ بوو لە نێوانی دو هێزدا، کە لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە "دوژمن" و ناکۆک بوون. بەڵام هەر ئەو هاوکاریەش بوو کە درێژە پێدانی ڕاپەڕینەکانی ١٩٢٥ و (١٩٢٧- ١٩٣٠) و (١٩٣٦- ١٩٣٨)ی گونجاند. با بەکارهێنان و سودوەرگرتن لە ڕۆشنبیران لەولاوە بوەستێ، چونکە لێرەدا مەبەستمان تەنها لە یەکگرتنەوە و لەیەکترچوونی حەتمی دوو نارەزایی بە سروشت جیاوازە. یەکەمینیان دژی مەرکەزییەت و تێهاتنی دەوڵەتی و گۆڕانکاری سەپێنراو لە بالاوەو لەلایەن ناسیۆنالیستی تورکەوە، کە ئارەزووی تێکشکاندنی نەریتی کۆمەڵگای کوردی دەکرد. واتە ڕاپەڕینەکە لە هەندێک ڕووەوە لە ڕاپەڕینەکانی ژێر دەستەڵاتدارێتی عوسمانی دەچوو، ئامرازێکی پاراستنی هەیکەلی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئایینی بوو. ئامرازەکانی کۆکردنەوە و ئامادەکردنیان "نەریتی"ن ، "هۆشیاری نەتەوەیی" زۆر جار وەک پاشگرێک خۆی دەنوێنێت. دووەمیان بەپێچەوانەوە نارەزاییەکی دژ بە بوونی دەوڵەتی نیە - ئەو دەوڵەتەی کە ئەگەر بەبەکارهێنانی زەبروزەنگیش بێت خواستاری شارستانییەتە - بەڵکو دژی دەوڵەتی تورکە کە لە بناغەدا لە کەمالیسم جیاواز نیە. جگە لە کوردایەتی و ئارەزووی پیادەکردنی سیاسەتێکی کوردانە بەسەر کوردان و لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتێکی کوردیدا کە لە بنەڕەتدا نەیدەتوانی جیاواز بێت لە دەوڵەتی کەمالیست.

بەرلەوەی کە کۆتایی بەم گوتارە بێنم حەز دەکەم چە ند وشەیەک دەربارەی ئەو هۆکارانە بڵێم کە وایان کرد ناوچە کوردیەکان و بەتایبەتی لادێکان تەنها بمێننەوە لە خۆڕاگرتنێکی ئەوتۆی دژی ڕژێمی کەمالیست کە شێوە دەوڵەتێکی دەستەڵاتداری بە زۆر سەپێنراوە بەسەر تورکیادا. وەڵامی ئەم پرسیارە بێگومان سادە نیە، چونکە بینیمان کە بزوتنەوەی کورد ئەنجامی ئەمبەر و ئەوبەری دوو جۆر نارەزایی بووە. ئەو هەل و مەرجە نەیدەتوانی لە بەشەکەی تری تورکیادا دروست ببێت. لە لایەکی تریشەوە گەرچی ڕاستە کە نارەزایی بەرچاو دەکەوتن (هەروەک منمن و ریز و سامسون) بەڵام وادیارە کە ئارەزووی ئاشتی و هێمنی، لەدوای ئەو شەڕەی کە لە

خۆیانەوە لاسایان کردەوە و بە هەنگاوێکی شارستانیشیان لە قەڵەم دا (٦٩). کاتێک "کەمال" فێربوون و قبوڵکردنی پیتی لاتینی بە ئەرکێکی نیشتمانی لە قەڵەم دا، ناسیۆنالیستە کوردەکانیش هەمان کاریان کرد (٧٠) . بگرە ئەمەیان کاتی هەرە زۆرکەمی ویست کە رۆشنبیرە کوردە بیرئەوروپاییەکان بە خۆشیەوە لاسایی بکەنەوە. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە لە ئێران و لە عیراق جەماوەری کورد هەر بە پیتی عارەبی دەینوسی (٧١). دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەو ئامرازانەی ناسیۆنالیستانی کورد بۆیان دەلوا بە کاری بهێنن، لەرادەبەدەر کەمتر بوون لەوانەی کە کەمالیستەکان لە بەردەستیاندا بوو. نەبوونی فشاری دەوڵەتی، بێگومان سنوری کارتێکرنی هەڵکەوتوانەی کوردی تەسک کردەوە. بێگومان ئەمە هیچ لەو دوو نمونەیە کەم ناکاتەوە کە لەبارەی خاڵی هاوبەشی شێوەی بیرکردنەوەی هەڵکەوتوانی کەمالیست و کوردان نیشانمان دان، کە هەردووکیان تەواو شەیدای ئازایەتی بێ بەزەییانەی دوکتۆر عبداللە جەودەتن.

## (٦)

س. جەواد دەربارەی هۆشمەندانی ناسیۆنالیستی کوردی ئێراق دەڵێت:
" ئەم رووناکبیرانە بۆ ماوەیەکی کەم چوونە ژێر رکێفی سەرکردە خێڵەکیەکان، بەو هیوایەی کە بتوانن رۆژێک راپەرینێکی بەجەوهەر خێڵەکی بە راپەرینێکی نەتەوەیی بگۆڕن".
وابزانم ئەم روانگەیە باری بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی کورد لە تورکیادا روون دەکاتەوە. لەراستیدا ئەم دیاردە نوێیە سروشتی نارەزایی کوردانی ژێردەستی کۆمارەکەی گۆڕی. لەگەڵ دەرکەوتن و رێکخستنی داخوازیەکانی کە روو لە هەموو "نەتەوەی" کورد دەکات، راپەرینە بە سروشت خێڵەکی - ئایینیەکان رواڵەتێکی سیاسیان بەخۆیانەوە گرت و ئەمەش لەناو پرۆژەیەکی گشتیدا رەنگی دایەوە، بەنیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی.
هۆشمەندانی کورد، هەر لە ١٩٢٣ وە، لە مەیدانی چالاکیەکانیاندا بە ئاشکرا بە شان و باڵی جیابونەوە هەڵیاندەدا. کۆمیتەی نهێنی ئازادی کە لەوەبەر لەلایەن ژمارەیەک لە رۆشنبیران و ئەفسەرانی کوردەوە دامەزرابوو (٧٣) توانی سوپایەکی بەهێز لە دە هەزار چەکدارێک پێکبهێنێت، لەژێر فەرمانداریێتی سەو پەنجا ئەفسەردا کە لەوەبەر لە لەشکری عوسمانیدا بوون (٧٤). کۆمیتەکە سەرکردایەتی بزوتنەوەکەی دایە دەست پیری تەریقەتەکان (شایانی باسە کە شێخ سەعید لەنێوانیاندابوو) چونکە بەبێ ئەوە بزووتنەوەی خێڵەکان مەیسەر نەدەبوو. خۆئامادەکردنەوەی بزووتنەوەکە بەشێوەیەکی نێگجار خێرا لەوای تێکشکانی ١٩٢٥، کاری کومیتەیەکی دیکە بوو۔ خۆیی بوون - کە لە ١٩٢٧ دا لەلایەن ژمارەیەک لە رۆشنبیران و ئەفسەرانی کوردەوە، کە لە دەرەوە دەژییان، بە هاوکاریەکی باشی پارتی ئەرمەنی "تاشناک سوتیون" دامەزرێنرا (٧٥). ئەم رێکخراوە کە بیری

دەپێچێتەوە... ئێمە لە چەرخێکی وادا دەژین کە تەنانەت یەک سەعات لە ئەزانین (خەوتن ) واتای مردنی نەتەوەیەکە" (٥٩).

"توانامان هەیە لە نهێنییەکانی هێزە نەریتییەکانی لەدایک بووی ئەوروپا و ئەمریکا تێبگەین. ئێستا دەزانین کە ئەو هەوایەی کە لەو ناوچانەوە دێت رەشەبایەکی ژاراوی نیە، بەڵکو وزەی ژیانە".

"کوردان، وێڕای نالەباری مەرجەکانیان، دەتوانن لە دەمێکی کەمدا ئەو شارستانییەتە بەرزە بگونجێنن و ئەرکی پێشبردنی ئەو کاروانە ئاڵۆزە لە ئەستۆ بگرن".

"ئەو شارستانییەتە بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ بەهێزبوون تێناکۆشن نەهامەتییە، بەڵام دەرمانە بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەزووی دەکەن" (٦٠).

"ئەو دەمارگیرە ئایینیانە کەسانی بێ بارن و خۆیان لەژێر چەندان رەنگ و شێوەی جیاوازدا دەشارنەوە. دەترسن کە لە خەوهەستانی گەل، هیچ بەندەیان بۆ نەهێڵێتە و هەموو ئەو سامانەی کە بە بێ ماندووبوون بەدەستیان هێناوە تەفروتونا ببێت" (٦١).

"ئەو نەتەوە پچوکانەی کە خۆیان رێک دەخەن، پێش هەموو شتێک دەبێت ئاکاری خۆیان چاک بکەنەوە و بیری خۆیان لەگەڵ سەردەم و پێویستییەکانی چەرخ بگونجێنن" (٦٢).

بەم جۆرە ناسیۆنالیزم پرۆژەی دەوڵەت و لە هەمان کاتدا پرۆژەی کاری نوێ خوازی بەشەرعی دەخستەوە. بێگومان زۆر لەپاش "کۆمیتەی یەکێتی و پێشکەوتن". بەڵام زۆریش لەپێش کەمالیستەکانەوە هۆشمەندانی کورد جێگەی ئایین و خەرافاتیان بە ناسیۆنالیزم و بە نوێ خوازی پڕکردەوە. لەراستیدا ئەم پرۆژە نوێیە کۆمەڵایەتیەی کە زۆر کەم (لە دواتر هەر هیچ )لە ئایین و نەریتی کۆمەڵایەتی دەدوا، لە ١٩٢٥ بەولاوە رۆڵێکی گرینگی بینی لەبواری کەم کردنەوەی توانای کارتێکردنی ناسیۆنالیستەکان بەسەر شارە کوردەکان.

شان بەشانی وازلێهێنانی تێزی پان عوسمانیزم ( وەک لەلای شەریف پاشا دەبینرێت) (٦٣)، ئەو تایبەتیانەی کە ناسیۆنالیستی پێ دەناسرێت، هێدی هێدی جێگای خۆیان کردەوە! چەرخی گەشەدار کە لە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەرەوە هەڵبەسترا (٦٤)، گرنگی دان بە شەهیدانی مێژوو و گۆڕەکانیان ئەمیش لە زۆر کاتدا هەڵبەستراو (٦٥)، زیندوکردنەوەی ئەفسانەی ئازادی کە بە درێژایی هەزاران ساڵ لە گیانی کورددا بە هەبووە (٦٦)، لێکۆڵینەوە لە نەریتی راپەرینە خێڵەکیەکان و ئەوانی تریش لە روانگەیەکی ناسیۆنالیزمییەوە (٦٧)، دانی واتای خەباتی شارستانی بە خەباتی ناسیۆنالیست...تاد، هەموو ئەم خاڵانە جێگای خۆیان لە گوتار و لێدوانی ناسیۆنالیزمی کوردی سەردەمی کەمالیستدا کردەوە.

لەیەکچونی وشە و زاراوە و دارشتنی ئەم گوتارانە و ئەوانەی ناسیۆنالیزمی تورکی کەمالیست زۆر زەقن. لەوەش زەقتر، خوێنینەوە و بە یەکترگەیشتنەوەی هەردوو رێگاکانی ناسیۆنالیستی کەمالیست و ناسیۆنالیستی کوردانە لە پراتیکدا.

ئەو "شۆڕشە" جلوبەرگیەی کە هەرکەس دژی بوایا بە دوژمنی رژێم دادەنرا و ئەنقەرە بە توندی سزای دەدا (٦٨)، هەر خێرا ناسیۆنالیستە کوردەکانیش لەلای

خاڵێکی ناوکۆیی نێوان ناسیۆنالیزمی کورد و ئەوانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە یاد دێنینەوە کە «ئە. قەدوری » جوانی بۆچووە : نەبوون یان لە باشترین باردا لاوازی چینی نێوەندی، دەرفەتی دایە ڕۆشنبیرانی ناوچەکە کە ببنە هێزی هەڵگری ئەو باوەڕە (٥٤). ناسیۆنالیزمی کوردیش لەو ڕووەوە تاک و جیاواز نیە. ئەم ناسیۆنالیزمە کە پەروەردەی دەستی ڕۆشنبیرانە کە خۆیان وەچەی خێزانە ناودارە کۆنە بەگەکانن، هەروەها ئەفسەرانی سوپا بوون. لە هەمان کاتی ئۆپۆزیسیۆنی تورکدا کە ئەمیش بیری ناسیۆنالیزمی زۆر گرتبووە خۆی، سەری هەڵدا (٥٥). یەکێک لە بەناوبانگەکانی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە، عەبدولا جەودەت، کە باوکی گیانی گۆڕانکاریەکانی کەمالیستە (٥٦)، کە شوێنەواری خۆی بەسەر بیری ناسیۆنالیسمی کوردی ئەو دەمە (١٩٠٨- ١٩٢٢) دا و تەنانەت بەسەر کەمالیستیشدا بەجێهێشت. ئەندامێکی چالاکی ناسیۆنالیزمی کورد لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی دا، ئەو دوکتورە سوپاییە کە قوتابی G. Le Bon و F.Isnand بوو، بیری پێشکەوتنێکی "بێ بەزەیی" لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا بڵاو کردەوە. بانگەوازی کۆتایی هێنان بە ئایینی دەکرد کە دەبوایە بە بڕوای ئەو، جێگا بۆ " ماتەریالیسمی بیۆلۆژی " چۆڵ بکات. هەروەها جەودەت خۆی کردبووە دەمڕاستی بیری سەربژاردەیی لە تورکیا و پشتگیری جۆرێک لە هەرەوەزخوازی لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتدا دەکرد. بەباوەڕی ئەو ناسیۆنالیزم ئەنجامێکی پێویستی پسیکۆلۆژی بوو بۆ دابین کردنی یەکێتی "نیشتمان" یش، باشکردنی باری بیۆلۆژی ڕەگەزی بە باش دەزانی (٥٧).

ناسیۆنالیزمی کورد بەهۆی سەرقاڵییەوە لەنێوان (١٩٠٨- ١٩١٨) بۆ ڕێکخستنی پان عوسمانیزم کە بتوانێت کوردستان پێشبخات، هەتا ١٩١٩ لەسەر شانۆی سیاسیدا دەرنەکەوت. بەپێچەوانەی (١٩٠٨- ١٩١٨) تایبەتێتی پان عوسمانیزم، لە ١٩١٩ دا جگە لە پشتگیری جەودەت، بێگومان پرۆژەیەکی ڕوونی خواستاری دەوڵەتێکی نیشتمانی و هەروەها شارستانی و نوێ خوازیشی هەبوو. "ئەم نەوە نوێیە کە بیری بێگانەی وەکوو ناسیۆنالیزم، دیموکراسی و سۆسیالیزم زۆر کاری تێکردبوو، هیوای کوردستانێکی ئازادی لە لەناوبردنی شار و لادێچێتی دا و لە باشکردنی باری- سیاسی و کۆمەڵایەتی دا دەبینی" (٥٨).ئەو پرۆژە کۆمەڵایەتییە کە بەدرێژایی هەموو ئەو سەردەمەی کە بۆ ئێمە گرینگە، بناغەی شەرعیەتی ناسیۆنالیسمی کورد بوو، لە دروستکردنی دەوڵەتێکدا تەنها ئەنجامێکی لۆژیکی بۆ مافی چارەنووس یان مافێکی تەواو گونجاو لەگەڵ پرەنسیپی ویلسۆنیدا نەدەبینی. ئەو دەوڵەتە دەبوایا ڕێگا بۆ پتەوکردنی یەکێتی نەتەوەی کورد خۆشبکات و دەرفەتی شارستانی بۆ گەشەکردنی لەناو کورداندا وەدی بهێنێت. سەردەم بەبڕوای ئایدیۆلۆگەکانی ناسیۆنالیزمی کورد، سەردەمی شارستانییەتە و ئەوانەی فریانەکەون پێی بگەن بێگومان تیادەچن. بەم جۆرە ناسیۆنالیزم دەبووە باوەڕی کوردان و دەرفەتی دەدان کە ئەوانیش سود لەو دەمە وەربگرن و خۆیان بە یەکێک لە نەتەوە شارستانیەکان بزانن. کارتێکردنی بیری جەودەت زۆر کەم شاررابۆوە. وەک دەیبینین:

"ڕێبازە سیاسیە کۆنەکان بەرەو ئاوابوون دەچن. دەبینین کە پێشەوای دیکە و پرانسیپی دیکە دێنە گۆڕێ. بیر بەسەر تۆڕەییدا زاڵ دەبێت. ڕووناکی تاریکی





www.arsivakurdi.org

(٤٨). چەسپاندنی ئەرکی سەرشانی راپەرینەکە وەک جیهادێک و رەتکردنەوەیٚ (قوتابخانەی دەوڵەتی، سەربازی کردن، مارەکردن لە دادگا...تاد) نەریت و یاسای ئایینی تێکەڵ بە هەیکەلی کۆمەلاٚیەتی راپەرینەکە کرد. بەلاٚم هۆکاری دی، لەنێوانیاندا (باری هەل و مەرجی سەردەمی ناوچەیی، دابرانی راپەرینەکە لە بەشەکەی تری تورکیا...تاد) (٤٩)، سیمای خێلاٚیەتی و ئایینی راپەڕیوان کە هۆکاری هەبوون و بزوتنیان بوو، لە هەمان کاتیشدابووە هۆی سەرنەکەوتنیان. بەرگری کردن لە شارەکان بۆ ناسیۆنالیستەکان سەخت بوو، ئیدی لە ١٩٢٥ وە دەوڵەتیان تێکچوو، سیمای بلاٚوی و پارچەپارچەیی لادیٚ، داهاتووی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کزکرد و لە زۆر کاتدا پێشگیری یەکێتی هێزی لادێی کرد. دەستەلاٚتی کەمالیست کە هەستیاری گرینگی کێشەی کورد بوو (٥٠) توانی، بە پێچەوانەی باوەڕەکانی خۆیەوە، کە رەتکردنەوەی هەموو بەشکردنێکی دەستەلاٚت بوو، سوود لە ناکۆکی خێڵەکی وەربگرێت و هاوکاری ریٚ بۆخۆی پەیدا بکات (٥١).

## (٥)

سەرچاوەی ناسیۆنالیزمی رۆژهەلاٚتی ناوەراست، روانگەی هۆشمەندەکانی سەر بە رۆژئاوایە. ئەم باوەڕە لە لایەنی سیاسییەوە، واتای دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ نەتەوە، لە زۆر کاتدا خەیاڵی، یان دروستکردنی دەوڵەت بەبنیەشکردنی ئەوی تر دەگەیێنێت (٥٢). ئەمەش، بەلای کەمەوە لە رۆژهەلاٚتی ناوەراستدا، هاوشان بوو لەگەڵ "نوێکردنەوەدا" (٥٣). "نویٚ کردنەوە" بۆ بەدەستهێنانی "دەوڵەتی - نەتەوە" شتێکی راستە. ناسیۆنالیزمیش بۆخۆی شتێکی راستە بۆ پێویستی گەیشتن بە "شارستانی"، واتا بۆ پێویستی پیادەکردنی بازدان لە سەدە گەشەدارەکانی رابردووی ئەفسانەییەوە بەرەو ئایندەیەکی گەشەداری داهاتووی ئەفسانەیی. سەدەی گەشەدار چەند ئەفسانەییش بوبێت، پاسپۆرتی راستەقینەی واتایی و بیری بۆ داخوازی مافی هەبوونی دەوڵەتێک و داهاتوویەکی ئازاد پێکهێنا. راستە کە دەشێت ناسیۆنالیزم بە هەموو جۆرێکەوە وەک هەستێکی هەڵە سەیر بکرێت، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا لە مێژووی کۆمەلاٚیەتی هاوچەرخی رۆژهەلاٚتی ناوەراستدا، نەک هەر تەنها کەم نەبوو بەڵکو گرنگییەکی مەزنی هەبوو. بیٚ ئەوەی بمانەوێت بەراورد لەنێوان ناسیۆنالیزمی کورد و ناسیۆنالیزمەکانی تری رۆژهەلاٚتی ناوەراستدا بکەین، تەنها ئەوە وەیاد دەخەینەوە کە ناتوانین یەکسەکەیان، گەرچی لەپاشدا سیمای کتومتی ریبازە جیایی خوازەکانی جیهانی سێیەمی بەخۆیەوە گرت، (لاوازی بیری، توانای دیاری کراوی ریکخستن، بیٚ توانایی لە خۆبەشەرعی کردندا چ لەناوەوە و چ لە دەرەوەی ئەو دەوڵەتەدا کە بە رەسمی لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان، یان وەک لەوایپیدا ناوی نرا نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ناسرابوو) بە دیاردەیەکی جیاواز و دابراو لەوانی تر تێبگەین.

چەکدارەکانی ساڵانی ١٩٢٦- ١٩٣٠ بوو. جارێکی تریش هەروەک چۆن لە ڕاپەڕینی ١٩٢٥ دا ئایینیە کوردەکان (ئەم جارەیان نە بە تەنها هی تورکیا بەڵکو لە ئێران و عێراق و سوریاشەوە) بەهۆی بانگهێشتنی ڕێبازی گەورەی نەقشبەندییەوە (٤١)، هەروەها بیر و نەریت و ڕەوشتی ئایینی (٤٢)، ڕۆڵیان هەبوو لە هەڵگیرساندن و درێژەپێدانی ڕاپەڕینەکەی ئارارات و ڕاپەڕینە بچوکەکانی تر دا. دوا ڕاپەڕینی ئەو زنجیرەیە، ئەوەی دەرسیم بوو کە سەرەڕای تایبەتێتی کتومت عەلەوی، نمونەیەکی گشتیمان نیشان دەدات. لە خۆدا خاوەنی ڕابردوویەکی شۆڕشگێڕ و فەرهەنگێکی ئایینی خەباتگێڕ بوو. هەروەها خاوەنی سیستەمێکی هاوکاری زۆر پتەو و بەهێزی نێوان هۆزەکان (٤٣). ئەو ناوچەیە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٢١ توانی ئۆتۆنۆمی خۆی تا ١٩٣٥ بپارێزێ. ڕاپەڕینەکەی (١٩٣٦ - ١٩٣٩) بەرگری بوو لەو ئۆتۆنۆمیە، بەخۆئامادەکردن و کۆکردنەوە و هاوکاری هێزی سەییدەکان و سەرکردە ئایینیەکانی کۆمەڵگای عەلەوی (٤٤). هەڵسەنگاندنی داخوازیەکانی سەید ڕەزای مەزن و سەرکردەکانی تری ڕاپەڕینەکە، بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە پەیوەندییان لە پلەی یەکەمدا بە ڕەتکردنەوەی دەوڵەتەوە بوو. ئەو دەوڵەتەی کە سوور بوو لە سەر "تابولەڕەزاکردنی" ناوچەکە بەمەستی تۆوچاندنی ژیان و شاری تورک (٤٥). کەواتە تێگەیشتنی ئەوە دژوار نیە کە بۆچی هەر شتێک کە پەیوەندی بە پیادەکردنی یاساکانی (١٩٣٤- ١٩٣٥) لە دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی سوپایی و پرد و ڕێگاوە هەبوو، بە شێوەیەکی توندوتیژ لەلایەن خێڵەکانی دەرسیمەوە ڕەت دەکرایەوە (٤٦). داخوازی ناسیۆنالیستەکانیان لە چوارچێوەی گوتاری کۆک و یەکگرتوودا دەردەخران کە توانای هەژاندنی ناوچەی غەیرە عەلەوییەکانیشیان هەبوو. ئەمەش سروشتی بەرفرەوانی ناڕەزایی لە دەوڵەتی نیشان دەدا. ناسیۆنالیستەکان بەم داخوازییانە وەڵامی دەوڵەتیان دەداوە و لە هەمانکاتیشدا خۆیان دەخستە هەمان ڕادەی ڕەوایی ئەو. لەڕاستیدا ترسی لە دەستدانی ئۆتۆنۆمی خێڵەکی و بە شەرم زانینی ژیان لە ژێر حوکمی ڕژێمێکی بێ بەینەت - بۆ عەلەوییەکان کە وەچەی ژێر یاسای عوسمانی بوون - بەس بوو بۆ سەرکردە نەریتیەکان کە ببێتە هۆیەکی مەزن بۆ ئامادەکردنی بەخێرایی دەیان هەزار خەباتگێر. یەکەمین هۆکار ئاگری نەریتێکی کۆنیشی هەڵگیرساندەوە کە واتای سەرپێچی کردنی ڕژێمی دەدا و لەوە بەدواوە بەرفراوان بوو: چەتەیی ، کە بۆ ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی خێڵەکان زۆر پێویست بوو. ئەم نەریتە هەروا بە سادەیی و بە دامەزراندنی سنور و گومرگ و هەندێک مۆنۆپۆلی دەوڵەتی وازی لێ نەدەهێنرا. جگە لەوەش زۆرهێنان بۆ ژمارەیەک لە ئەندامانی خێڵەکان کە بە چەکەوە خۆیان بشارنەوە، هیچی نەکرد جگە لە گرژکردنی باری بێ متمانەیی. ئەمەش بەبێ هیچ گومانێک بووە سەرچاوەیەکی سوپایی کە چەکدارانی لێوە بچنە ڕیزی ڕاپەڕینەکە (٤٧).

دووەمین هۆکار، واتا شەرمکردن لە ژیانی ژێردەستەیی ڕژێمێکی بێ ئەمەگ، بووە هۆی دروستبوونی سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی بزوتنەوەکە، چ لەلایەنی پسیکۆلۆژی و چ لەلایەنی ئابوریەوە. ئەمەش بە قەدەغەکردنی تەریقەتەکان بەهێزتر بوو. تەریقەتەکان کە گەرمێتی پشتگیریەکی باشی لادێیان هەبوو، توانیان مەدرەسە - فێرگەی قورئانی - کە تا ئەم دواییە زۆر چالاک بوو، بپارێزن یان دابمەزرێنن

خێڵەکیەکانی کرد بۆ راپەرین بۆ رزگارکردنی ناودارانی کورد و ئیسلام و هەروەها بۆ دەرپەڕاندنی "بۆزکورتی تۆران" بێ بەینەت و "داپزاو و ترسنۆک" لە کوردستاندا (٣٥). بەڵام ئەمە لە کاتێکدابوو کە دەستەڵاتداریتی کەمالیست هێشتا چ لە دەرەوە و چ لە ناوخۆدا لاواز بوو، هەروەها هێشتا هەموو پرۆژەکانی پیادە نەکردبوو، لەبەرئەوە راپەرینەکە نەیتوانی هەموو خێڵە کوردەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت و بەتایبەتی لە ناوچەی زازادا، کە ناوچەی شێخ خۆی بوو مایەوە (٣٦). بەشێک لەو خێڵانە بێ لایەن مانەوە، بەشێکی تریش کە کەم نەبوو، هاریکاری ئەنقەرەی کرد بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەکە (٣٧). لۆژیکی خێڵایەتی و ئاڵۆزی پەیوەندیەکانی نێوان خێڵەکان و دەوڵەت، هەروەک چۆن لە چەندان راپەڕینی تری خێڵایەتی دا، یەکێتی هێزی لادێیان نەشیاو کرد. لەو بارەیەوە "دیلمان" جوانی روون دەکاتەوە:

"بەشێوەیەکی گشتی، خێڵ بەپێی یاساکانی ناوخۆی دەجوڵێیەوە. هیچیان نەیان توانی بەرەیەکی یەکگرتوو بەرەنگاری دوژمن بکەنەوە. لەگەڵ زیادبوونی مەترسیدا، کێشەی ناو خۆی هۆزەکان توندوتیژتر بوو و هەر جارێک سەرکردەیەک هەوڵی دا بەرەنگاری تورکان ببێتەوە، ناحەزێک بەراسبەری، بۆ جێگرتنەوەی بە یارمەتی دوژمن، راست دەبووەوە. لەبەر ئەو ناسکیەی ناوخۆی خێڵ، بەرگری ئاشکرا کەمی خایاند: ئاغا راپەڕیوەکان زۆریان بۆ هات و یەک لەدوای یەک لەگەڵ خێزانەکانیاندا هەڵاتن و زۆریان چوونە جەزیرەی باڵا" (٣٨).

خێڵە بێدەنگ و هاوکارەکانی (دەوڵەت) تاوەکو سەرکوتکردنەوەی راپەڕینەکە نەکەوتنەخۆ و هەڵنەستانەوە. لەوکاتەدا هەڕەشەی دەستەڵاتداریتی دەبێتە واقیعێکی راستەوخۆ. هەر لە هەمان کاتیش دایە کە خێڵەکان هەڵدەگەڕێنەوە و پێداویستی مرۆڤیی راپەرینەکانی ١٩٢٦- ١٩٣٠ یان دابین دەکەن. حاجۆ کە سەرکردەی بەتوانای خێڵی هاوارخان بوو نمونەیەکی سەلمێنەرە لەو رووەوە: سەرکردەیەکی زۆرداری خێڵایەتی بوو، بۆ بردنەوەی ململانێی ناوخۆ و بۆ دەستەڵاتگرتنی بەسەر خێڵەکەدا، هاریکاری کەمالی کرد. بەم شێوەیە توانی ناحەزەکەی، عەلی باتێ، کە نزیک بە ناسیۆنالیستە کوردەکان بوو لەناو بەرێت. لەکاتی راپەرینەکەی شێخ سەعید لە ١٩٢٥ دا، ئەو لەنێوان هاوکارە نزیکەکانی کەمالدابوو. دوور لەوەی بەخشیشی پێ بدرێت، خێڵەکەی بووە نیشانە هێرشی راستەوخۆی دەسەلاتداریتی مەرکەزی لە ١٩٢٥دا. لەراستیدا لەبەرئەوەی کە ئارەزومەندی گواستنەوەی خێڵەکانی سەرسنور بوو، چونکە وەکو مەترسیەکی ئەمڕۆ یان سبەی سەیریان دەکرا، ئەنقەرە ئیتر نەیدەتوانی لە دەست و چاوبازیدا، لەگەڵ حاجۆ بەردەوام بێت. ئەویش هەوڵی راپەرینی دا، بەڵام سەرنەکەوت و بە پەنابەری چووە سوریا و لەوێ "وەک پاشایەک" پێشوازی لێ کرا و هەر لەوێش بووە ناسیۆنالیستێکی چالاک، بێ هیوای رێککەوتن، هەمیشە بانگی رۆشنبیرانی بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەرشانیان "بەرامبەر بە نەتەوە" دەکرد (٣٩). سەرکردە نەریتیەکانی تریش هەر بە زمانێکی لەو جۆرە دەئاخاوتن (٤٠). ئەمە تەواو روونە بۆ نیشاندانی هەندێک هەڵخزان لە نارەزاییەکەدا، بەڵام بەکارهێنانی ئەم زمانە ئەو راستیە ناشارێتەوە کە ئامادەکردنی رێکخراوی خێڵایەتی بەردەوام بناغەی تەنانەت بانگهێشتنی

تەنانەت مانی خودی خێڵەکانیش (وەک یەکێتی ئابووری و کۆمەڵایەتی) کەوتە مەترسییەوە (٢٢). دەوڵەت سەرەڕای "بێ ئەمەگی" بۆ پەیمانەکانی ساڵانی شەڕ، هیچ نەرمیەکی بەرامبەر بە دەستەڵاتی خێڵایەتی کە بە سروشت لەگەڵ دەستەڵاتی مەرکەزیدا ناکۆک بوو، نەنواند. بە زۆرەملێ لەناوبردنی خێڵەکان بەمەبەستی بە تورک کردنیان و بردنیان بەرەو شارنشینی [٢٣] و پەرش و بڵاوکردنەوەیان بەسەر ناوچەکانی رۆژئاوادا بووە خووی دەستەڵاتداریتی ئەنقەرە. بەزۆر پێ چۆڵ کردنی سەرسنورەکان (٢٤) لە لایەن دەوڵەتەوە ئاکامێکی بەدواوە نەبوو جگە لە زیادکردنی بێمتمانەیی کوردان. پشتبەستنی رژێم بە ناسیۆنالیزمی تورک – وەک بناغەیەکی ئایدیۆلۆژیکی (٢٥) و دەرکەوتنی سروشتی بێ تەمەنی پەیمانەکانی رابردوی، باری لەجاران ئاڵۆزتر کرد. گۆڕانی هەڵویستی کەمالیستەکان لەهەمبەر ئایین وەک دڵۆپە ئاوێک بوو کە سەرڕێژی بە جامەکە کرد. ئەو لێکداپچڕانەی کە لە ئارا دا بوو، بە لابردنی خەلیفە و بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەوە بوو کە لەوەبەر لەلایەن رابەرانی ئەنقەرەوە دەسپێکرابوون. لەڕاستیدا ئەو کردارانەی دوایی، دەوری باڵایان هەبوو لەوەی کە سەرکردە کوردەکان چیدی ئیسلام بە جێگای برایەتی نەزانن کە بیان بەستێتەوە بە تورکانەوە (٢٦). گوتەی "کوردێکی زرینگ" کە بە ناوی شێخ سەعیدەوە بڵاو بۆتەوە بە جوانی پسیکۆلۆژی ئەو دەمەی کوردانمان بۆ روون دەکاتەوە:

"جاران خەلیفەیەکی هاوبەشمان هەبوو، ئەوەش هەستێکی وای بە گەلە ئاییندارەکەمان دەدا کە لە هەمان کۆمەڵگادا لەگەڵ تورکاندا بژی. بەڵام لەوەتەی خەلیفەیان لابردوە، تەنها هەستکردن بە زۆرداری تورکانمان بۆ ماوەتەوە" (٢٧).

"ئیسلام بناغەی یەکێتی نێوان کورد و تورک بوو، تورکەکان پێشێلیان کرد. ئێستا کوردەکان، پێویستە داهاتووی خۆیان دابین کەن" (٢٨).

ئیدی لە مێشکی کورداندا "ئەڵڵا" بووە پەنا و پشت، چونکە پاشا بۆ سەربازانی تورک تەرخانکرابوو: "سزن بویوک پاشا لەرینیز وارسا، بزم دەبویوک ئەڵلاهیمیز" "ئەگەر ئێوە پاشای گەورەتان هەیە، ئێمەش خوای گەورەمان هەیە" (٢٩).

واتە هۆکاری سەرکردە نەریتیەکان و چەکدارە سادە کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی، بەرلەوەی کە لە هەندێک کاتدا ناسیۆنالیست بن، ئایینی بوو. راپەڕینەکەی شێخ سەعید لە بنەڕەتدا ئیسلامی بوو، یان بڵێین، بە رەنگدانەوەی زۆر بەهێزی بەشداری کردنی شێخان و موریدانی رێبازی قادری و نەقشبەندی، ئیسلام گەلی بوو (٣٠). ئەو شێخانەی کە پێشەوای ئایین و جاجاریش سەرکردەی گەلی و سوپایی بوون وەکوو "پارێزەری نەریت" سەیر دەکران (٣١). شایانی باسە کە ئەو دوو رێبازەش (تەریقە) "موریدەکانیان لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵدا کۆدەکردەوە" (٣٢). پێشەوای ئایینی و بەگشتی پێشەوای راستەقینەی راپەڕینەکە شێخ سەعیدی پالو یان (پیران) بوو. سیمایەک بوو کە رێزی لێ دەگیرا. هەروەها کارتێکردنی ئایینی و هەروەک چۆن توانای ئابوری زۆری هەبوو (٣٣). بەرلە کڵپەگرتنی راپەڕینەکە، لەگەڵ چوارسەد لە موریدەکانی، بەدرێژایی چەند مانگێک شێخ پڕۆپاگەندەی بۆ پەیامەکەی کرد (٣٤). لەو گەشتەیدا (کە لە گەشتی دەروێشێکی نەقشبەندی دەچوو کە لە ١٩٣٠ لە منمن دا کردی ) بانگی پێشەوا ئایینی و

(که یەکەمین دەست تێخستنی راستەقینەی دەوڵەتی تێدا هەستپێکرا) ئاژاوەیان تێنەکەوت. لە راستیدا، یەکەمین زنجیرە راپەڕینی کورد (١٨٠٦ - ١٨٨٠) شتێک نەبوو جگە لە هەوڵێکی بێهودە بۆ پاراستنی ئەو ئۆتۆنۆمیەی کە دەنێو دەستەڵاتی کەم تا زۆری زۆردارانەی خێزانە ناودارەکانی کورد و بۆ پاراستنی باڵادەستی ئیسلامی (لەرێگای کوردەوە) بەرامبەر بە میللەت، بەتایبەت میللەتی ئەرمەن.

ئەو بۆشاییەی کە تێکشکاندنی خێزانە گەورەکان دروستیان کرد، دەستەڵاتی خێڵایەتی لە نزیکەی مەرانسەری لادێکانی کوردستاندا، بەهێزتر کرد (١٩). "ئاشتی" کورد بەدی نەهات تا ئەو دەستەڵاتە نوێیە بەرەسمی لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە ناسرا و توانرا دژی ئەرمەنییان لە شێوە و لەژێر ناوی "حمیدیە ئەشیرەت ئالایی لەری" (سوارەی خێڵانی حەمیدییە ) (٢٠) بەکار بهێنرێت. مەرهەڵدانی کۆمیتەی یەکێتی و پێشکەوتن لە ١٩٠٨ دا کە ناسیۆنالیست و هاوێنکە سازبوو، پەیوەندی باشی لەگەڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕانی ئەرمەنیاندا هەبوو. مەرەرای ئەوەش گومانی بێ ئایینیان لێ دەکرا. دەستەڵاتداریتی خێڵایەتی هەڵچوو و مەرلەنوێ راپەڕین ناوچەکانی کوردستانی داگرتەوە. لە ترسی لە لەدەستدانی خاکی ئەرمینیا کە لە دوای کوشتارەکەی ١٨٩٥ وەدەستیان هێنابوو، هەروەها لەترسی پەیدابوونی دەوڵەتێکی چاولەدەر دژی دەستەڵاتیان، کوردی بەرەو ناسیۆنالیزم راکێشا [٢١]. جارێکی تریش دەوڵەت لە بەردەمی دەستەڵاتی خێڵایەتیدا ملی دا و بەدرێژایی سالانی شەڕی یەکەمی جیهانی بۆ بەردەوام بوون لە کوشتاری ئەرمەنیاندا هاریکاری لە گەڵ کردن.

شەری مەربەخۆیی ١٩١٩- ١٩٢٢ چی نەکرد جگە لە بەشەرعی کردن و شڵەژاندنی ئەو رێککەوتنە ئەویش بە گەرمتی دان بە کورد و دابین کردنی ئۆتۆنۆمییەکی ئابووریانەی بەقەد لایەنی دیمۆگرافی. لە رووی سەربەخۆیی بوونەوە، کەلەلایەن هۆشمەندانەوە پشتگیری لێدەکرا، جگەلەژمارەیەکی کەم لەخەڵک کەس گوێی لێ نەدەگرتن. لەکاتێکدا هاوکارییەکە زۆر گرینگ بوو، چ بۆ مانەوەی دەستەڵاتی کەمالیست و چ بۆ دەستەڵاتی خێڵایەتی.

## (٤)

دامەزراندنی کۆمار لە ١٩٢٣ ئەو مانایەی بۆ کورد دەگەیاند کە لەبەر چەند هۆیەک هاوپەیمانەتی دەبوایە هەڵبوەشێتەوە و لە هەمان کاتیشدا هەرەشەیەک بوو لە کورد . سنوورە نوێیەکانی دەوڵەت (بەپێی نەخشەکێشان بۆ سنوورەکان لە ١٩٢٦دا) ناسروشتی بوون و یەکێتی خێڵەکانی تێکدا (وەک چەندانی دیکەی ناوچەکە) و بەسەر چوار وڵاتدا (تورکیا، سوریا، تورکیا، ئێران) دابەشی کردن. دوابەدوای ئەمە، سنوورەکان (بەهۆی پۆلیس و سوپا و گومرک و...تاد) کەوتنە بەر چاوەدێرییەکی لە جاران توندوتیژتر .

لەگەڵ دامەزراندنی سنوورە نوێیەکان، نە تەنیا رێکخراوی خێڵایەتی بەڵکو

www.arsivakurd.org

ناڕەزاییانەدا زاڵ بن. ڕواڵەتی ناسیۆنالیستی ڕژێم، هەروەها هۆکاری دی کە لە دواتردا لێیان دەدوێین، زیاتر زەمینەی ناڕەزایی کوردی خۆشتر دەکرد. هەرچەندە، بەرهەنگاربوونەوەی کوردان دژی ئەزموونی کەمالیست گەلێک توند و تیژ و درێژخایەن بوو، بەلام دوور بوو لەوەی کە سروشتێکی یەکانگیر و ڕێگایەکی یەکگرتووی هەبێت. پاساوی بەرهەڵستکارییەکە بەپێی ئەو ئەکتەرانەی کە بەشداریان تیادا دەکرد، لە بناغەوە گۆڕان. ڕەنگە بتوانین لە دوو ڕێبازی جیاوازی بەرهەنگاربوونەوە بدوێین، تەنانەت هەردووکیان سەرەڕای گۆڕانی هەڵوێستیشیان دژی دەوڵەت، بەر لەسەرهەڵدانی کۆماری تورکیا لەکایەدا بوون. کاتێک ئەو دەستەڵاتە لە ١٩١٩ تازە سەری لە هێلکە دەرهێنابوو و خۆیشی بە خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی نوێژەنکەرەوە نەدەزانی، هەڵوێستی کوردان دژی دیاردەی کەمالیست زۆر جیاواز بوو ؛ بەشی هەرە زۆری کۆمەڵایەتیەکان و پیاوە ئایینیەکان و سەرکردە خێڵەکییەکان، پاش ئەوەی کە ڕابەرایەتی دوو زنجیرە ڕاپەڕینیان لە دوو کاتی جیاوازدا کرد (لە نێوان ١٨٠٦- ١٨٨٠ و ١٩٠٨- ١٩١٤ دا) بوونە هاوپەیمانی هێزە کەمالیستەکان ، بۆ ڕێگرتن لە ئیحتیمالی گەڕانەوەی ئەرمەنیان و بۆ پاراستنی ئیسلام و خەلیفە. بەلام بەپێچەوانەی ئەوان، هۆشمەندانی کورد، کە پەروەردەی قوتابخانە بیرییەکانی دوایین سالانی عوسمانی بوون، تێروانینێکی نەیارانەیان لەهەمبەر کەمالیستەکاندا هەبوو و پشتیوانیان لە مافی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد کرد. بەلام فرمیی هێزی باڵی یەکەم، مەیدانێکی تەسکی بۆ چالاکی ئەمان هێشتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو باڵە جیاوازە توانیان جێی خۆیان بکەنەوە. جا بۆ سانایی کردنەوە دەتوانین ناویان بنێین نەریتیخواز و ناسیۆنالیستی نوێژەنکەرەوە.

پەیمانە کەمالیستییەکان دانیان بە برایەتی نێوان هەردوو گەلدا دەهێنا [١٧] و ئەمەش وەک گەرەنتیەکی پتەو، بێگومان ڕۆڵێکی گرنگی لە هاوپەیمانێتی کردنی سەرکردە خێڵەکی و ئایینییەکاندا لەگەڵ دەستەلاتدارێتی کەمالیستەکاندا بینی. تەنها لە سالی ١٩٢٣ وە و پاش پیادەکردنی کۆمار ئەو پەیوەندیە پچڕا و سەرکردە نەریتیەکان هەڵویستی توند و تیژیان دژی دەستەلاتداریتی وەرگرت. لەوە بەدووا دوو هەڵویستی توند و تیژ لەئاست کەمالیستەکاندا سەری هەڵدا: سەرکردە نەریتییەکان کە کۆنە هاوکارانی کەمال بوون و هۆشمەندە ناسیۆنالیستەکان. لە ناو گرنگترین ڕاپەڕینی کورداندا، واتە ڕاپەڕینی شێخ سەعید لە ١٩٢٥ و ئارارات لە (١٩٢٧- ١٩٣٠) و دەرسیم لە (١٩٣٦- ١٩٣٨) دا، ئەم دوو هەڵویستە جیاوازەی دژ بە کەمالیستەکان ڕۆڵی تەباییان بەخۆیانەوە دی.

## (٣)

بە چوونەنێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و بە پێی ڕێککەوتنێک کە گەرەنتی ئۆتۆنۆمیەکی ڕاستەقینەی پێدا بوون، ناوچە کوردییەکان تا دەرکەوتنی مەرکەزییەت

www.arsivakurdi.org

"شارستانی" وەکوو یەکێک لە ئامانجە ئاشکراکان و خاڵە بنەڕەتییەکانی «فەلسەفەی مێژوو» ی کەمالیستەکان، نەدەکرا بەبێ دەستەڵاتی سەربژاردە [نوخبە]کان و هەڵگرانی ئەو "پەیامە" پەیڕەو بکرێ و بەئەنجام بگەیەنرێت (٤). گەرچی سەربژاردەکان پێیان سپێررابوو کە کۆنکرێت کردنی مێشک بەباشی بەڕێوە بەرن[٥]، بەڵام زیاتر پەیامی شارستانی کە دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەی تورک زایینەری گشت شارستانیەکانی مرۆڤایەتی (٦) و خاوەن و بوونی بەهرەیەکی بێ وێنە بۆ "بەدیهێنانی سەرکردە" (٧). نەتەوەی تورک لە کەسی ئەتاتورک خۆیدا و لە پارتەکەیدا و لە رژێمەکەیدا، ئامرازی پێویست و لەباری دۆزییەوە بۆ بوون بەیەکێک لەبنکەکانی شارستانی نوێی جیهان (٨). هەروەک لە ئیتالیای مۆسۆلینی و یەکێتی سۆڤیەتی ستالینی دا (٩). سەرەڕای ئەوەی کە بە درێژایی سەدەکانی رابردوو، لەلایەن دوژمنەکانیەوە، هەروەک چۆن لەلایەن رابەرەکانی خۆیەوە ناپاکی لەگەڵ کرا، بەڵام ئەم نەتەوەیە لە خەیاڵی کەمالیستەکان دا، بەردەوام، سەرەڕای رزگاریش، لەلایەن هێزە دواکەوتووەکان ئابڵۆقە دەدرا. ئەو هێزانەش بەگشتی بریتی بوون لە دەرەبەگەکان، بیرتەسک و تاریکەکان. گەرچی ئەو هێزانە، رەپ و راست دەیانتوانی، لە ناوچەکانی رۆژئاوای کۆماردا هەبن، رووداوی مەمن لە ١٩٣٠ دا ئەو راستیە ناخۆشە دەسەلمێنێ. بەڵام لەگەڵ ئەمەش بنکەیان لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتدا بوو، لەو شوێنەی کە "بەربەستی کورد" پێشگیری لە "گۆڕانی دەوڵەت بە دەوڵەتێکی لە سەداسەد تورک" دەکرد (١٠) . لەبارەی ئەو " بەرهەڵست " وە، ئەتاتورک زۆر خۆی توندوتیژ نیشان دەدا: "شادم کە لەبەردەمی ئێوە دا رایبگەیەنم کە نەمانهێلاوە و ناشهێڵین هیچ جۆرە شتێک دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە بتوانێت ببێتە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم نەتەوەکەمان، لە گەیشتن بە پلەیەکی بەرزی شارستانی و ئەو خۆشبەختییەی کە شایستەیەتی" (١١) . واتە بە بێ تێکشکاندنی ئەو کۆسپە کوردە، نەتەوەی تورک نەیدەتوانی بە شارستانی بگات. لەراستی دا هۆ نیگەرانکەرەکان کەم نەبوون: شازدە راپەڕین، یەک لەدوای یەک کە پێویستیان بە کۆششێکی لە رادەبەدەر بوو بۆ لەنێوبردنیان (١٢)، دەزگایەکی بە سروشت سوپایی (١٣)، کە راستەوخۆ بەسترابێتەوە بە "سەرکردەی ئەمر" ەوە (١٤)، پڕوپاگەندەی ناو فێرگەکان (١٥) و راگواستنی بە کۆمەڵ (١٦) بەسن – لەنێوانی چەندانی دیکەدا – بۆ نیشاندانی باری ناسکی رژێمی کەمالیست لە ناوچە کورد نشینەکاندا.

## (٢)

"نوێژەنکردنەوەی "دەستەڵاتداری" و "ناسیۆنالیزم"، کە هەردووکیان سەرگۆشەی گوتار و پراتیکی کەمالیستەکانی پێک دەهێنا، زیاتر قورسایی خۆیان خستە سەر ئەوەی کە پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە هەبێت. گەرچی رژێم لە رۆژئاوای تورکیادا، سەرەڕای گەلێک ناڕەزایی، توانی بەلای کەمەوە بۆ سەردەمێکی دیاریکراو رەوایی خۆی بسەپێنێت، بەڵام لە ناوچە کوردییەکاندا بە پێچەوانەوە بوو و تا ١٩٣٨، مێژووی دوا راپەڕین و مردنی دامەزرێنەری کۆمار، نەیانتوانی بەسەر ئەو

# نەریتگەری یان ناسیۆنالیزم: وەڵامی کوردان بۆ ڕژێمی کەمالیست

نووسینی: حەمید بوزەرسلان
وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: گۆڤاری هیوا

*بێژەی مەدەنیەت "شارستانی" لە شارە کوردەکاندا، وەکو بێژەی "مەشروتیەت" لە ساڵانی ۱۹۰۸-۱۹۰۹ دا، گەلێ ڕێزی لێ دەگیرێت. ئەم وشەیە واتە بەکارهێنانی شەپقە لەلایەن ژن و پیاوەوە، خواردنەوە، هەڵپەڕکێ، ملوانکە، بۆینباخ، کەم چوون بۆمزگەوت، بەدەگمەن ڕۆژوو گرتن، بەباشتر زانینی خۆناونووس کردن لە کۆمەڵەی فرۆکەوانانداا لە چاو زەکات دان، فتبۆڵێن، ئەلفوبێی لاتین، هەروەها هەموو هەڵس و کەوتی گاورانی "بێ باوەڕان" کە لەم دوایییەدا سەرکەوتنی وەدەست هێناوە (۱).*

"نوێژەن کردنەوە" و "دەستەڵاتگەری" ئەم دوو وشەیە کە توانادارن دەمەتەقەی زانایان بوروژێنن، لە ڕاستیدا ناساندنیان سەختە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زەحمەت نییە بۆتاقی کردنەوە سەرنجێکی پێکهاتەکەیان بدەین و بەدوای ڕەوشیاندا بگەڕێین لە بواری ڕەوشتی فەرماندارانی دەوڵەت – نەتەوەکانی جیهانی سێهەمدا (۲). بە پێی خوورەوشتی قاڵ بوو بە بیری نەتەوەگەریتیی فەرماندارانی کەمالیست، بەکار هێنانی دەستەڵات ئامرازێکی پێویست و لە هەمان کاتدا ڕەوا بوە، بۆ گەیاندنی نەتەوەی تورک و بگرە نەتەوەکانی دیکەش بە ژیانی "شارستانی"، وەک چۆن یەکێک لە خاوەن قەڵەمەکانی ڕژێم بەتوندی ڕوونی دەکاتەوە:

«ئێستا هەموو دنیا ئەوە دەزانێت کە تورکان، ئەگەر پێویست بەوە بکات، شارستانی و ئازادی بەسەرەنێزە و بەهێزی شمشێر فێری نەتەوەکانی تر دەکەن» (۳).

[ ] کوری تەوفیق ئاغا
عەبدولڕەحمان ئەفەندی کوڕی ناجی ئەفەندی
رەئوف ئەفەندی ـ نووسەری ئەوقاف
حەمید ئەفەندی کوڕی حاجی فەتاح

ئەمانەی خوارەوەش سەرۆک خێڵن کە هاتوونەتە ناو کۆمەڵە یان تەنها خۆیان ناونووس کردووە:

رەفعەت بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگ ـ داودە
حەسەن بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگ ـ داودە
موحەممەد خورشید ئاغا ـ داودە
عەزیز عەباس ئاغا ـ داودە
شێخ عیزەددین ئەفەندی ـ تاڵەبانی
شێخ حەسیب ئەفەندی ـ تاڵەبانی
شێخ جەمیل ئەفەندی ـ کاکەیی
سەید سولەیمان ئاغا ـ کاکەیی
عەلی ئاغا
و چەند کەسی تریش.

دەڵێن لقێکیش لە ئاڵتون کۆپری لە ژێر سەرکردایەتی ساڵح ئاغا کوڕی موحەممەد دالی ئاغا دامەزراوە. هەر چەندە هەندێ ئەندامی چالاک هەن کە دەوریان لەناو بزووتنەوەی ناوخۆیی و هەروەها بزووتنەوەی عیراقیشدا هەیە، بەڵام کۆمەڵە بەتەواوی خۆی بۆ بڵاو کردنەوەی رۆشنبیری لە ناو چینە کوردەکان تەرخان کردووە و دوورە لە مەبەستی سیاسی.
کۆمەڵەی زانستی کەرکوک پەیوەندی گەرموگوڕی لە گەڵ « زانستی » ی سولەیمانی و هەروەها هەندێ کەسی بەرژەوەند پەرست لە رەواندوز و هەولێر هەیە.

کۆتایی

بەناوی یاساوە یاری بەم یاسایانە دەکرد کە لە لایەن پارێزگارەوە دادەنران. جەمال بابان لە لایەن [Qaghi] یەوە هاریکاری دەکراو حاجی موستەفا پاشاشی بەکار دەهێنا بۆ سەرنج راکێشانی شێخەکان لە ژێر یاریکردن بەو بیرەی کە شێخ قادری برای شێخ مەحمود بە پارێزگاری نوێ دانراوە. جەمال بەگ رێز و خۆشەویستی وەزیری دادگای ئەو ئەکات، ناجی بەگ سەمەیدی بۆ خۆی راکێشابوو و پشتگیرییەکی باشیش دەکرا لە لایەن نوێنەری بەغدا، دوکتۆر شاکیری موحەممەد. هەروەها برادەرانی وەکو رەشید مەستیش دەنگی ناوخۆی سولەیمانییان بۆدابین کردبوو. مەبەستی سەرەکی ئەم پلانە دامەزراندنی بناغەی بەرەو پێشبردنی فراوانترین بزووتنەوەی کوردی بوو، بە بێ ترس. جەمال بەگ کابرایەکی دونیادیدە و تەماحکارە، پایەی پارێزگار چاوی تێر ناکات. باشیش دەزانێ کە ئۆتۆنۆمی کوردی بەبێ بوونی رێکخراوێکی رێکوپێک و خاوەن تاقیکردنەوەیەکی زۆر، نایەتەدی. هەرکە لە سولەیمانی بوو بە دادوەر، بە گورجوگۆڵی هەرچەند کورسی فەرمانڕەوایی هەبوون بە ئەندامانی خێزانی بابان پڕی کردنەوە. ئەم پشت قایمییە وای لێکردوە کار لە لیواکانی تری کوردستانی عێراق بکات. جەمال بەگ بەدڵ و بەگیان کوردە، بیری لە ناوچەکەی خۆی گەورەترە، بەڵام زۆر دوورە لەوەی ببێتە دوژمنی ئینگلیز.

پلانەکە شکستی هێنا و بازنەی بەرپوەبەران پەراگەندە بوون. کۆمەڵەی زانستی وردە وردە ژیایەوە. ئێستا زیاتر بۆ بلاوکردنەوەی رۆشنبیری کار دەکات و دوورە لە پەلەی سیاسی. گەشەسەندنی زانستی و ئەو هاوکارییەی بەدەستی دەهێنێت راستترین دەربڕن کە کوردە ژیرەکان هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەستی دەخەنە ئەستۆی نەوەیەکی تر. ئەو بەزمو هەرایەی کۆمەڵەی پێدا رەت بوو، مەترسی ئەم جۆرە ئامرازانە لە دەستی کوردە ناسیۆنالیستە سەرگەرم و بەتواناکان دەردەخات.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

### کۆمەڵەی زانستی کەرکوک:

ئەم کۆمەڵە لە٢١ی حوزەیرانی ١٩٢٦کرایەوە، لە لایەن ئەم فەرمانبەرانەوە:

سەرۆک: مەلا عەبدولقادر ئەفەندی - سەرۆکی ئەوقافی ناوخۆ
جێگری سەرۆک: موستەفا ئەفەندی - هەولێر [خانەنشین]
عەبدولخالق ئەفەندی کوڕی حوسێن نەقشبەندی

ئەندامەکان:

ئەحمەد ئەفەندی - [خانە نشین]
قادر ئەفەندی کوڕی حەسەن بەلوا - [خانە نشین]
عیزەت ئەفەندی

کۆمەڵە لە بار و زرووفێکی باشدا کەوتەکار. کوردە ناودارەکان لە سەرانسەری باکوری عێراقدا ریزیان لێنا و یارمەتی داراییان پێش کەش کرد. خێڵەکی و شارنشینەکانیش بەهەمان شێوە . لەسەرەتادا کۆمەڵە تەنها لە پێناو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کاری دەکرد. دەستەی شەوانە پێکهات و شەونخوونیەکی باشیان دەکرد. وانە لەسەر بابەتی جۆراوجۆر دەووترایەوە.

لە گەڵ هاتنی حاجی موستەفا پاشا بۆ سولەیمانی، لە سەرەتای مایس دا کۆمەڵەی ئەدەبی تێکچوو. هەر لەسەرەتاوە حاجی موستەفا بۆ مەرامی خۆی بەکاری هێنا. ئەگەر بۆ پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردرابا، ئەوە ئەندامە کوردە لەکارکەوتووەکانی پەرلەمانی بەرەو پارتێکی سیاسی یەکگرتوو دەبرد. پاش ئەوەی سەرنەکەوت و خێڵەکان دەنگیان بۆ نەدا، کۆمەڵەی بەکار هێنا بۆ سەرکۆنە کردنی مێتۆدی هەڵبژاردن لە عێراق بەگشتی و لە سولەیمانی بە تایبەتی.

موتەسەریف بەهاندانی [I.O] ی پۆلیس و بەهۆی دەستڕۆشتوویی خۆشی وەکو سەرۆک لە کۆمەڵەی ئەدەبی سەرزەنشتی جەمال بابانی دەکرد بەوەی کەوا ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بووە و رێگای داوە کۆمەڵە ئەم جۆرە رەخنە ریسواکەرە لە ووتووێژی سیاسی بگرێت. هەر لە سەر ئەم مەسەلەیە جەمال بەگ و موستەفا قەرەداغی بریاری وازهێنانیان لە کۆمەڵەی ئەدەبی دا. چەند رۆژێک دوای ئەوە، رەفیق ئەفەندی نامەیەکی نووسی بۆ موتەسەریف، تیایدا دەڵێ: ئەو ئەندامانەی لە ناو کۆمەڵەی ئەدەبی ماون پایەی سەرۆکایەتی پێرانابینن و داوای لێدەکەن بریاری وازهێنان بدات. بەلام کاتێ رەفیق ئەفەندی بینی بەم کارەی تووشی بەربەرەکانێی راستەوخۆ بۆتەوە لەگەڵ حکومەت، نامەکەی کێشایەوە و داوای لێبووردنیشی لە ئەحمەد بەگ کرد.

چەند مانگێک دوای ئەم مەسەلەیە، کۆمەڵەی زانستی هەر بەردەوام بوو لە چالاکیەکانی، بەلام بەشێوەیەکی پەرت و بلاو و لاواز، وەکو مەکینەیەکی سیاسی لەکار کەوت. لەگەڵ بریاری وازهێنانی جەمال بەگ بابان و شێخ موستەفا قەرەداغی، ئەندامانی زانستی دەستیان کرد بە کۆبوونەوەی نهێنی لە ماڵی ئەندامەکان، بۆدانانی پلانێک و خستنی موتەسەریف و کۆمانداری پۆلیس. ناتوانین بڵێین پێش روودانی ئەم ئەستەنگە بچووکانە پلانێکی لەم جۆرە لەئارادابوە، بەلام وادیارە دەستپێشکەریان کردووە و چەند بیرێکی گەورەیان خستۆتە مێشکی جەمال بابان و بووە بە یاریدەدەری بەتوانای حاجی موستەفا پاشای کارکردە و ئاژاوەچی.

ئاشکرایە کە جەمال بابان بەگ هەوڵێکی زیرەکانەی داوە بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەحمەدبەگ ببێتە موتەسەریف، کۆمانداری پۆلیسیش کە بە لایەنگیریکەری پارێزگار ناسراوە، بەدەرکردن بدات. وەکو دادوەر، جەمال بابان هێزی خۆی دەردەخست

دەكات.

ب – تا ئێستا هیچ نیشانەیەکی دەست خستنە ناو بزووتنەوەی کوردی لە لایەن ڕووسەکانەوە، بەئاشکرایی دیار نییە، بەڵام لە حاڵەتێک ئەگەر بۆلشەفییەکان بیانەوێ گیروگرفت بۆ بەریتانیەکان بنێنەوە لەخۆرهەڵاتی نزیک، ئەوە لەم ئامرازە باشتریان لەدەست دا نیە. بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردی ببێتە دامەزراوێکی دەست ڕۆیشتوو، ئەمڕۆ پێویستی بە پارە و ڕێکخراوی کارامە و هێزێکی بێ لایەنی بەهێز هەیە کە بتوانێ جیاوازییە بچووکەکانی خێزان و خێڵە کوردەکان لە ناو ببات.

دەڵێن گوایە سەرۆکی کۆمیتەی کوردی لە تورکیا، خالید بەگ جبرانلی لە کۆنسوڵی ڕووس لە ورمێ نزیک بۆتەوە و داوای یارمەتی لێ کردوون بۆ ڕاپەڕینەکەی ١٩٢٥، لەوکاتەوە ماوەی چوار ساڵە ڕووسیا لەمەسەلەی کورد دوورە.

## پاشکۆی (١):

### کۆمەڵەی زانستی- سولەیمانی

لەسەرەتای بەهاری ١٩٢٦ دا نامەی داواکاری (عریضە) ڕێکخستنی کۆمەڵەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە سولەیمانی لە لایەن ئەم کەسانەوە پێشکەش بە حکومەت کراوە:

ڕەفیق ئەفەندی-پارێزەر
ڕەمزی ئەفەندی-بازرگان
فایق بەگ-موڵکدار
مارف بەگ

داواکارییەکە قبوڵ کرا و کۆمیتەیەک لەم هەڵبژێردراوانە پێک هات:

| | |
|---|---|
| سەرۆک : | ئەحمەدبەگ-پارێزگار «موتەسەریف» |
| جێگری سەرۆک : | جەمال بەگ بابان-دادوەر |
| سکرتێر: | ڕەفیق بەگ -پارێزەر |
| ژمێریار: | فایق بەگ-موڵکدار |

ئەندامەکان:

شێخ موستەفا قەرەداغی
عیزەت بەگی عوسمان پاشا
حەمە ئاغا عەبدولڕەحمان
ڕەمزی ئەفەندی

هیچ ئەنجامێکی گەورە دیار نیە. هەرچەندە هەندێ بەڵگە هەن کە موسڵ بەگرینگترین مەڵبەندی هاموشۆی چەند پارتیکی کوردی لە تورکیا و سوریا و عێراق دادەنێن، بەڵام وەکو شارێک هیچ هەڵوێستێکی ناوخۆیی دیاریکراوی تێدا نییە. لە پارەوە، لەوەتای تەفروتوونا بوونی «کۆمەڵەی پێشکەوتن» ئەم پەیوەندیانە بەنهێنی بەجێ دەمێنرێن. لە بەر ئەوە ناتوانین چالاکی خەڵکەکە لەم رووەوە بزانین، بەڵام دڵنیاین کە لە موسڵ و زاخۆش جمۆجۆڵ هەیە.

## ٥- رێکخراوە کوردییەکانی دەرەوەی عێراق:

زانیاری دەربارەی پشتیوانی کوردی لە دەرەوەی عێراق زۆر کەمە، هەندێ کورد لە عێراق دەنگوباسی تەواویان لاهەیە بەڵام دەترسن، یاخود نایانەوێ بیدرکێنن.

دڵنیاین کە رێکخراو لەسوریا و ئێران هەن. هەریەکەیان لەیەک کات لەشوێنی خۆی چالاکی دەنوێنێ، بەڕادەیەکی زۆریش. گرینگترین بنکە بەیرووت و حەڵەب و تەورێز و سنەیە. دەربارەی رێکخراو لە تورکیا هیچ شتێک نازانین، بەڵام بەهەمان شێوەش دڵنیاین کە بنکەیەکی نهێنی لێ هەیە. شوێن پێی پەیوەندی لەنێوان ئەم رێکخراوانە و کوردە بەرژەوەندچییەکان بەئاشکرایی دیارە، بەڵام بەڕادەیەک نییە بتوانرێ راپۆرتێکی باشی لە بەر بنوسرێ.

## ٦-ئەنجام:

أ-جگە لەو گیروگرفتە ناوخۆییانەی کە خەریکن لە ناوچەکانی سەر سنووری نێوان رەواندوز و هەڵەبجە سەرهەڵدەدەن بەهۆی چەند شاڵاوێکی چاوەڕوان کراو لە کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی کورد لە عێراق بە رادەیەک نییە وامان لێ بکات بەخۆکەوین و بە خێرایی شتێک بکەین. ئەگەر بێتو کۆمیتە ناوخۆییەکان بەم شێوەیە لەکارکردن بەردەوام بن و وردە وردە بەشێوەیەکی باشتر رێکبخرێن، لەوانەیە ئەنجامیان بە پلەی یەکەم بەهێزکردنی بیری نەتەوایەتی بێت لەناو خێڵەکییەکان، بەڕادەیەک کە مەسەلەی کۆکردنەوەی باج لە لایەن داروودەستەی عەرەب تووشی گیروگرفتی زۆر دەبێت. زۆر دڵنیانین لە وەی کە ئەم ئەنجامە لە داهاتوویەکی نزیک روو بدات، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە تەنانەت خێڵەکییەکانیش هەست بەوە دەکەن کە رۆژێک دادێ عەرەب نوێنەرایەتی ئەو یاسایانە دەکات کە ئەمڕۆ بەڕێوەیان دەبات. هیچ مەسەلەیەک وەک ئەمە یاریدەی پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتی نادات.

شایانی باسە، ئەگەر بێتوو شتێک نەکەین بۆ کوردستانی عێراق، ئەوە پارتی خودحوکمڕانی [home rule] کوردی وردە وردە گەشە دەکات، هەروەکو چۆن لە ئیرلەندە گەشەی کرد. هەروەها حکومەتی عەرەبی لەچوارچێوەی سنووری خۆی بەرەنگاری دوژمن دەبێتەوە. هەر چەندە ئێستا بەدیهاتنی ئەم مەرجە کزە، بەڵام لە حاڵەتی یەکگرتنی گشتی کورد گەورەترین مەترسی بۆ دەوڵەتی عەرەبی دروست

و گشت چینەکان بەفەرمانبەر و خێڵەکی و شارنشینەکانەوە، وردە وردە خەریکن بیر لە کوردستانی سەربەخۆ دەکەنەوە. سەرۆکەکانی دزەیی و خۆشناو و گەردی کە بە خاوەن بیروڕای توندوتیژ ناسراون لەم رووەوە، ئەگەر هەست بە فرسەتێکی کەمی سەرکەوتن بکەن لەتوانایاندا هەیە لە رووی هێزەوە یارمەتیان بدەن.

رەوانـدوز:

سیاسەتی رەواندوز لە ژێر سەرکردایەتی سەیدتەها دایە، دەسەڵاتی ئاسایی و ناوخۆیی سەدەی رابردووی بڵندپاشا [١] لەناوچووە. سەید تەها رووناکبیرترین ناسیۆنالیستی خاوەن هێزە و سەر بەگەورەترین خێزانی دەسەڵاتدارە. ئامانجی سەرەکی بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی کورد و وەدەستهێنانەوەی سەرمایە لەناوچەکەیەتی. ئێستا سەید تەها پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ کارگەرانی پشتیوانی کورد [٢] لە عێراق و تورکیا و ئێراندا هەیە، وسەر بەبچووکترین کاروباری سیاسی ناوخۆیە، جا لە هەر شوێنێک بێت. هەموو شتێک دەکات بۆ بڵاو کردنەوەی پروپاگەندەی پشتیوانی کوردی. سەید تەها مرۆڤێکی ئەوەندە بێ عەقڵ نییە تا واهەست بکات دەوڵەتێکی سەر بەخۆی کوردی جیهانی لەماوەی چەند مانگێک، تەنانەت چەند ساڵێکیش دابمەزرێ. نەسمکۆ، نەشێخ مەحمودو نەشێخ سەعیدیش ئەم هێز و توانا بێ پایانەیان نییە. ئەو چاوەڕوانی فرسەتێک دەکات و خەریکی پتەوکردنی پایەی خۆیەتی و پەیوەندیشی لەگەڵ هەموو پارتەکان هەیە. لەلایەن بەریتانیاوە باوەڕ پێکراوە، بەلام بۆی هەیە لە ژێرەوە پەیوەندی نهێنی لەگەڵ رووسەکان هەبێت کە هاوسۆزی خۆی لایان دەنوێنێ.

سەید تەها زۆرهەوڵ دەدا پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ئێران دروست بکات و لەژێرەوەش لەگەڵ کوردە یاخی بووەکانی ئێران بێت، هەروەها بەهەمان شێوەش هەوڵ دەدات پەیوەندی هاوڕێیانە لەگەڵ سەرکردە ئاشوریەکان بەهێز بکات، گومانیش هەیە نامە گۆڕینەوەی تەواو لە نێوانیاندا هەبێ. ئەگەر بێتو هیچ جۆرە ئۆتۆنۆمیەک لەچوارچێوەی سنووری عێراقدا نەدرێتە کورد، ئەوە تەماحی سەید تەها پەل دەهاوێت بۆ جیاکردنەوەی زۆربەی کوردستان و بەڕێوەبردنی لەلایەن خۆیەوە. سەید تەها مرۆڤێکی شێلگیر و ئارام گرتوە. وەسواس و دوودڵ نییە، ئەگەر فرسەتی بۆهەڵکەوێ دەزانێ چۆن سوودی لێ وەربگرێ. بەلام هیچ ناکات باشترە لەوەی بەرەورووی نشووستییەکی تر بێتەوە.

سنوری باکور:

ناتوانین بڵێین لەسنووری باکور دا هیچ «هەڵوێستێکی ناوخۆیی» تایبەتی هەیە، چونکە بنکەی زۆر گرینگی لێ نیە. ئەگەر چی هەمان بیری نەتەوایەتی لەناو خێڵەکان بڵاو بۆتەوە و لە جارانیش بەهێزترە، بەلام تەماحی پیسی هەندێ لە ئاغاکان و هەریەک لەناوچەکەی خۆی، بەسەر کاروبار دا زاڵە. دڵنیاین کە کوردە هەڵاتووەکانی تورکیا لە سوریا پەیوەندیان بەخێڵکانی مەڵبەندی زاخۆوە هەیە، بەلام

پشدەرییەکان لەباکور و هەورامییەکان لەباشور، دوو خێڵی بەهێزن و خاوەن پایەیەکی سروشتی مەزنن. هەستی نەتەوایەتییان زۆر بەهێزە و پەیوەندی زۆر بەهێزیان لە گەڵ خێڵەکانی ئێراندا هەیە. ئەمانە تائێستا هەستیان بەگرانی مەسەلەی باجدان نەکردوە. پشدەرییەکان خاوەن خەسڵەتی بێ هاوتان لە لەناوبردنی جیاوازییە بچووک و بێ نرخەکان لە پێناوی مەسەلە گشتییەکە.

ئێستا دەنگو باس هەیە کە گوایە شێخ مەحمود پەیوەندی بە دەستە یاخی بووەکانی ئێرانەوە هەیە و پارتی پشتیوانی کورد [Pro-Kurdish] لە سولەیمانی پەیوەندی تەواوی بە ڕێکخراوەکانی کەرکوک و موسڵ و بەغداوە هەیە.

زانستی کوردان [zanisti-kurdan] یاخود کۆمەڵەی ئەدەبی سولەیمانی ئەرکی باشترین بیری ناوخۆیی کورد بەجێ دەهێنێ لەبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کە جەوهەری بەدەستهێنانی سەربەخۆییە. تا ڕادەیەک لەمەدا سەرکەوتوون، ئەگەرچی هەندێ ئەندامی وریا و چالاک هەن لەناو کۆمەڵەی زانستی، بەڵام کاری ئەمڕۆیان سەر بەهیچ مەبەستێکی سیاسی نیە.

## کـەرکـوک:

کەرکوک، هەروەک سولەیمانی، خۆی بە بەشێکی سەربەخۆ و جیا لەبەشەکانی تر دادەنێ. هەستی بەهێزی ئێستای پشتیوانی کورد کە بەم دواییە لە سەرتاپای کەرکوک دەنگی داوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئەفەندییە کەرکوکلییەکان لەسەر خەیاڵی نەتەوەیی و شاخاوی ئەو خێڵەکییە کوردانەی لەدەوروبەری شار دا دەژین. ئەم تورکمانە کەرکوکلییانە کەهەردەم لەشتێک دەگەڕێن دژی بەرژەوەندی حکومەتی عەرەبی بێت، بۆهێنانەدی مەبەستی خۆیان لەگەڕانەوەیان بۆ تورکیا، زۆر بەئاسانی و بەخێرایی ئاوازی خۆیان گۆڕی. بێگومان سیاسەتی خێزانە دەرەبەگ و باک یاردەکان [back-yard] دەورێکی زۆر گەورەیان هەیە لەسەر ئەم جوڵانەوە ناوخۆییەی کەرکوکلییەکان و هەروەها لەدەرەوەش هاریکاری دەکرێن و یارمەتی دەدرێن. ئەم هەوڵە بۆیەکخستنی ئەم جوڵانەوەیە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سولەیمانی و ڕەواندوز و موسڵ و بەغدا. ئەگەرچی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی زانستی وریا و چالاکن، بەڵام کاری ئێستایان دوورە لە مەبەستی سیاسی. (بڕوانە پاشکۆی ٢)

## هـەولـێر [ARBIL]:

هەمان ئەو شتانەی لە سەرەوە باسمان کردن لە هەولێریش هەستی پێ دەکرێ. هەرچەندە لە ناو شار جموجۆڵی بزوتنەوەیەکی گەورە لە ئارادا نیە، بەڵام دانیشتوانی وەک پێشووڕێز لە حوکمڕانی عەرەب نانێن. داروەستەی تورک نەماوە

حوکمی ئینتیدابی بەریتانی دەمێنێتەوە، ئەوکاتە چینەکان بەگشتی خۆشحاڵ دەبن بەدروستکردنی ولایەتێکی کوردی لە ناو چوارچێوەی سنووری عێراق، بەمەرجێ پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ژێر چاوەدێری جێگری باڵای بەریتانی بێت و کاروباری ناوخۆش، خۆیان بەرێوەی بەن. بریار لە بەغداوە دراوە لە لایەن ئەو عەرەبانەی کە کورد بە چاوێکی سووک سەیریان دەکەن، هەر وەکوو سەیرکردنی ئێمە بۆ رەشەکانی ئەفریقیای ناوەراست، وە مەسەلەی پارەدان بە کەسانێکی سەر بە رەگەز و زمانێکی جیا لە هی خۆیان زۆر ئازاریان دەدا. ژمارەیەکی زۆر کەم رازین بەو بەڵێنانەی کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ دا دراون، تەنانەت بە بەجێهێنانێکی نیوەچڵیش، بەمەرجێ لەئاکامدا زمانی کوردی ببێتە زمانی رەسمی کوردستانی عێراق...هتد. کوردەکان هەست بە نەمانی هەرەشەی تورک، لەسنووری باکوور دەکەن، ئیتر گرینگی دەدەن بە مەسەلەی خۆیان. هەروەها لەو بروایەدان کە دارودەستەی عەرەبی بۆی نوسراوە شوێنی دارودەستەی ئیمپراتۆر بگرێتەوە کە تائێستاش لێی دەتۆقن، ئەم پێش بینییە نارەحەتیان دەکات.

زۆربەی کوردە رووناکبیرەکان، بەتایبەتی ئەوانەی پایەی رەسمیان هەیە نارەزایی دەردەبرن بەرامبەر بەوەی کە تەنها کوردە رەشتاڵەکان بۆیان هەیە ببنە ئەندام لە پەرلەمانی عێراق. هەروەها دژی ئەوەن کە ئەو ئەندامانە کەسانێکن بە ئاسانی جڵەو بەردەدەن لەبەردەم سیاسییە زیرەکە عەرەبەکان. کۆنترۆڵ کردنی چاپی کوردیش ئازاریان دەدا.

جـ - چەند تێبینییەکی بچووک دەربارەی باری ناوخۆی هەریەک لەشارەکان کە بۆی هەیە بە هۆی دەستەی سێیەمەوە لەعێراق یەکبخرێن:

سولەیمانی:

بێجگەلە سەرهەڵدانی شێخ مەحمود کە کارەکتەرێکی ناوخۆیی و خاوەن ئامانجێکی ناو خۆییە و نوێنەری تەنها جوڵانەوەی سولەیمانییە، رای گشتی بریتییە لە سولەیمانیەک بۆ سولەیمانیەکان. ئەم هەستە تا رادەیەک بەندە بە باری تۆپۆگرافی و سەربەخۆیی جارانی خێزانی بابانەکان لەسەدەی رابردوو. هەموو گروپەکان رازین بەوەی سولەیمانی ببێتە ویلایەتێکی سەربەخۆ بەڵام نایانەوێ هیچ کام لەدەستەکانی شێخان، بەگزادە یان ئاغاوات [Aghawat] فەرمانداری بکەن و بەرژەوەندی خۆیان لە دەرەوەی ناوچەکەی خۆیان بهێننەدی. سولەیمانی شەرخوازو نارەحەتە، پێویستی بە مۆسۆلینییەک هەیە. سیاسەتی تازەی ئەم دەستە جۆراوجۆرانە ئامێرێکی بەهێزە لە دەستی ئاژاوەچییە بیرفراوانەکان.

لەپاشکۆی خاڵی یەکەم کەمێک باسی هەوڵدانی تازەی کوردی عێراقمان کردوە بۆ جیا کردنەوەی سولەیمانی بە هۆی راگەیاندنی کۆمەڵەی ئەدەبییەوە بۆ ئەوەی ببێتە بنکەی رووداوە گەورەکان.

تەقەلای ئەفەندییە سەرگەرمەکانی - پشتیوانی کورد - بێتە دی و لەحاڵەتی تێبینی کردنی لاوازبوونی حکومەتەکانی بەغدا و تاران و ئەنقەرە، بە هۆی گیروگرفت لە لایەکی تر پەلەی لێ بکرێ، یان بەشێوەیەکی زۆر ئاسانتر بە هۆی هێزێکی دەرەکییەوە کە نیازی لە ناوبردنی هاوسەنگی ئەم دەستە نارەحەتانە بێت، سەرکوت بکرێت.

دەتوانین دەستە جیاکانی ئەم دەزگایە بەم شێوەیە بخەینە ڕوو:

١- سەرۆک خێڵەکان، بەئێرمیی نێوخۆ و حەزە شاخاوییەکانیان و گیانی نەتەوەیی زیادە ڕۆیانەوە.

٢- «کۆمیتە ناوچەیی» یە ناوخۆییەکان، کە لەژێر ناوی ناسیۆنالیزم بۆ گەیشتنە مەبەستی خۆیان لە سیاسەتی داهاتوو، لە ڕیزی پێشەوە کار دەکەن.

٣- کۆمیتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا کە هەوڵی یەکخستنی کۆششی کۆمیتە ناوچەییەکان دەدەن بۆ بەدیهێنانی جۆرە ئۆتۆنۆمییەک لە چوار چێوەی سنوورە نێو نەتەوەییەکان کە سەر بە دەستەڵاتی حکومەتەکانی ئەم ناوە بێت.

٤- کورد، زۆربەیان خاوەن سروشتێکی شۆڕشگێڕانەی توندوتیژن، لە هەموو شارەکان ئامانجی سەرەکیان بەکار خستنی هەوڵ و تەقەلای دەستەی سێیەمە، لەهەرسێ دەوڵەت بۆ دروست کردنی تەقینەوەیەکی مەزن کە هێزە ئەورووپییەکان ناچار بکات، بۆ بەرژەوەندی ئاشتی خۆرهەڵاتی نزیک، گرینگی بە مەسەلەی کورد بدەن. خاڵی یەکگرتنی دەستەیەک لەگەڵ یەکێکی تر لەم چوار دەستەیەی لەسەرەوە ناومان بردوون، ئەمڕۆ ئاڵۆز و نادیارە.

٤- بزووتنەوەی کورد لە عێراق:

ا- هەرە گرینگترین و پێشکەوتووترین دەستە لەم دەستانەی سەرەوە، لە هەر سێ دەوڵەت، ئێستا دەستەی سێیەمە کە هەوڵی وەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی کورد دەدا لە چوارچێوەی سنوورە نێونەتەوەییەکان. لە خوارەوە هەموو ئەو زانیاریانەی لە بارەی ئەم دەستەیەوە دەستمان کەوتوون بەدرێژی خراونەتە ڕوو. ئەمە نموونەیەکی باشی دەستەکانی تورکیا و ئێرانیشە.

ب - سەرەڕای باری ناوخۆی هەر پارچەیەک، هەموو چینەکانی کوردی عێراق لەناوەوە، دڵنیان لەوەی کە حوکمڕانی دام و دەزگای عەرەبی و وەزارەتی عەرەبی پشتگیری کراو لە لایەن سوپای عەرەبییەوە، قەت نایەتەدی. ناتوانن واز لەو بیرە بهێنن کە بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان [League of nations] کورد لە ژێر

جوداوازیان ناوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی سەربەستی کورد. هەروەها تراژیدیای ڕاپەڕینێکی پەرت و بلاو و ناڕێکیان دژی حکومەتە دەسەلاتدارەکان دروست کردووە. ئەمانە وای بۆدەچن کە نەبوونی پەیوەندی و هاتوو چۆ (اتصالات) کە لە رابردوودا دەوریکی لاوەکی بینیوە لە نەبرانەوەی رەگەزی کورد، ئەمڕۆ گەورەترین ڕێگرە لە بەردەم هەر کۆششێک بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ. هۆی سەرەکی تەسک بینی زۆربەی سەرۆک خێڵەکان و نەزانی و بێ ئاگایی کورد لە جوگرافیای وولاتی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پەیوەندی و هاتووچۆ. هەرئەمەشە هۆی نەبوونی هاوبەشی ئابووری و سیاسی لە نێوان پارچەیەک و پارچەیەکی تری کوردستان. پیشەکان دەرەکین و (external) هیچ شارێکیش وەکو پایتەخت نەناسراوە. ئەم دەستەیە هیچ مەترسییەکیان بۆ سەر بەڕێوە بردنی ئێستای کاروبار نیە، خۆیان تەرخان کردوە بۆ بلاوکردنەوەی رۆشنبیری کە نهێنی گەشەکردنێکی سروشتی و پێ بە پێیی ئۆتۆنۆمی تیا رەچاو دەکرێ.

٣- مەترسی:

هەستی ناڕەحەتی و ناڕەزایی لە کوردستاندا بەشێوەیەکی پتەو لە زیادبووندایە. کوردی تورکیا، بەم دواییە، ڕاپەڕینێکی توند و تیژ و ڕێکخراویان بەرپاکرد کە بە هۆی نەبوونی پشتگیری کردنێکی خێراوە سەرنەکەوت، هەرچەندە بەهۆی بەکارهێنانی هێزێکی بێرەحمانە، بەشێوەیەکی کاتی دامرکاوەتەوە، بەلام گیانی یاخی بوون بەردەوام زیندووە، بۆی هەیە سەر هەلبداتەوە. کوردی ئێرانیش ڕاپەڕینێکی لاوازیان بەرپاکردوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە سەرەڕای هەولی حکومەتی ئێران بۆ کونترۆل کردنی کاروبار بەهۆی پۆلیسی ئاساییش کە لەلایەن سوپاوە پشتگیری دەکرێ، تێکۆشانی فراوانتر بۆ بەدەست هێنانی سەربەستی لەئارادایە. کوردی عێراق، کە تا ئێستا بە نیمچە رەزاییەکەوە ڕێز لە چەمکی کۆنترۆلی عەرەب کە لەلایەن بەریتانیاوە پشتگیری دەکرێت دەنێن، خەریکن هەست بەوە دەکەن کە یارییەکە زۆر درێژەی کێشاوە. دەرکیان بەوە کردوە کە ئەوان لە چاو خزمەکانیان لە ژێر حوکمی تورک و فارس دا ئاسوودەترن، بەلام ئەم ماوەیە دەمارگیر بوون لە ترسی ئەوەی بەریتانیا یارییەکە بوەستێنێ و چاوەڕێی ئەوەیان لێ بکات پەیڕەوی فەرمانە ڕاستەوخۆکانی دامودەزگای عەرەبی بکەن و پاداشی پڕاوپڕی باجیش بدەنە خەزێنەی بەربەڕەلای عەرەب.

ئەمڕۆ دەزگای ڕاپەڕینێکی ڕێکخراو، ساوا و دواکەوتووە و ناتوانێ کار بکات. بەلام لەگەل ئەمەش شوێنی سەرنجە ئەم دەزگایە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ کوردستانێکی سەربەخۆ بنەخشێنێ و ڕێک بخات و بە هێزی بکات، بەلام هیچ گومانی تێدا نییە کە کەسانی کارامە و لێهاتوو، هەروەها پارە، زۆر بە ئاسانی دەتوانن باکوری عێراق و خۆرئاوای ئێران و با شوری تورکیا بەرەو بارێکی ئەنارشی ببەن و ئەنجامی سەختیشی هەبێت بۆسەر باری هێمنی خۆرهەلاتی نزیک. مەرجی ئەم کارە بۆی هەیە بە شێوەیەکی هەرەمەکی لە ئەنجامی هەول و

٢- دامەزراوی قووچەکی شێخە ئایینیەکان، سەیدەکان، مەلاکان، دەروێشەکان. ئەمانە لە زۆربەی سەرۆک خێڵەکان ڕووناکبیرترن و خاوەن ڕوانگەیەکی فراوانترن، بەڵام هەمووی بۆ زیاد کردنی هێزی ناوخۆیی خۆیان دەخەنە کار.

٣- سەرۆک خێڵەکان.

٤- ژمارەیەکی زۆری خێڵەکییەکان کە بە پێچەوانەی زۆربەی عەرەبەکان، کوێرانە و بێ پرسیار پەیڕەوی سەرۆکەکانیان دەکەن.
دەستەیەکی کەمی بازرگانەکان، کە گرینگیەکەیان تەنها ئەوەیە نوێنەرایەتی سیستەمی ئابووری دەکەن و بەهەموو شێوەیەک پێشبڕکێی خێڵەکان دەکەن بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا بکەونە سەر شارەکان.

ج ـ لە لای زۆربەی سەرۆک خێڵەکان چەمکی سەربەخۆیی کورد بریتییە لە سەربەستی کۆکردنەوەی قەرز و باج بۆ خۆدەوڵەمەند کردن. بۆ ئەوەی هەریەکێکیان بە ئارەزووی خۆی لە مەیداندا بخولێتەوە و گوزەرانی لە هی دراوسێکەی باشتر بێت. خێڵەکییەکانیش لەم ڕوانگەوە پەیڕەوی سەرۆکەکانیان دەکەن و مەسەلەی باج وەرگرتن بە مافی ڕەوای سەرۆکەکان دەزانن. بەڵام زۆر بەزەحمەت ئەو پارە زیادەیەی کە لە لایەن حکومەتێکی بێگانەوە سەپێندراوەتە سەریان دەدەن. تەنها ترس وایان لێ دەکات بیدەن، چونکە نە ئەوان و نەسەرۆک خێڵەکانیش سوود لەم پارەیە نابینن کە دەدرێتە خەزێنەی دەوڵەت.

زۆربەی پیاوە ئایینییەکان هەمان ڕوانگەی سەرۆک خێڵەکانیان هەیە، بەڵام ئەوان، هەندێ لە خێڵ و ناوچە و هەروەها خۆشیان وەکوو نموونەی سەرەکی هێز لە بەرچاو دەگرن. سەرکردە ئایینییەکان توانایەکی لە ڕادە بەدەریان هەیە لە هەڵپێچان و ترساندن و کۆنترۆڵ کردنی سەرۆک خێڵەکان، تەنانەت لەناو ماڵی خۆشیان.

بەلای ئەفەندییە نیمچە ڕۆشنبیرەکانەوە پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی یۆتۆپیایی، کە هەموو چینەکان لێی دڵنیان، بەدەستهێنانی وەزیفەیەکی باش و مانگانەیەکی زۆرە. بەم نیمچە ڕۆشنبیرییەوە ناتوانن بێ نرخی هەڵچوونی هەندێ لە خێڵ و شێخەکان بهێننەدی، لە کاتێکدا کە بەشی هەرەزۆری کوردستان لە خەودایە. ئێرەیی و چاوچنۆکی و بە تینی هەستی شانازی کردن بە ڕەگەز لە هەڵوێستی عەقڵی خێڵەکییەکاندا، فرسەتێکی باشی بۆ ڕەخساندوون تا لە ناو حەز و ئارەزووی خۆیاندا بخنکێن. ئەمانە نمونەی ئەو پیاوانەن کە پیسترین دوژمنی مەسەلەی کوردن، لەهەموو ڕوویەکەوە. بە هەمان شێوەش بۆیان هەیە گیروگرفت بۆ ئەو حکومەتانەی پەیوەندیان بە مەسەلەی کوردەوە هەیە، دروست بکەن.

دەستەیەکی کەم ڕووناکبیر و دونیادیدەی کورد هەن، ئاگری تێکۆشانێکی

# بزووتنەوەی کورد

## ١- بە گشتی:

أ- هەر لە سەرەتای مێژووەوە، کوردستان هێرش و دەسەڵاتی بێگانەی لە سەر بووە، بەڵام قەت داگیرنەکراوە. ئەگەر چی لە هەندێ سەردەمی جیاجیادا، هەندێ پارچەی بچووک، لەشێوەی چەند میرنشینێکی سەربەخۆدا سەریان هەڵداوە و هەندێ پارچەش، بەم دواییە، لە سەر نەخشە رەشبوونەتەوە.بەڵام کورد هیچ کات وەکو میللەتێک نەناسراوە و قەتیش تێکنەشکاوە. ئەمڕۆ، هەروەکو هەزارەها ساڵ پێش ئێستا، کورد ژمارەیەکی زۆری یەکنەگرتوو پێکدەهێنن کە دابەش کراون و ناچارکراون مل بۆ دامەزراوی حکومەتە بێگانەکان کەچ بکەن، لەگەڵ ئەمەش هەردەم خاوەنی کەسایەتی و زمانی تایبەتی خۆیان بوون وگرد و دۆڵەکانی خۆیان خۆشویستووە و هەردەم شانازییەکی زۆر بە رەگەزی خۆیانەوە دەکەن .

ب - کورد لە بنچینەوە زۆر زانا نییە، نەزانە و خۆشی بە ڕووانگەی تەسکی خۆیەوە بەستۆتەوە، لە ناو بەربەرەڵڵاییەکی عەقڵی وادا دەژی کە تەنها چاوچنۆکی نەک ئایدیالیزم دەتوانێ بە تەواوی بە ئاگای بێنێتەوە. کاتێک، دوای جەنگ، شەپۆلی ناسیۆنالیزم بە هەموولایەکی جیهاندا سەری دەکرد و زۆر وڵاتی نوێ دروست بوون، کوردەکان لە خەودا بوون. تاوەکو دەوڵەتی تورکیای نوێ و دەوڵەتی ئێرانی نوێ بە تەواوی و لە هەموو ڕوویەکەوە شوێن پێی خۆیان نەگرت، کوردەکان بە شێوەیەکی چالاکانە نەکەوتنە خۆیان و نەیانویت بۆچی ئێمەش وەک عەرەبستانی نوێ مافی خۆمان نەدراوەتێ. لەو کاتەوە کورد هەلی ئاشتی لە دەست داوە.

## ٢- دەوڵەتی نوێی کوردستان

أ- ئەمڕۆ کوردستان لە هەمان باری ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژی. بەسەرجەمی باڕۆن و سوارچاک و قەشە و ڕەنجدەر و هەروەها تەسک بینی، کە نوێنەرایەتی سیاسەتی ئەوکاتی دەکرد. هەموو تاکەکەسێکی کورد لەدڵەوە باوەڕێکی پتەوی بە چەمکی سەربەخۆیی کوردی هەیە و ئامادەیە خۆی بۆ بەخت بکات، بەڵام پێناسەی تەواوی بۆ ئەم زاراوەیە بەندە بە باری کۆمەڵایەتییەوە لە ژێر سیستەمی دەرەبەگایەتیدا.

کورد بە گشتی زۆر دڵنیان لەوەی کە داهاتوویەکی شاراوەی دوور، یۆتۆپیایەک دادێنێ تیایدا کورد دەسەڵاتی بێگانەی لەسەر نامێنێ و خۆی حوکمی خۆی دەکات.

ب - گرینگترین چوار چینی کۆمەڵایەتی لە کوردستان ئەمانەن:

١- ئەفەندییەکان: هەندێ ڕووناکبیریان تێدا هەیە بەڵام زۆربەیان خاوەن زانیاری کەمن و بۆ مەبەستی بچوکی خۆیان دەژین.

# نهـــێـــنی

ناوەندی سەرەکی هێزی ئاسمانی
بەریتانی لە عیراق

سەرچاوەی ژمارە: ٤٠٧/١

بەغـــدا،

٣٠ مارسی ١٩٢٧

بۆ سکرتێری وەزارەتی هێزی ئاسمانی
Adastral House, Kingsway,
London W.c.2

---

گەورەم :

١- بۆ ئاگاداری، لێرەدا راپۆرتێکی تایبەتی دەربارەی بزووتنەوەی کورد لە عێراق خراوەتە روو.
٢- وا دەردەکەوێ کە کوردەکان ئامرازێکی چاک و بەهێزبن لە دەست ئەوانەی دەیانەوێت گیروگرفت بۆ دەوڵەتی عێراق بنێنەوە، بە تایبەتی بۆلشەفیەکان، ئەگەر هەلیان بۆ رێکەوێ.
٣- پەیوەندی ئەم راپۆرتە بە رێکخراو و دامەزراوی سوپای عێراقی، کە ئێستا لە ژێر نەخشەکێشاندایە، گرینگی خۆی هەیە. بەتایبەتی پەرەگرافی ٦ (آ).

شانازی بەوە دەکەم گەورەم،
بیمە خزمەتکاری گوێڕایەڵت،
(ئیمزا) ت.س.ر. هیگنز

Air Commodor, Chief Staff Officer
British Force in Iraq

# بزووتنەوەی کورد

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە
نەزمند بەگی خانی

«بزووتنەوەی کورد» بەڵگەنامەیەکی ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانییە کە لە Public Records Office لە لەندەن پارێزراوە، لە ٣٠ مارسی ١٩٢٧ لەلایەن ناوەندی سەرەکی هێزی ئاسمانی بەریتانی لە عیراق نووسراوە و بۆ سکرتێری وەزارەتی هێزی ئاسمانی لە بەریتانیا ناردراوە. ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامەیە بریتییە لە ئامادەکردنی راپۆرتێک دەربارەی باری سیاسی لە کوردستان و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عیراق.



www.arsivakurdi.org

Ahmedi Khani

ئەحمەدی خانی

# Mem et Zîn

# مەم و زین

Edition établie et annotée
*par Hejar*

ئامادەکردن و پەراوێزنوسینی:

هەژار

Institut Kurde de Paris
106, rue La Fayette, 75010-Paris

1989

www.arsivakurdi.org

بابان) و هتد....

١٩- هەمان ئەم بۆچوونە، لەگەڵ گۆڤاری ژین یش دا ١٩١٨-١٩١٩ پێکەڵپێک دەبێتەوە.

٢٠- Jin (1918-1919), M.E.Bozarslan. Cild1, Stockholm: 1985.

٢١- بڕوانە گۆڤاری کوردستان ١٩١٨-١٩١٩، ژمارە (٢)، ل ٢١-٢٠، ل ٢٢-٢٤، هەروەها ژمارە (٤)، ل ٤٢، ل ٤٣-٤٤.

٢٢- بۆ شارەزایی زیاتر لەبارەی ژیانی (محمد میهری)، بڕوانە سەرچاوەکانی ژمارە(٦، ٢٣، ٢٤)

٢٣- نەجمەدین مەلا: یادی زانایەکی کۆچکردوومان (محمد میهری)، لە ر. ژین. سلێمانی: ٩ی مایسی (١٩٥٧)، ژمارە (١٣٤٣) ل، ١.

٢٤- جوتیار حاجی تۆفیق: محمد میهریی هێژا و ئەمر، لە گ. بەیان، بەغدا: ١٩٨٩، ژمارە (١٥٨)، ل ٢٨-٢٩.

٢٥- هەمان ئەم پارچە شیعرەی منداڵان، کە لە ژمارە (٦)، ل ٧٠-٧١ ی گۆڤاری کوردستان دا، بە ئیمزای (زینۆ) بڵاو کراوەتەوە؛ جارێکی دیکە- دووای نزیکەی ١٣ ساڵ، بە هەمان ناونیشانی (دەلالیا زارۆکان) لە گۆڤاری هاوار ژمارە ٥، ل ٢ دا، بە ئیمزای (ئەمین عالی بەدرخان) بڵاو کراوەتەوە.ئێمە وا تێ دەگەین ئەو "زینۆ" ناوەی گ. کوردستان، ئەمین عالی بەدرخان خۆی بێ. لە گۆڤاری هاواردا، سێ کۆپلەی دیکەی بۆ زیاد کردووە، کۆپلەکانی پێشووشی، لەرووی زمان و رێنووسەوە دەسکاری کردوون. جێی سەرنجە، کە گۆرانیبێژ (شڤان) ئەم پارچە شیعرەی منداڵانی کردۆتە گۆرانی.



www.arsivakurdi.org

کوردستان، ژماره ٤٣-٤٤، بەغدا، کانوونی دووەمی ١٩٧٧، ل ٤١.

١٣- مستەفا "نەریمان": بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی (١٧٨٧-١٩٧٥). چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، (١)، بەغدا: ١٩٧٧. ل ١٧. "بەپێی بۆچوونی مامۆستا نەریمان، ئەم کتێبە بەناونیشانی "نهج الانام" بڵاو بۆتەوە.

١٤- ئەم کتێبە، لە ساڵی ١٩٨٨دا دۆزرایەوە و لە دەزگای « وەشانخانا کوردستان» لە ستۆکهۆڵم سەر لەنوێ لە چاپ دراوەتەوە.

١٥- بۆ شارەزایی زیاتر لەبارەی ئەم کتێبەوە بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

١٦- عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری، نووسەرێکی زۆر چالاک و فرە بەرهەمی گۆڤاری ژین (١٩١٨-١٩١٩) بووە، عەبدولڕەحیم هەکاری وێڕای (مستەفا شەوقی) تا ئێستا "رەخنەگری کورد" ئاوڕی لە بەرهەمەکانیان نەداوەتەوە، بەڵام بزووتنەوەی نوێخوازی و تازەبوونەوەی شیعری کوردی، پێش "عەبدولڕەحمان بەگی نفووس " و " شێخ نووری" و "پیرەمێرد" و "گۆران"، بەڕاستی: لەم دوو شاعیرەوە، لەم دوو سەربازە و ئەوە دەست پێ دەکا. نووسەری ناوبراو، خاوەنی یەکەمین شانۆنامەی نووسراویشە، کە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دا بە زمانی کوردی نووسرابێ، بڕوانە (گۆڤاری ژین، کۆکراوە و لە چاپدانەوەی "محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان"، ژمارە (١٥) و (١٦) جلدی چوارەم، وەشانا دەنگ، ستۆکهۆڵم: ١٩٨٧، ل ١٤- ١٧).

١٧- رووناکبیری کورد (عەبدوڵلا جەودەت)، رۆڵێکی بەزەبر و دیاری هەبووە بەسەر خۆشکردنی کڵپەی ئەم بیرە نەتەوەخوازییەی کورد لەو سەردەمەدا، بەتایبەتی لە ساڵانی دووای (١٩٠٨) بەولاوە. کۆمەڵەی هیوا "هێڤی". بە چاپخانەکەی ئەو (چاپخانەی اجتهاد) گۆڤارەکەی خۆیان چاپ و بڵاو دەکردەوە.

١٨- ئەم دیاردەی زۆرتر بە تورکی نووسینە، تەنانەت بابایەکی وەکوو پیرەمێردی شاعیریشی گرتبووە. پیرەمێرد بەشێکی زۆری وتارە رووناکبیریەکانی خۆی بە زمانی تورکی لە گۆڤاری (ژین) و (اقدام) یا بە زمانی فارسی لە گۆڤاری "فرهنگ" و "شفق سرخ" دا بڵاو کردۆتەوە. هەمان شت لەبارەی رووناکبیرە پێشڕەوە کوردەکانی دیکەش، وەکو: (عەبدوڵلا جەودەت) و (عەبدولڕەحمان بەدرخان) و (ئیسماعیل حەققی بابان) و هتد....

١٩- هەمان ئەم بۆچوونە، لەگەڵ گۆڤاری ژین یش دا ١٩١٨-١٩١٩ پێکەڵپێک دەبێتەوە.

Jin (1918-1919), M.E.Bozarslan. Cild1, Stockholm: 1985. -٢٠

٢١- بڕوانە گۆڤاری کوردستان ١٩١٨-١٩١٩، ژمارە (٢)، ل ٢١-٢، ل ٢٢-٢٤، هەروەها ژمارە (٤)، ل ٤٢، ل ٤٣-٤٤.

٢٢- بۆ شارەزایی زیاتر لەبارەی ژیانی (محمد میهری)، بڕوانە سەرچاوەکانی ژمارە(٦، ٢٣، ٢٤)

٢٣- نەجمەدین مەلا: یادی زانایەکی کۆچکردوومان (محمد میهری)، لە ر. ژین. سلێمانی: ٩ی مایسی (١٩٥٧)، ژمارە (١٣٤٣) ل، ١.

٢٤- جوتیار حاجی توفیق: محمد میهریی هێژا و ئەمر، لە گ. بەیان، بەغدا: ١٩٨٩، ژمارە (١٥٨)، ل ٢٨-٢٩.

٢٥- هەمان ئەم پارچە شیعرەی منداڵان، کە لە ژمارە (٦)، ل ٧٠-٧١ ی گۆڤاری کوردستان دا، بە ئیمزای (زینۆ) بڵاو کراوەتەوە؛ جارێکی دیکە- دووای نزیکەی ١٣ ساڵ، بە هەمان ناونیشانی (دەلالیا زارۆکان) لە گۆڤاری هاوار ژمارە ٥، ل ٢ دا، بە ئیمزای (ئەمین عالی بەدرخان) بڵاو کراوەتەوە.ئێمە وا تێ دەگەین ئەو "زینۆ" ناوەی گ. کوردستان، ئەمین عالی بەدرخان خۆی بێ. لە گۆڤاری هاواردا، سێ کۆپلەی دیکەی بۆ زیاد کردووە، کۆپلەکانی پێشووشی، لەرووی زمان و رێنووسەوە دەسکاری کردوون. جێی سەرنجە، کە گۆرانیبێژ (شڤان) ئەم پارچە شیعرەی منداڵانی کردۆتە گۆرانی.



www.arsivakurdi.org

نووسراوی (زینۆ)، پارچە شیعریکی مندالأنە، لەسەر شێوەی تازە وتراوە. (٢٥)

١٣- شئونات، شریف پاشانک بیاناتی، ل ٧١-٧٢، وتاریکە لەبارەی چالاکییەکانی شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی - لە پاریس. هەڵوێستی ئەم و (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) لە هەمبەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بە زمانی تورکی، لە گۆڤاری (اقدام) ی تورکیەوە وەرگێڕاوە.

١٤- (عقر، تعیین، تشکر، ارمنستانە دائر محقابر مطالعە)، بە زمانی تورکی، ل ٧٢، کۆمەڵێک دەنگوباس و هەواڵی جۆراوجۆرە.

## پەراوێز:

١- د. کەماڵ مەزهەر لە کتێبی "تێگەیشتنی راستی..." ل ٢٣٣ دا دەڵێ: (سەید حوسێن ناوێک بەرپرسیاری بوو... بە پێنج زمان: کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی و فەرەنسی وتاری بلاو دەکردەوە... گەلیک ژمارەی بە وێنەی ناودارانی کورد رازێنراوەتەوە...هتد) کەچی بەپێی ئەو ژمارانەی لەلایەن ئێمەن و بەپێی ئەو دوو ژمارەیەی ٨ و ٩ کە د، مارف خەزنەدار لە گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژمارە (٤٤.٤٣) دا بلاوی کردوونەتەوە: هیچ سەید حوسێن ناوێک لە گۆڤارەکەدا بوونی نیە، وتاریشیان بە زمانی فەرەنسی تێدانیە، هەروەها هیچ یەکێکیش لەو ژمارانە وێنەی ناودارانی کوردی تێدانیە.

٢- د.کەماڵ مەزهەر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣

٣- گۆڤاری ژین (١٩١٨-١٩١٩). هەروەها هەندێ بلاوکراوەی کوردیی دیکەش لەو سەردەمەدا لە هەمان ئەم چاپخانەیەدا چاپ و بلاو کراونەتەوە.

سەرچاوە فەرەنسییەکان ئەوەیان بە تەواوەتی ساغ کردۆتەوە کە چاپخانەی "اجتهاد" ، کە گۆڤاری رۆژی کوردی پێ چاپ کراوە ، هی رووناکبیری کورد (عەبدوڵلا جەودەت) بووە. هەوڵدان بۆ ساغکردنەوەی خاوەنی ئەم چاپخانەیەی نجم استقبالەش شتێکی گرنگ و پێویستە.

٤- د. کەماڵ مەزهەر: ە. س. ل ٢٣٣

٥- د. مارف خەزنەدار: هەندێ دەستنووسی کوردیی مینۆرسکی و...، گ (رۆژی کوردستان)، ژمارە ٤٣-٤٤، بغداد: کانون الثانی ١٩٧٧، ل ٣٨-٤٥

Malmisanij û M.Leweni: Rojnamegeriya kurdi, wesanen jina nu, Stockholm. 1989.-٦

٧- یانیش ئەگەر حەز بکا، دەتوانێ راستەوخۆ داوا لە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانەی لانگۆ بکات - لە پاریس. ژمارە و کۆدی گۆڤارەکە ئەوەیە: Mel. Tur. 9.19

٨- لەم بارەیەوە، بەشی هەرە زۆری وتارەکان بە زمانی تورکی "عوسمانلی" نووسراون، ئنجا "عەرەبی" و پاشان "کوردی".

٩- دیاردەی ورگێران لە زمانی بێگانەوە بۆسەر زمانی کوردی، لە گۆڤاری "رۆژی کورد" و لەو سەردەمەدا بەگشتی، ئەگەرچی لە شێوەی دیاردەیەک و "شەپۆلێک" وەدیار ناکەوێ، بەلأم لەگەڵ ئەوەش ئەم دوو تێکستە وەرگێردراوە، بایەخ و مەغزای تایبەتی خۆیان هەیە.

١٠- هەمان نووسەری ناوبراو، لە گۆڤاری ژین دا (١٩١٨-١٩١٩) بەشێوەیەکی زۆر فراوان، هەمان ئەم بەهرەو توانایەی خۆی - لە بواری وەرگێران لە کوردیەوە بۆ تورکی- تاقی کردۆتەوە.

١١- رۆژنامەی " تێگەیشتنی راستی" لە ژمارە (٥٨) لە رۆژی ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨، بۆ یەکەمین جار چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیی بلاو کردۆتەوە. بڕوانە (د. کەماڵ مەزهەر: تێگەیشتنی راستی و ...]

١٢- بڕوانە: (د. مارف خەزنەدار: چەند دەستنووسێکی کۆنی مینۆرسکی و...]، گۆڤاری رۆژی



www.arsivakurd.org

ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کوردستانی تورکیایە، بە زمانی تورکی.
٨- حوادث خارجە، بە زمانی تورکی، ل ٥٤، کۆمەڵێک دەنگوباسی ڕۆشنبیری و هەواڵی سیاسییە لە بارەی جموجۆڵی کوردان، لە دەرەوەی کوردستاندا.
٩- خولیا پرووانە تشبثات، بە زمانی تورکی، ل ٥٥-٥٦، نووسینی (محمد عثمان بدرخان) لەبارەی هاوخەباتبوونی کورد و ئەرمەنیەکان، وێڕای چەند قسەیەک لەبارەی هەندێ لە ڕۆژنامە ئەرمەنیەکان و بیروبۆچوونیان لەبارەی کورد.
١٠- حسب حال دگەل وطن، بە زمانی کوردی، دیالێکتی سۆرانی، پارچە شیعرێکی ستوونییە، نووسراوی (مستەفا شەوقی) وێڕای دێڕبەدێڕ وەرگێڕانی تێکستەکە بۆسەر زمانی تورکی، لەلایەن شاعیر خۆیەوە.

## ژمارە (٦): ٢٢ی نیسانی ١٩١٩/١٣٣٥

١- تتمە (بیداری)، ل ٥٨، پاشماوەی پارچە شیعرێکی ژمارەی چواری گۆڤارەکەیە، بە زمانی فارسی، نووسراوی (ع.ق).
٢- پروتستو، ل ٥٨، بە زمانی تورکی، گۆڤاری (کوردستان).
٣- کوردلردە افکار عمومیە، بە زمانی تورکی، ل ٥٨-٦٠، وتارێکە لەبارەی ژیانی دینی و ڕۆشنبیریی گەلی کورد لەو سەردەمەدا، نووسراوی (ابن الرشید).
٤- دساتیر عصرە قارشی کردستان، بە زمانی تورکی، ل ٦٠-٦٢، نووسراوی لاوی دەلال (عبدالواحد).
٥- کورد مهاجرلری نە اولەحق؟ بە زمانی تورکی، ل ٦٢-٦٣، نووسراوی (محمد عثمان بدرخان).
٦- کردستان و کردلر، بە زمانی تورکی، ل ٦٣-٦٥، نووسراوی (سیداحمد عارف برزنجی زادە)، پاشماوەی وتارێکی ژمارە چواری گۆڤارەکەیە.
٧- ارمنسانک پایتخت و قوە عسکریەسی، ارمنی پطریقنک بیاناتی مناسبتیلە، بە زمانی تورکی، ل ٦٥-٦٦، نووسراوی (جانو ارضروملی) لەبارەی ژیانی سیاسیی ئەرمەنیەکان و پەیوەندیان بە گەلی کوردەوە. هاوخەمی و هاوخەباتیی ئەو دوو میللەتە.
٨- کرستانک وضعیت خارجیە و داخلیەسی، آمریقان هیئتک و آناطولی یە عزیمتی مناسبتیلە، ل ٦٦-٦٧، نووسراوی (س.ح.) بە زمانی تورکی.
٩- غیرت بکین، مأیوس نەبین، بە زمانی کوردی، دیالێکتی کرمانجی، ل ٦٨، نووسراوێکە لە پێشەکی دا بە پەخشان و لەدواییش دا بۆتە شیعرێکی ستوونیی درێژ، نووسراوی (عبدالرحمن النورس).
١٠- لبو هڤالی ماتمدار (ماتم)، بە زمانی کوردی، دیالێکتی سۆرانی، ل ٦٨ پارچە شیعرێکی ستوونییە، نووسراوی (مستەفا شەوقی)، وێڕای دێڕبەدێڕ وەرگێڕانی شیعرەکە بوسەر زمانی تورکی لەلایەن شاعیر خۆیەوە.
١١- ادبیات کوردیەدن بعض نمونەلر، پارچە شیعرێکی (نالی) وێڕای وەرگێڕانی دێڕبەدێڕی شیعرەکە بۆسەر زمانی تورکی، لەلایەن (محمد میهری) یەوە، ل ٦٩-٧٠.
١٢- دلالیا زارۆکان، بە زمانی کوردی، دیالێکتی کرمانجی، ل ٧٠-٧١،

٧- وەظیفا مە چیە؟ نووسینی (محمد شەفیقە ئەوراسی زادە) بە زمانی کوردی/ دیالێکتی کرمانجی، ل ٣٨-٤٠، لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی ئەرکە نەتەوەییەکانی رووناکبیرانی کورد لەو قۆناغەدا- لە گۆشەنیگایەکی (پان ئیسلامی) یەوە.

٨- ایقاظ النائم و تهییج القائم، بە زمانی عەرەبی، نووسینی (محمد میهری)، ل ٤٠-٤١، وتارێکە باسی رۆڵ و بایەخی کۆمەڵەی "کوردستان تەعالی" دەکا، داوا لە رۆڵەکانی کورد و رووناکبیرانی کورد دەکا کە هاوکار و هاوخەباتی ئەو کۆمەڵەیە بن.

٩- تحیە المحبە و الوداد علی اطلال و جبال اکراد، شیعر بە زمانی عەرەبی، نووسینی (میهری)، ل ٤١-٤٢. پارچە شیعرێکی ستوونی کوردپەروەرانەیە، تەواو نەبووە.

١٠- اساس، کورجە صرف و نحو، مولفی: م.م. ل ٤٢، پاشماوەی وتارێکی ژمارە دووی گۆڤارەکەیە. بڕوانە ژمارە (٢)، ماددەی (٧).

١١- کردستان سیاحتنک، بە زمانی تورکی، نووسینی (حمدی وەهبی خرپوطلی)، ل ٤٢-٤٣. پاشماوەی وتارێکی ژمارەی رابردووە.

١٢- عرفان، کوردجە لغت، بە زمانی تورکی، مولفی: م.م.ل ٤٣-٤٤. پاشماوەی وتارێکی ژمارە دووی گۆڤارکەیە. بڕوانە ژمارە (٢)، ماددەی (٨).

١٣- لەگەڵ سوپاسنامە و پڕوپاگەندەیەک، بە زمانی تورکی، ل ٤٤.

## ژمارە (٥): ٣ی نیسانی ١٣٣٥/١٩١٩

١- داخلیە ناظری جمال بک افندی حضرتلرینە، آچیق مکتوف، نووسینی (محمد)، بە زمانی تورکی، ل ٤٥/٤٧، چەند داواکاری و پێشنیهادێکە لە بارەی مافە رۆشنبیری و نەتەوەییەکانی گەلی کورد.

٢- تلغراف، بە زمانی تورکی، لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی گۆڤاری کوردستانەوە، ل ٤٧-٤٨.

٣- مخرج: کردستان تعالی جمعیتی ریاستنە، ل٤٨-٥٠ (ناوەرۆکی دوو تەلەگرافە لەنێوان کۆمەڵێک رۆشنبیرانی کورد و کۆمەڵەی (کوردستان تەعالی)، هەروەها وەڵام و روونکردنەوەیەکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی گۆڤارەکە.

٤- کرستان جمعیتە، بە زمانی تورکی، ل ٥٠، نووسراوی (فواد)، بە ناوی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی (کورد تەعالی) یەوە لە دیاربەکر نووسراوە.

٥- دیاربکر کورد تەعالی جمعیت محترمەسی نظر دقتنە، ل ٥٠، نووسراوی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی گۆڤاری (کوردستان)، بە زمانی تورکی. وەڵام و پێشنیهاد بۆ کۆمەڵەی (کورد تەعالی جمعیتی) لە دیاربەکر.

٦- تاریخدن بیر صحیفە، بە زمانی تورکی، ل ٥٠-٥٢، نووسینی (صبری سلیمان)، لەبارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەشایریی کوردستانی تورکیا دەدوێ.

٧- حوادث داخلیە (تعیین، تشکر، باب عالینک مخطرەسی، تبلیغ رسمی، عبدالخالقک توفیقی)، ل ٥٢-٥٤، کۆمەڵێک هەواڵ و دەنگوباسی سیاسی و

ئەدەبی و ناودارانی کورد دەکا، گرێی دەداتەوە بە خاسیەت و بەهرە و توانا "هاوچەرخەکانی" میللەتی کورد لەو قۆناغەدا.
٢- کردستان مجموعەسی مناسبتیلە، بە زمانی تورکی، نووسینی (کمال فوزی خێزانی زادە)، ل ٢٨-٢٩، وتارێکی سیاسیی کوردپەروەرانەیە، وەڵامێکی ئایدیۆلۆژیی رەخنەگرانەیە بۆ وتارێک کە لە گۆڤاری (ژین) دا بڵاو بۆتەوە.
٣- کردستانە بر سیاحت، بە زمانی تورکی، نووسینی (احمد وهبی خرپوطلی)، پاشماوەی وتارێکی ژمارەی رابردووە، ل ٢٩.
٤- ایلری (آتی) غزتەسنە، بە زمانی تورکی، نووسینی (عزت میلیح)، ل ٣٠-٣٢، وتارێکی رەخنەگرانەیە لەبارەی ناوەرۆکی گۆڤاری مانگانەی (آتی) کە لە (١٦ شباط ١٣٣٥) لە ئەستەمبوڵ بڵاو کراوەتەوە و تێیدا "لە چەند وتارێکی خۆیاندا" بە خراپە باسی گەلی کورد و بزووتنەوەی سیاسیی گەلی کوردیان کردووە. نووسەر بەرپەرچی بیروبۆچوون و وتارە شۆڤێنییەکانی ئەو گۆڤارە تورکیە دەداتەوە. بە شیعرێکی (نالی) کۆتایی بە وتارەکەی هێناوە.

## ژمارە (٤): ١٥ مارتی ١٩١٩/١٣٣٥

١- تبریک، بە زمانی تورکی. لەلایەن گۆڤارەکەوە، ل ٣٤. پیرۆزباییینامەیەکە بۆ کۆمەڵەی "کوردستان تعالی جمعیتی" و ئەندامەکانیان. تەبایی و هاوکاری و هاوخەباتیی گۆڤاری (کوردستان) پیشان دەدا لەگەڵ کۆمەڵەی "کوردستان تەعالی جەمعیەتی".
٢- کردستان و کردلر (١)، بە زمانی تورکی، نووسینی (سید احمد عارف برزنجی زادە)، ل ٣٣-٣٤، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە لەبارەی رەچەڵەک و بنەچەی نەتەوەیی کورد و وڵاتی کوردان. وتارەکە تەواو نەبووە.
٣- کردلر و کردستان، بە زمانی تورکی، نووسینی (عبدالواحد). ل ٣٥-٣٦. وتارێکی مێژووییە لەبارەی گەلی کورد و وڵاتی کورد.
٤- بیدادی، شیعرێکی ستوونییە، بە زمانی فارسی، نووسینی (ع.ق)، ل ٣٦، شیعرەکە بانگێکی نەتەوەییە بۆ راپەرینی کوردان و داواکردنی مافە نەتەوەییەکانیان. لەوە دەچێ ئەم شیعرە هی (عەبدوڵڵا جەودەت) بێ. شیعرەکە تەواو نەبووە.
٥- عرض شکران، بە زمانی فارسی، نووسینی (محمد میهری)، ل ٣٦-٣٧. نرخاندنێکی شیعری (بیدادی) یە، کە دەڵێ "از طرف ذی شرف یک سروری معظم و سیدی مبجل و مکرم ارسال شدەاند".ئەو کەسەش هەر دەبێ "عەبدوڵڵا جەودەت" بێ، کە لەو سەردەمە شیعری رۆمانسیانە و نەتەوەییانەی بە زمانی تورکی و فەرەنسی و فارسی دەنووسی و بڵاوی دەکردنەوە.
٦- ادبیات کردیەدن بعض نمونەلر، نووسینی (محمد میهری)، ل ٣٧-٣٨، دوو پارچە شیعری (مستەفابەگی کوردی) و (مەلا ئەحمەدی جزیری)، وێرای دێربەدێر تەرجەمەکردنی تێکستەکان بۆسەر زمانی تورکی.

## ژماره (٢): ٩ی شوباتی ١٩١٩/١٣٣٥

١- موجودیت حاضرەمز، بە زمانی تورکی، نووسینی (محمد میهری)، دوو لاپەڕە و نیو، لە شێوەی سەروتاردایە، باسی بارودۆخی «ئێستای» میللەتی کورد و کوردستان دەکا - بەتایبەتی لە ئێران و تورکیادا. وتارەکە تەواو نەبووە.

٢- تانکرید طفل... بە زمانی تورکی، نووسینی (عبدالواحد)، لاپەڕەیەک و نیو، وتارێکە باسی گیروگرفتەکانی تاکەکەسی مرۆڤی کورد دەکا، هەڵوێستی دەوڵەتە گەورەکانی دراوسێ و ئەورووپا لە ئاستی میللەتی کورد.

٣- انباء ابناء الوطن، بە زمانی عەرەبی، نووسینی (سید محمد بن الشیخ سید عبدالقادر)، ل ١٦-١٧، باسی ئەو ئەنجوومەنە دەکا کە لە فەرەنسا پێک هاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی میللەتی کورد و مافە مرۆڤایەتیەکانی گەلی کورد، هەوڵ و تەقەلای شەریف پاشا؛ داواکردن بۆ یەکگرتنی هێزە کوردیەکان.

٤- تحیە المحبە والوداد، بە زمانی عەرەبی، نووسینی (محمد)، ل ١٧-١٨ ، شیعرێکی ستوونییە، بیری کوردستانێتیی تێدا بەیان کراوە.

٥- وەظیفا مە چیە؟، بە زمانی کوردی، د. کرمانجی، نووسینی (ئەرواسی زادە محمد شفیق)، ل ١٨-١٩، وتارێکە باسی بارودۆخی گەلی کورد دەکا، ئەرکە رۆشنبیری و نەتەوەییەکانی مرۆڤی کورد لەو قۆناغەدا دیاری دەکا: چۆنیەتیی وەدەستهێنانی ئازادی و سەرفەرازی کوردستان.

٦- ادبیات کردیەدن بعض نمونەلر، نووسینی (م.م.) ل ١٩-٢١، بریتیە لە سێ پارچە شیعری (مستەفابەگی کوردی) و (جزیری) و (نالی) بە زمانی کوردی، وێرای دێربەدێر تەرجەمەی تێکستەکان بە زمانی تورکی (عوسمانی).

٧- اساس، (کورد) لساننە عائد قواعد صرفیە. مولفی (م.م.)، ل ٢١-٢٢، وتارێکە بە زمانی تورکی نووسراوە، لەبارەی رێزمان و زمانی کوردی. "وا تێ دەگەم پێشچاوخستنی کتێبێکە کە لەو کاتەدا لەبارەی رێزمان و زمانی کوردییەوە، لە نووسینی (م.م.) بلاو کراوەتەوە". وتارەکە تەواو نەبووە.

٨- عرفان، نووسینی (م.م.)، ل ٢٢-٢٣، وتارێکە بە زمانی تورکی، لەبارەی (فەرهەنگێکی کوردی- تورکی- عەرەبی- فارسی- فەرەنسی) بە ناوی (عرفان) لە نووسینی (م.م.) لەو ساڵەدا بلاو کراوەتەوە. هەروەها باسی دیالیکتیکە جۆراوجۆرە کوردیەکان دەکاو بە یەکتریان دەگرێ. وتارەکە تەواو نەبووە.

٩- کردستانە بر سیاحت، نووسینی (احمد وهبی خرپوطلی)، وتارێکە بە زمانی تورکی، باسی جوانی و جوگرافیای کوردستان دەکا. تەواو نەبووە.

## ژمارە (٣): ٢٥ی شوباتی ١٩١٩/١٣٣٥

١- مزایا و استعداد فطریمز، بە زمانی تورکی، نووسینی (محمد میهری)، ل ٢٥-٢٨، پاشماوەی وتارە درێژەکەی ژمارەی پێشووە؛ باسی مێژووی رۆشنبیری و

## خاوەنی رۆژنامەکە:(محمد میهری)

ئەگەر چاوێک بە بزووتنەوە رۆژنامەنووسییەکەی سەرەتای ئەم سەدەیەدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە رۆڵی (محمد میهری) لە بزووتنەوە رۆشنبیرییەکەی ئەو سەردەمەدا، ئەگەر هاوشانی رۆڵی رووناکبیرانی وەکوو (عبدوڵلا جەودەت) و (عەبدولرەحمان بەدرخان) و ( عەبدولکەریم سلێمانییەیی) و... ئەوانی تر نەبێ، ئەوا کەمتر نیە.

محمد میهری، جگەلەوەی خاوەن و بەرپرسیاری گۆڤاری "کوردستان" بووە و بەردەوام بە ناوی خۆی و بە نازناوی (کاکە حەمە) و (م.م.) بە زمانەکانی تورکی، کوردی، فارسی، عەرەبی وتاری بڵاو کردۆتەوە، لە هەمان کاتدا نووسەرێکی زۆر چالاکیش بووە لە گۆڤاری ژین دا. جگەلەوەش لە هەموو ئەم کۆمەڵە و رێکخراوە رۆشنبیری، نیمچە سیاسیانەدا ئەندام بووە: کۆمەڵەی هێڤی (١٩١٣)، کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان، کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کوردی (٢٠). چالاکانە خەباتی کردووە. لەبواری پەرەپێ سەندن و بووژاندنەوەی زمانی ستانداری کوردیش دا، وەک لەسەرەوەشدا باسمان کرد: دوو کتێبی نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە، یەکەمیان (مقدمە العرفان)، دووەمیان (اساس) (٢١) .

محمد میهری (١٨٨٩- ١٩ی نیسانی ١٩٥٧)، لە گوندی "دشە"ی سەر بە ناوچەی جوانرۆ، لە کوردستانی ئێراندا لە دایک بووە. لە هەرەتی گەنجی دا روو دەکاتە شاری قارس، ئنجا (ئەرزەرۆم)، لەوێوەش لە ساڵی ١٩١٢ دەچێتە ئەستەمبوڵ، تێکەڵ بە رووناکبیر و شۆرشگێرە کوردەکانی ئەوێ دەبێ. ئاشنایەتیەکی تایبەتی و پتە و لەگەڵ (ئیسماعیل حەقی بابان) پەیدا دەکا کە لەو دەمەدا وەزیری (مەعاریف) بوو، هەر بە یارمەتی ئەویش، وەکوو پیرەمێردی شاعیر لە کۆلیژی "حقوق" دەخوێنێ و لە کۆتایی دا دیپلۆم وەردەگرێ و دەبێتە (پارێزەر) (٢٢).

مامۆستا (نەجمەدین مەلا) لەبارەی ئەو رووناکبیرەوە دەڵێ:"هەمیشە بیروهۆشی لەلای نیشتمان و نەتەوەکەی بوو، ئاواتی سەربەرزی و ئازادی کوردستان بوو" (٢٣).

بەپێی هەندێ سەرچاوە، هەمان ئەم محەمەد میهرییە، تا ساڵانی پەنجاکانیش لە نووسین و چالاکی نەکەوتووە: چەندین وتاری بایەخداری لەبارەی زمانی یەکگرتووی کوردییەوە لە گۆڤاری (هەتاو) ی هەولێردا بڵاو کردۆتەوە (٢٤).

خۆی رۆیشت، بە یەکجاری دنیای بەجێ هێشت، بەڵام کۆمەڵێک بەرهەم و یادگاری جوانی لە دووای خۆیەوە بۆمان بەجێ هێشت، لەوانە: گۆڤاری «کوردستان» ١٩١٩-١٩٢٠، کە بووە سمبوولێک، نیشانەیەک... لە رەوتی تازەبوونەوەی فەرهەنگیی نەتەوەکەماندا.

دەی – وەک پێویستە با بە چاوێکی پر لە رێزەوە، لاپەرەکانی "کوردستان"، کوردستانی بریندار و راچەنیوی ئەو سەردەمە، هەڵبدەینەوە...

www.arsivakurd.org

٣- وەک لەرێگای خوێندنەوەی گۆڤارەکە خۆیەوە بۆمان دەردەکەوێ: لەسەدا شەست و پێنجی نووسراوەکانی گۆڤارەکە بە زمانی (تورکی) نووسراون. ئەوانی تریش بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئنجا فارسی.

ئەم دیاردەی زۆرتر بە تورکی نووسینە، ئەوەمان نیشان دەدا کە رۆشنبیرە کوردەکانی ئەو سەردەمە، یا راستتر ئەوانەی کە لە گۆڤاری "کوردستان" دا نووسیویانە، سەرەرای توانا و بەهرە و بیری کوردانەیان، سەرەرای تێکۆشان و ئیلتیزامی دڵسۆزانەیان بۆ نەتەوەکەیان، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین هێشتا هەر پابەندی رۆشنبیری و زمان و کولتووری میللەتەکانی دراوسێن، بەتایبەتی "تورک": زەمینەکەیان هێشتا هەر زەمینەیەکی «عوسمانلی» یا زەمینەیەکی کلاسیکییە؛ نەیانتوانیوە خۆیان بە تەواوی و بەشێوەیەکی دابڕ لە داب و نەریتە کلاسیک و عوسمانیەکان جیا بکەنەوە، بۆ نموونە، بەلای کەمەوە، بتوانن کەوا سوود لەو زمانە کوردیە ئەدەبییەی پێش خۆیان (١٨٩٨-١٩١٨) وەربگرن و پەرەی پێ بدەن؛ ناوەرۆکی راپەرین و بزووتنەوە ڕووناکبیری و نەتەوەییەکە لە ئاستێکی زمانەوانیی پێشکەوتووتر و فراوانتر (لەوەی کە هەیە) عەکس بکەنەوە. ئەمەش دیاردەیەکە، نەک تەنیا گۆڤاری "کوردستان" بەڵکو گۆڤاری "ژین" و گەلێ گۆڤاری دیکەی ئەو سەردەمە دەگرێتەوە. دەبینین خاوەنی گۆڤارەکە، محمد میهری (خۆی)، کە یەکێکە لە چالاکترین ڕووناکبیرە دڵسۆز و شارەزاترین زمانەوانەکان، کەچی *لەسەدا* نۆەتی وتارەکانی خۆی بە زمانی تورکی نووسیون (١٨).

کەواتە ئەگەر تازەکردنەوەی زمانی نووسین، بە مەرجێکی بنچینەیی دابنرێ لە هەر راپەرینێکی فەرهەنگی دا، ئەوا دەبێ بڵێین کە گۆڤاری "کوردستان" -کە تەنیا لە سەدا پازدەی بابەتەکانی بە زمانی کوردی نووسراون - بینینێکی یەکلایەنەی هەبووە بۆ ئەو شۆرشە فەرهەنگییەی کە ویستوویەتی بەرپای بکات (١٩).

بەپێی ئەو پێنج ژمارەیەی کە لەلای ئێمەدان (ژمارە ٢، ٣، ٤، ٥، ٦) خشتەی بەکارهێنانی زمانەکان بەم شێوەیەن: (٣٧) بابەت بە زمانی تورکی، (٩) بابەت بە زمانی کوردی، (٤) بابەت بە زمانی عەرەبی، (٣) بابەت بە زمانی فارسی.

لەبارەی نووسەرە هەرە چالاک و فرە بەرهەمەکانی کە نووسراوی خۆیان لە گۆڤاری "کوردستان" دا بلاو کردۆتەوە - بە پێی ژمارەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٨، ٩)- ئەمانەن:

١- محمد میهری، کە بە شێوەیەکی زۆر بەبڕشت و چالاکانە وتار و بەرهەمی تێدا بلاو کردۆتەوە: زیاتر لە (٢٠) وتار و بابەت.

٢- أ. ع. بەرزنجی زادە (عبدالواحد برزنجی زادە) یان بە نازناوی (لاوێ دەلال): زیاتر لە (٤) ماددەی بلاو کردۆتەوە.

٣- ئەحمەد وەهبی خەرپوتلی: زیاتر لە (٣) ماددە.

هەروەها (محمد شەفیق ئەرواسی زادە)، (ئەحمەد عارف)، (سالح بدرخان)، (کەمال فەوزی خێزانی زادە)... لە شاعیرانیش: (مستەفا شەوقی)، کە لە هەموو "شاعیرەکان" زیاتر، بەرهەمی خۆی بە زمانی کوردی بلاو کردۆتەوە.

"ده‌روه‌ر" رووناکبیره نه‌بووایه، ئه‌وا بزووتنه‌وه رۆژنامه‌گه‌رییه‌که‌ش و چووزه‌ره‌ی تازه‌بوونه‌وه ئه‌ده‌بییه‌که‌شمان له‌دایک نه‌ده‌بوون، یا به‌لای که‌مه‌وه گه‌لێک دره‌نگتر له‌وه‌ی که بوو ده‌که‌وتنه‌وه.

یه‌کێک له نیشانه و به‌ڵگه‌کان بۆ به‌رهه‌وانیشاندانی ئه‌م قسه‌یه‌ی سه‌ره‌وه‌مان، ئه‌وه‌یه که له گۆڤاری «کوردستان» دا (هه‌روه‌ها له هه‌موو گۆڤاره‌کانی دیکه‌ی ئه‌و سه‌رده‌مه‌دا) ده‌بینین، نه‌ک هه‌ر ته‌نیا وتار و لێکۆڵینه‌وه‌کان ناوه‌رۆکێکی ناسیۆنالیست و کوردانه‌یان هه‌یه، به‌ڵکو ته‌نانه‌ت هه‌موو مادده و نووسراوه ئه‌ده‌بییه‌کانیش، بۆ نموونه بڕوانه شیعره‌کانی (مستەفا شەوقی: ژماره ٥ لاپه‌ڕی ٥٦؛ ژماره ٦ لاپه‌ڕی ٦٩؛ ژماره ٩ لاپه‌ڕی ١١٥) هه‌روه‌ها شیعره‌کانی دیکه‌ی ژماره (٦) و (٩)، ته‌نانه‌ت هه‌موو ئه‌و شیعرانه‌ش که به زمانه‌کانی تورکی و فارسی و عه‌ره‌بی نووسراون (ژماره ٢، ٤، ٦...هتد).

سه‌رتاسه‌ری شیعر و به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بی و زمانه‌وانیه بڵاوکراوه‌کانی ناو گۆڤاری کوردستان (١٩١٩-.١٩٢٠) له سه‌رچاوه‌ی بیرێکی ناسیۆنالیستانه‌ی ڕاچڵه‌کیوی سازگاره‌وه ئاویان خواردۆته‌وه. شیعر، هه‌روه‌ها به‌شێوه‌یه‌کی گشتی "ئه‌ده‌بیات" له‌م گۆڤاره‌دا و له‌و سه‌رده‌مه‌دا، به پله‌ی یه‌که‌م و له پێشه‌وه‌ی هه‌موو شتێکی دیکه‌وه، پابه‌ند بووه به بیری نه‌ته‌وه‌خوازی و سه‌لماندنی ناسنامه‌ی نه‌ته‌وه‌ییمان. شیعرو ئه‌ده‌بیات، به ئیلهامی، هه‌روه‌ها له‌پێناوی ئه‌و بیره نه‌ته‌وه‌ییه‌دا نووسراون (١٧).

گۆڤاری «کوردستان» وه‌کوو هه‌ر گۆڤار و ڕۆژنامه‌یه‌کی دیکه‌ی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی ڕاپه‌ڕینی کورد، گرنگیی یه‌که‌می، به پله‌ی یه‌که‌م له‌وه‌دایه که بزووتنه‌وه نه‌ته‌وه‌خوازییه‌که‌ی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی کوردستانی، له ئاستی سه‌رهه‌زاره‌کییه‌وه، له ئاستی کاره‌سات و ڕاپه‌رینه ڕۆژانه‌کانه‌وه گه‌یاندۆته ئاستی نووسین، ئاستی بیرکردنه‌وه، ئاستی هۆشیاری و ئایدیۆلۆژیا: ئاستێک که ئیتر "مێژوونووسه‌کان" ئه‌م بزووتنه‌وه ڕۆژنامه‌نووسییه، ئه‌م نووسینانه، بکه‌نه "به‌ڵگه‌یه‌ک" سه‌نه‌دێک، نیشانه‌یه‌ک.

٢- خاسیه‌تێکی دیکه‌ی ئه‌م بزووتنه‌وه نه‌ته‌وه‌خوازییه‌ی که به‌شێوه‌ی نووسین و وتاری جۆراوجۆر له گۆڤاری «کوردستان» دا بڵاو بۆته‌وه: جیاوازیی دیدی سیاسی و فره‌یی بیر و بۆچوونه‌کانه.

دژایه‌تی و ناکۆکیی بیرورِاکان، ده‌مه‌قاڵێ و گفتگۆکردن، ره‌خنه‌گرتن ، وه‌ڵامدانه‌وه، له‌سه‌ر لاپه‌ره‌کانی گۆڤاری "کوردستان" دا تا بڵێیی گه‌رم و توندوتیژ بووه: بۆ نموونه له ژماره (٣)، لاپه‌ری ٣٠-٣٢، لاپه‌ری ٢٨-١٩، گفتگۆ و ده‌مه‌قاڵێیه‌کی زۆر توندوتیژ له‌نێوان دوو ئایدیۆلۆژیای جیاوازدا له‌باره‌ی مه‌سه‌له‌ی (سه‌ربه‌خۆیی کوردستان) بڵاو کراوه‌ته‌وه: بیری چاره‌سه‌رخوازی (ریفۆرمیسم) له‌هه‌مبه‌ر بیری گۆرانخوازی شۆڕشگێرانه.

له‌لایه‌کی دیکه‌شه‌وه ده‌بینین، له هه‌مان کاتدا، بیری (پان ئیسلامی) و ڕێبازه دینییه‌کانیش، رووبه‌رێکی فراوانیان له‌سه‌ر لاپه‌ره‌کانی گۆڤاره‌که‌دا داگیر کردووه.

ئه‌م دیارده‌یه، له‌لایه‌ک دیمۆکراسی بوونی ده‌سته‌ی نووسه‌رانی گۆڤاره‌که و ڕێبازه‌کانیان نیشان ده‌دا، له‌لایه‌کی دیکه‌شه‌وه جیاوازیی ئه‌و زه‌مینه "چینایه‌تی" یا "ئایدیۆلۆژی" یه‌ی که توێژی رووناکبیرانی کورد له‌و سه‌رده‌مه‌دا، هه‌ناسه‌یان تێدا هه‌ڵمشتوه.

شارەزاییەکی زیاتر و فراوانتر لەبارەی بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەم و هەروەها لەبارەی ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی ئەوکات پەیدا بکەین.
جگە لە پڕۆپاگاندە و لەسەرنووسینی ئەو کتێبانەی کە لە بیبلۆگرافیاکەدا پیشانمان داون، گۆڤاری «کوردستان» لەسەر بەرگی دواوەی گۆڤارەکەدا، زۆر بەکورتی پڕۆپاگاندەی بۆ هەندێ بڵاوکراوەی تریش کردووە، لەوانە:
١- عەقیدا مەلا خەلیلی سێرتی: منظوم علم حال و علم اخلاق.
ئەم کتێبە بەپێی بەرواری دەرچوونی گۆڤاری «کوردستان» پێویستە لەپێش ساڵی (١٩١٩) دا، یا هەر لە ساڵی (١٩١٩) دا دەرچووبێ. مامۆستا (نەریمان) دەڵێ کە ئەم کتێبە (نهج الأنام) (١٣) چەند باسێکی ئایینیە بە شیعر دارێژراوە، بە زاراوەی کرمانجی ژووروو لە ٢٣ لاپەڕەدا، لە ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەمبوڵ، لە چاپخانەی ئەوقافی ئیسلامیەدا چاپکراوە (١٤).
٢- عقیدا ملا احمدی خانی: منظوم علم حال و علم اخلاق.
بەپێی ئاگاداریی مامۆستا نەریمان، ئەم کتێبە، بە ناونیشانی "عقیدە الایمان" نووسراوی (ئەحمەدی خانی)، بە شیعر رێکخراوە، لە (٦) لاپەڕەدا، لە ئەستەمبوڵ، لە چاپخانەی «ئەوقافی ئیسلامیە» دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە (١٥).
٣- عەقیدا کوردان. عبدالرحیم افندی: منظوم علم حال و علم اخلاق.
مامۆستا نەریمان لە کتێبی بیبلۆگرافیاکەی دا، باسی ئەم کتێبەی نەکردووە، بەڵام ئەگەر سەیرێکی بەرگی دواوەی ژمارە (٨) ی گۆڤاری (ژین) بکەین، بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم کتێبە نووسراوی شاعیر و نووسەری نوێخواز (عەبدولرەحیم ڕەحمی هەکاری) یە (١٦). لە بەرگی دواوەی ژمارە (٨)ی گۆڤاری (ژین) دا، بە زمانی تورکی، باسی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بە درێژی کراوە.
٤- مقدمە العرفان، م.م. "محمد میهری"، بە تورکی نووسراوە "پەیامێکە، مەبەستی: یەکگرتنی زمانی ئەدەبیی کوردییە".
هێندەی ئاگام لێ بێ: جارێ هیچ کەسێک ئەم کتێبەی نەدۆزیوەتەوە. بەڵام هەندێ سەرچاوە هەن کە بە درێژی باسی ئەم کتێبەیان کردووە، لەوانە: گۆڤاری ژین (١٩١٨-١٩١٩) ژمارە (٨) بەرگی دواوەی، هەروەها گۆڤاری کوردستان (١٩١٩-٩١٩٢٠) ژمارە (٢) و (٤).

## چەند سەرنجێکی دیکەی گشتی لەبارەی ڕۆڵی گۆڤاری «کوردستان»:

١- وەک لەسەرەوەش دا پەنجەمان کرد: گۆڤاری کوردستان (١٩١٩-١٩٢٠) لەپاڵ بڵاوکراوەکانی دیکەی ئەو سەردەمە، یەکێکە لەو گۆڤارە کوردییانەی کە بە شێوەیەکی زۆر قووڵ و فراوان، بیری نەتەوەپەروەری (ناسیۆنالیست) ی کوردییان تێدا خراوەتە ڕوو. ڕاستییەکەشی، ئەم بیرە نەتەوەپەروەری (ناسیۆنالیستی) یە، لەو قۆناغی پێگەیشتن و فراژووبوونەی خۆی دا، بزوێنەری هەرە بنچینەیی و هەرە لەپێشەوەی بزووتنەوە ئەدەبی و ڕۆژنامەگەرییەکە بووە. ئەگەر سەرهەڵدان و نەشونوماکردنی ئەو بیرە ناسیۆنالیستییە نەبووایە، ئەگەر خەملاندنی ئەو توێژە

خۆیان ناچن. جگە لەوەش بە زمانێکی کوردیی خۆش و پاراو نووسراوە.

ئەم پارچە شیعرەی منداڵان، زیرەکیی نووسەر و هوشیاریی سەردەمەکەمان بۆ دەردەخا کە هەر لەوساوە بایەخی بە منداڵ، بە گۆشکردنی هوشیارانەی نەوەی تازە داوە. «بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٢٥»

٢- وەرگێران لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە:

هێندەی ئاگامان لێ بێ: یەکەمین بەرهەمی نووسراوی بێگانە کە تەرجەمەی سەر زمانی کوردی کرابێت و لە رۆژنامان دا بڵاو بووبێتەوە: دوو هەواڵدانی (خ. مزدانی)یە، کە لە گۆڤاری رۆژی کورد (١٩١٣) بڵاو کراونەتەوە؛ یەکەمیان شیعرێکی تورکیی شاعیری تورک (محمد عاكف)، دووەمیشیان وتارێکی (محمد عبده) یە، لە ژمارە (٢) و (٣) ی گۆڤارەکەدا بڵاو کراونەتەوە و بە یەکەمین دوو تێکستی تەرجەمەکراو لە زمانێکی بێگانەوە بۆسەر زمانی کوردی لە قەڵەم دەدرێن (٩). بەڵام وەرگێڕان لە زمانی کوردیەوە بۆسەر زمانێکی بێگانە - لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا، لە گۆڤاری «کوردستان» دا (١٩١٩-١٩٢٠) بە شێوەیەکی زۆر خەست و دیار و فراوان وەدیار دەکەوێ. ئەم شەپۆلەش لەسەرەتادا لە رێگای گۆڤاری ژین - ەوە دەستی پێ کرد.

محەمەد میهری، بەڕێوەبەر و خاوەنی گۆڤاری «کوردستان» خۆی، دەکرێ بە یەکەمین وەرگێڕی کورد لە قەڵەم بدرێ، کە لە گۆڤاری "کوردستان" دا هەوڵی داوە بۆ یەکەمین جار نموونەکانی شیعری کلاسیکی کوردی تەرجەمە بکاتە سەر زمانی تورکی و بڵاویان بکاتەوە (١٠). دووای ئەمیش، شاعیری نوێخواز (مستەفا شەوقی) هەندێ لە شیعرەکانی خۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی و لە ژمارە (٥) و (٦) ی گۆڤارەکەدا بڵاوی کردوونەتەوە.

بەم شێوەیە دەبینین کە تەرجەمە کردنی ئەدەبیاتی کوردی (بەتایبەتی شیعری کلاسیکیی کوردی) بۆ سەر زمانی تورکی، رووبەرێکی فراوانی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری «کوردستان» دا داگیر کردووە. ئەمەش بەمەبەستی ئەوە کراوە کە ناسنامەی ئەدەبی و رۆشنبیریی و نەتەوەییمان، لای خوێنەران و رووناکبیرانی تورک و غەیرە تورک، ئاشکرا ببێت و بسەلمێ.

لەرووی کاری رۆژنامەگەری و تەکنیکی رۆژنامەگەریشەوە، پێشچاوخستنی ئەم دوو خاڵە بە گرنگ دەزانین:

٣- گۆڤاری کوردستان، وێڕای رۆژنامەی «تێگەیشتنی راستی»، یەکەمین گۆڤاری کوردییە کە تەکنیکی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی بڵاو کردۆتەوە (١١). لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری کوردستان دا، لە رۆژی ٢٨ی مانگی شەعبانی ١٣٣٧ (١٩١٩)، چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسی، لەگەڵ سیاسەتمەدار (مستەر ئارتوور پوتورد) ساز کراوە و لە لاپەڕەی یەکەم دا بڵاو کراوەتەوە(١٢).

٤- گۆڤاری «کوردستان» وێڕای ژین (١٩١٨-١٩١٩)، یەکێکە لە یەکەمین ئەو گۆڤارانەی کە پڕوپاگاندە و هەڵسەنگاندن و پێشکەشکردنی کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکانی ئەو سەردەمەی، لەسەر لاپەڕەکانی خۆی دا و هەروەها لەسەر بەرگی دوواوەی گۆڤارەکەدا بڵاو کردبێتەوە. ئەم دیاردەیە، هەڵبەتە یارمەتیمان دەدا کە

www.arsivakurd.org

جۆرە دۆکیوومەنت و گۆڤارانەی ئەوکات (لەوانەش: گۆڤاری کوردستان) ساغ دەکرێنەوە. چونکە ئەم هەواڵ و باس و خواسانە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە قووڵایی سەردەم و ڕووداوەکان خزیانەوە، جگە لەمەش بە قەڵەمی نووسەر و «مننەوەر» و سیاسییەکان خزیانەوە نووسراون.

بایەخی زمانەوانی و ڕێنووس و زمانی ستانداری کوردی، کە لە نووسینە کوردییەکانی گۆڤارەکەدا بەرچاو دەکەوێ، دەشێ بۆ توێژەری کورد، بە پلەی سێیەم دابنرێ. لێکۆڵینەوە لە ڕێنووس، زمانی ستاندار، زاراوە جۆراوجۆرەکانی لە نووسراوە کوردییەکاندا بەکارهاتوون؛ هەروەها بەراوردکردنیان لەگەڵ ڕێنووس و زمانی ستانداری کوردیی بڵاوکراوەکانی پێش ساڵانی (١٩١٩): سرووشتی ژیانی زمانەکەمان و (قۆناغی پەرسەندنەکەی) پیشان دەدا لەو سەردەمەدا؛ هەروەها پەیوەندیی ئاستە جۆراوجۆرەکانی زمانەکەمان بە زمانی ستانداری گەلە دراوسێکانمانەوە.

جگەلەمانەش، لەم گۆڤارەدا– وەک لە بیبلۆگرافیاکەدا دەردەکەوێ– زیاتر لە (٦) وتار بە زمانی تورکی لەبارەی گیروگرفتەکانی زمانی نووسینی کوردی و لەبارەی دیالێکتە جۆراوجۆرە کوردییەکانەوە بڵاو کراونەتەوە، کە بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و "بەراوردکاریی" زۆر دانسقە دەژمێردرێن.

بایەخی ئەدەبی گۆڤاری کوردستان (١٩١٩–١٩٢٠)، بۆ نموونە لەچاو بایەخی گۆڤاری ژین (١٩١٨–١٩١٩) دەشێ کەمتر بێ: نەک تەنیا لەبەرئەوەی گۆڤاری «کوردستان» لەڕووی چەندێتییەوە بابەتی ئەدەبیی کەمتر تێدایە، بەڵکو لەبەرئەوەش کە ئەم گۆڤارە، بەشێوەیەکی بنچینەیی، زیاتر پابەندی بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی کلاسیک، بەتایبەتیش "شیعری کلاسیک" بووە. لەکاتێکدا کە گۆڤاری (ژین) بایەخێکی فراوان و تایبەتی و ئارەزووەمەندانەی قووڵی بە (داهێنانی تازە)، بە ئەدەبیاتی تازە داوە؛ ویستوویەتی بەهرە و توانا تازەکان بتەقێنێتەوە، شێوازی تازە و ڕەگەزی ئەدەبیی تازە بێنێتە ئاراوە؛ ئەدەبیاتێکی تازە بگەشێنێتەوە.

ڕاستییەکەشی، گۆڤاری کوردستان (١٩١٩–١٩٢٠)، وەک خۆشیان لە ژمارە (٦) بەولاوە لەسەر بەرگی گۆڤارەکە پیشانیان داوە، زیاتر گۆڤارێکی سیاسی، ئیجتیماعی..." بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش، لێرەدا پێویستە پەنجەنومای هەندێ ڕاستی و دیاردەی ئەدەبیی گرنگ بکەین، کە لە گۆڤارەکەدا خۆیان دەنوێنن:

١– لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری «کوردستان» دا، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دا، پارچە شیعرێک بۆ منالان نووسراوە و لە ژمارە (٦) ی لاپەڕە (٧٠–٧١) دا بڵاو کراوەتەوە.

هێندەی ئاگامان لێ بێ، لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی پێش ئەم گۆڤارەدا، بەرهەمی نوسراو بۆ منالان بڵاو نەکراوەتەوە، بۆیە دەکرێ ئەم پارچە شیعرەی مندالان، کە بە قەڵەمی «زینۆ» ناوێکەوە نووسراوە، بە یەکەم بەرهەمی نووسراو بۆ مندالان لە قەڵەم بدرێ لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا.

ئەم پارچە شیعرە کە بە ناونیشانی (دەلالیا زارۆکان) بڵاو کراوەتەوە، بە شێوە و تەکنیکی تازە نووسراوە: لەسەر شێوەی (چوارپارەیی) لە چوار کۆپلەدا. قافیەکانی هەر کۆپلەیەک سەربەخۆن، لە قافیەکانی کۆپلەی پێش خۆیان و پاش

بدرینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، لەبارەی ئەم ژمارانەی کە لەلای ئێمەدا هەن (ژمارە ۲، ۳، ٤، ٥، ٦) هەر رۆشنبیرێک، دەزگایەک، تۆژەرێک بیەوێ کاریان لەسەر بکا یا بیەوێ لە چاپیان بداتەوە، تکا دەکەین یا بە ئادرێسی گۆڤاری (هیوا) پەیوەندیمان پێوە بکات، بۆئەوەی بە خۆشحاڵیەوە فۆتۆکۆپیی هەموو ئەو ژمارانەی بۆ بنێرین (۷).

## بایەخی گۆڤاری «کوردستان»

دەشی بایەخی هەرە لەپێشەوەی گۆڤاری کوردستان (۱۹۱۹-۱۹۲۰) بایەخە مێژووییەکەی بێ. وەک دەرکەوتووە ئەم گۆڤارە، یەکسەر دووای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم بڵاوکراوەتەوە. ئەو سەردەمەش (۱۹۱۹-۱۹۲۳)، کە بە سەردەمی دابەشکردنی تازەی کوردستان، بە سەردەمی پلانە گڵاوەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەناسرێتەوە. کوردستان - لەو سەردەمەدا - بە ژیانێکی هەژمەند و پڕ لە کارەساتی جۆراوجۆری ئەوتۆدا رەت دەبوو، کە هەر هەفتەیەکی ژیانی: راپەڕینێک بوو، هەر مانگێکی ژیانی: لاپەڕەیەکی درەوشاوەی مێژوویی تازە بوو، گۆڕانکارییەک بوو، هەنگاوێکی شێرانە و سەرازایانەی تازە بوو. هەموو ئەم رووداوانەش - لە تورکیا، عێراق، ئێران، سووریە، میسر.. بە شێوەیەکی ورد و فراوان، ئاوێنەئاسا لەم گۆڤارەدا باس کراون و تۆمار کراون؛ هەر لە دەنگوباسی کۆمەڵە رۆشنبیری و سیاسییە کوردستانیەکانەوە بگرە- لە (ئەستەمبوڵ) و (دیاربەکر) تا دەگاتە بارودۆخە کۆمەلایەتی و شۆرشخوازییەکەی خەڵکی کورد لە کوردستان دا هەروەها دەنگوباسی هەوڵ و تەقەلاکانی (شەریف پاشا) بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لە کۆنفرانسی ئاشتی- لە پاریس دا (۸).

بەم شێوەیە، گۆڤاری کوردستان (۱۹۱۹-۱۹۲۰)، بە یەکێک لە گەورەترین و گرنگترین ئەو دۆکیوومەنت و بەڵگەنامە مێژووییانە لە قەڵەم دەدرێ، کە مێژوونووسی کورد بیەوێ لە ژیانی کۆمەلایەتی و مێژوویی و سیاسیی ئەو قۆناغە گرنگەی گەلی کورد بکۆڵێتەوە.

یەکێک لە بایەخە گرنگەکانی دیکەی گۆڤاری «کوردستان» : بایەخە فیکری/ رۆشنبیریەکەیەتی. تۆژەر، لەرێگای خوێندنەوەی ناوەرۆک و وتارە جۆراوجۆرەکانی ئەم گۆڤارەوە، بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێ کە شێوازی بیرکردنەوەی سیاسەتمەدارانی کورد، ناوەرۆکی بیری نەتەوەخوازی "ناسیۆنالیستی"ی روناکبیرانی کورد، یان وەک مارکسیستەکان پێیان خۆشە بڵێن "وردە بۆرژوای کورد" لەو سەردەمەدا چۆن بووە؟ چی بووە؟ رادەی خەملین و پێشکەوتنی، هەروەها پەیوەندیی بە جەماوەر و گەلەوە، بە خەباتی رزگاریخوازیی کوردستانەوە، لە چ ئاستێکدا بووە؟! ئەو توێژە روناکبیر و نووسەر و سیاسەتمەدارە کوردەی ئەو سەردەم، کێ بوون؟! کۆمەڵە و رێکخراوە رۆشنبیری و نیمچە سیاسییەکانیان !؟ سەر بە کام چینی کۆمەڵ و چ رێبازێکی فیکری بوونە !؟ وەلامی دەیان پرسیاری دیکەی فیکری و سیاسی و کۆمەلایەتی و... هتد، تەنیا بە خوێندنەوەی وردبینانەی ئەم

دەزانین: پێشچاوخستنی چەند زانیاری و تێبینییەکی بنەڕەتین، کە لەم بارەیەشەوە پشتمان بە دوو سەرچاوەی باوەڕپێکراو بەستووە:
یەکەم: گۆڤارەکە خۆی "واتە ئەو ژمارانەی لەبەردەستی ئێمەدان"، دووەم: ئەو نووسەرانەی تاک و تووک ژمارەکانی ئەم گۆڤارەیان لەلا هەیە یا دیویانە.
١- گۆڤاری «کوردستان» سەرنووسەرەکەی : محەمەد شەفیق ئەرواسی زادە، خاوەنی ئیمتیاز: محەمەد میهری، هەفتەی جارێک بلاو دەکرێتەوە- بە زمانی تورکی و کوردی و عەرەبی و فارسی. نوسخەی بە پێنج قرووشە.(ئەم زانیارانەی سەرەوە، لەسەر بەرگی هەموو ژمارەکانی ٢/٣/٤/٥/٦ هەروەها ژمارەکانی ٨ و ٩ بەروونییەوە تۆمار کراون و دووپات دەبنەوە) (١).
ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە بەپێی بۆچوونی د. کەمال مەزهەر- کە گوایە ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارەی دیوە – لە ڕۆژی ٢٨ی ربیع الاخری ١٣٣٧، واتە لە ڕۆژی ١٩١٩/١/٣١ بلاو بۆتەوە (٢). لەبارەی شوێنی دەرچوونی گۆڤارەکەشەوە، ئەوا تەبای بەشی هەرە زۆری گۆڤار و بلاوکراوەکانی دیکەی ئەوکات، هەروەها بەپێی چەند زانیاری و ناوبردنی هەندێ ئادرێسی دیاریکراو، بەپێی پڕۆپاگەندە و بابەتەکانی دیکەی ناو گۆڤارەکە، ساغ دەبێتەوە کە ژمارە ناوبراوەکانی ئەم گۆڤارە لە شاری ئەستەمبوڵ لە تورکیا بلاو کراونەتەوە. لە لاپەڕەی کۆتاییی هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکەش دا نووسراوە، کە لە چاپخانەی «نجم استقبال» دا چاپ کراوە. بەداخەوە جارێ تاکو ئێستا، بۆمان ساغ نەکراوەتەوە داخوا ئەم چاپخانەیەی «نجم استقبال» ە هی چ کەسێک و چ کۆمەڵەیەک بووە!؟ (٣)
٢- لە ژمارە (٦) بەولاوەی سەربەرگی گۆڤارەکەدا، بە تورکی نووسراوە: "گۆڤارێکی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئەدەبی، زانستییە..." ئەمەش، وا تێ دەگەین – بەراستی: پێناسەیەکی پڕبەپێستی گوڤارەکەیە. لەبارەی ئەوەشەوە کە ئەم گۆڤارە بە هەمووی داخوا چەند ژمارەی لێ بلاو کراوەتەوە، بیروڕای جیاواز هەیە: مامۆستا عەلائەدین سجادی و کاک جەمال خەزنەدار لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم گۆڤارە «٣٧» ژمارەی لێ بلاو کراوەتەوە، بەلام بە بێ ئەوەی کە خۆیان تەنانەت لاپەڕەیەکیشیان بۆ بەڕاست نیشاندانی ئەم قسەیەیان لەبەردەست بووبێ. مامۆستا کەمال مەزهەریش، دەڵێ: (دووا ژمارەی کە من دیومە ژمارە ١٩ی ساڵی دووەمی لەسەر نووسراوە، کە ڕۆژی ٧ی رەجەبی ١٣٣٨ (١٩٢٠) ی لەسەر نووسراوە) (٤).
٣- جێی سەرنجە کە د. مارف خەزنەداریش لە ساڵی ١٩٧٧ دوو ژمارەی (٨) و (٩)ی ئەم گۆڤارەی دۆزیبۆوە و هەمان ساڵ لە گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان" دا بلاوی کردبوونەوە (٥). هەروەها مامۆستا "مەحموود لەوەندی" ش، لە کتێبە بەنرخەکەی خۆی دا دوو ژمارەی دیکەی (٩) و (١٣) ی خستۆتە سەر هەموو ئەم ژمارانەوە، کە لەوە دەچێ ئەم دوو ژمارەیەشی دیبن یا هەبێن(٦).
سەرەنجام: بەپێی ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە تا ئێستا بۆ دۆزینەوەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە دراون، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەمڕۆ نزیکەی نیوەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لەبەردەستن و دۆزراونەتەوە: هەر ژمارەیەک، دوو ژمارەیەک، یا کۆمەڵە ژمارەیەک لەلای کەسێک و لە ولاتێکن. هیوادارین لە داهاتوودا هەموو ئەم ژمارانە لە یەک بەرگ دا کۆ بکرێنەوە و سەرلەنوێ لە چاپ

# پێنج ژمارەی گۆڤاری «کوردستان»
# ١٩١٩ - ١٩٢٠

فەرهاد پیربال

گۆڤاری «کوردستان» ١٩١٩-١٩٢٠ یەکێکە لەو گۆڤارە هەرە دانسقە و بایەخدارانەی کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، لەگەڵ کاروانی "کوردە لاوەکان" دا لە تورکیا بڵاو کراوەتەوە. نوسخەکانی ئەم گۆڤارە، وەکو هەر بڵاوکراوەیەکی دیکەی ئەو سەردەمە، کاتی خۆی کەوتوونەتە بەر زەبروزەنگ و شاڵاوی پۆلیسە تورکەکانی «ئەتاتورک»، سەرتاپا لە خەڵکی قەدەغە کراون، یانیش بوونەتە خۆراکی ئاگر؛ ئەمڕۆ چنگ خوێنەرانی کورد ناکەون. خۆشبەختانە لە کتێبخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکانی پاریسدا Bibliotheque interuniversitaire des Langues Orientales کە بە کتێبخانەی «لانگزۆ» ناسراوە پێنج ژمارەی ئەو گۆڤارەمان دۆزیەوە. وا لێرەدا ناوەرۆکەکەی، وێرای کورتە پێشەکیەک، دەکەینە چەپکە گوڵێک و پێشکەش بە خوێنەران و توژەرانی کوردی دەکەین.

## چەند وشەیەکی پێویست:

بەپێی ئاگاداریمان و دووای چاوخشاندنێکی خێرا بە سەرچاوەکاندا، بۆمان دەرکەوت کە کۆمەڵێک کوردناسی فەرەنسی و هەروەها هەموو ئەو نووسەرە کوردانەی کە خۆیان بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیەوە خەریک کردووە، کەم یا زۆر، راست یا چەوت، «بەشی هەرە زۆریشیان بێ ئەوەی چاویان بە هیچ ژمارەیەکی گۆڤارەکەش کەوتبێ» باسی ئەم گۆڤارەیان کردووە. ئێمە لێرەدا بە کارێکی بێهوودەی دەزانین کە وەختی خوێنەران بە گێڕانەوەی بیروبۆچوونی راست یا هەڵەی، جۆراوجۆری ئەو نووسەرانەوە داگیر بکەین. چونکە راستکردنەوەی ئەو هەموو بیرورا چەوت و چەوێڵ و بێ بەڵگانەی کە لەبارەی ئەم گۆڤارەوە خراونەتە روو، لەوانەیە پازدە لاپەڕەی پێشەکیەکی درێژمان پێ رەش بکەنەوە. بۆیە لێرەدا ئەوەی بە لەپێشتر و گرنگتری

## بەشی کرمانجی ژووروو


- مرنا حەجیێ جندی.، ت. رەشید- ن. جەواری ........................ 7
-کوردێن نەژبیر کرنێ، نوورەدین زازا ........................ 19
- هەڤپەیڤینەک ب عوسمان سەبری رە، فرات جەوەری ........................ 23
- شاعیرێ بەرگریێ [شێرکۆ بێکەس]، هونەر سەلیم ........................ 33
- هەڤپەیڤینەک ب شاهینێ ب. سۆرەکلی رە، محەمەد ئۆزوون ........................ 38
- ترێن، کورێ حوسێن (کورتە چیرۆک)........................ 49
٧ - هنری ئارمسترۆنگ چوو جەنگێ، شاهینێ ب. سورەکلی ........................ 53
٨ - رەش گرێدان، رزا چۆلپان ........................ 65
٩ - بیرانینێن نووری دێرسیمی ........................ 68
١٠ - چەند گلی لسەر بالێ نازێ و پەرتووکا "هێسر و باران"، ئەزیێ ئیڤۆ ........................ 72
١١ - دکتور عەبدوڵڵا جەودەت [١٨٦٩-١٩٣٢]، محەمەد ئۆزوون ........................ 75


## بەشی دوملی


١ - زازاکی چەبەخچوور و پالی را سۆنیک، فیستۆنیک، مەسەلە و دەییری، هاروون........................ 81
٢ - رندان هەمینی میان د، حەیران خانما دونبولی ........................ 95
٣ - فەس مستەفا و زەینەب خانمی، وداد قەیماخ ........................ 96
٤ - د لاوکێ دێرسمی، فرات ........................ 102
٥ - قەدەرێ کەینەر دا پادشای، کۆیۆ بەرز........................ 105
٦. - بیبلیۆگرافیادوملی، مالیسانژ ........................ 111


www.arsivakurd.org

# ناوەڕۆک

## بەشی کرمانجی خواروو


- پینج ژمارەی گۆڤاری کوردستان [۱۹۱۹ - ۱۹۲۰)، .فەرهاد پیربالْ ........ ۷
- بەڵگەنامەی ئارشیڤی بەریتانی: بزووتنەوەی کورد، .وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە : نەزەند بەگی خانی..۲۳
- نەریتگەری یان ناسیۆنالیزم: وەڵامی کوردەکان بۆ رژێمی کەمالیست، حەمید بوزئارسلان
.وەرگێرانی لە فەرەنسیەوە : گۆڤاری هیوا ........ ۳۸
- ە.س. نوییەری لە کوردستان، سیگرید نوییەری کالله وەرگێرانی لە سوێدییەوە : ئەمجەد شاکەلی.. ۵۵
- پاشەکشەی بارزانییەکان لە ئێران [۲]، ئەبو حەسەنی تەفرەشیان وەرگێڕانی : حەسەنی سەیف... ٦۷
- ناوی مانگە کوردییەکان، ئەحمەدی شەریفی ........ ۷٤
- دامەزراندنی دەوڵەتی سوری و کێشەی کورد لە سوریا، ریناس، وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە:
خانی شەرەفکەندی ........ ۷۹
- تاڤگەی زندان، شعر، شێرکۆ بێکەس........ ۸۳
- زەنگی گومان، شعر، فەرهاد شاکەلی........ ۸۷
- چاپەمەنییە تازەکانی ئەنستیتو........ ۸۸


203

## خوێنـەرانـی هێژا،

پاش دەرەنگکەوتنێکی زۆر گۆڤارەکەتان *هیوا* جارێکی دی دەردەکەوێت . هیواداریـن کە لە ١٩٩١ەوە ساڵی دوو ژمارە لە کاتی خۆیدا بلاوبکرێتەوە و *هیوا* بە هاریکاری نووسەران و روناکبیرانی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان ، لە ژیانی فەرهەنگی و ئەدەبی کوردیدا ، رۆڵێکی سەرەکی بگێڕێ .

٤٥٦

www.arsivakurdi.org

207

کرمانج د دەولەتا دنێدا
ئایا ب چ وەجهی مانە مەحروم ؟
بیلجملە ژبۆ چ بوونە مەحکووم ؟

ئەحمەدی خانی
(سەدەی حەڤدەیەم)

www.arsivakurdi.org

# Enstîtuya Kurdî

Enstîtuya Kurdî malbendeke çandiya serbixwe ye. Di sebata 1983 bi destê ronakbîrine kurd ên ji her aliyên Kurdistanê, hatiye danîn. Amanca wê beşdarbûna şerê ji bo parastin û pêşvebirina çanda gelê kurd e.

Civandina gencîneyên çanda kurdî, çêkirina ferheng û rêzimanên kurdî, lêgerînên li ser edebiyat, pîşe û dîroka kurdî, çapkirina kovar û kitêbên kurdî, pêkanîna kaset, sêlik û fîlmên kurdî şaxên bingehiyên xebata wê ne. Karekî wê yi serekeyê din jî nasandina çanda kurdî bi gelên cihanê ye.

Enstîtu dixwaze bibe cîgehekî xebatê ji bo hemû zimannas, nivîskar, dîroknas, hinermend, pîşekar û ronakbîrên kurd û dostên gelê me. Ew ji bo jiyan û pêşveçûna xwe, hewcê alîkarî û tevkariya her Kurdê welatparêz e.

Hîmdarên Enstîtuya Kurdî : CEGERXWÎN, Ordîxanê CELÎL; Heciyê CINDÎ, Yilmaz GÜNEY, HEJAR, KENDAL, Qanatê KURDO, REMZÎ, Osman SEBRÎ, Îsmet Şerîf VANLÎ, Tewfîq WEHBÎ, Nûredîn ZAZA.

## ئەنستیتووی کورد

ئەنستیتووی کورد مەڵبەندێکی کولتووری سەربەخۆیە. لە مانگی فێڤرییەی ١٩٨٣ بە کۆششی چەندان رووناکبیری کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان دامەزرا. ئامانجی بەشداربوونە لە خەبات بۆ پاراستن و پەرەپێدانی کولتووری گەلی کورد.

کۆکردنەوەی گەنجینەی کولتووری کورد، نووسینی فەرهەنگ و رێزمانی کوردی، لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەدەب و هەنەر و مێژووی کورد، چاپکردنی گۆڤار و کتێبی کوردی، ئامادە کردنی کاسێت و قەوان و فلمی کوردی، ئەمانە بنچینەی چالاکییەکانی ئەنستیتوون.

ئەنسستیتوو دەیەوێ ببێ بە جێگای کارکردن بۆ هەموو زماننناس، نووسەر، مێژووناس، هەونەرمەند و رووناکبیری کورد و دۆستی کورد.

بو مانەوەی ئەنستیتوو و پەرەسەندنی، پێویستی بە هاوکاری و بەشداربوونی هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەر هەیە.

www.arsivakurdi.org

# هیوا

کۆڤارێکی رووناکبیریی گشتییە



ژمارە ٧ / پاییز ١٩٩٠

www.arsivakurdi.org